# ئاشتیی هەمووان و دەردی کوردان

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەروا لە قەیرانی بنەڕەتیی خۆیدا دەکوڵێت. ئەنجامی شەڕەکانی ئەم ناوچەیەی جیهان گۆڕانکاریی زۆر نەوعی و رادیکاڵن. عەرەب و ئیسرائیل وا وردە وردە بە بێ میانجی ئاشت دەبنەوە و بەرەیەکی ئابووری، سوپای فراوان پێکدێنن. لەلایەکی دی جەمسەربەندیی هێزەکانی ناوچەکە لە دژی ئێران بەرەو زیادییە. ئەمریکا زۆر بە جددی بەرەنگاری ئێران بووەتەوە. بە کردەوە سووریا لە نێوان دەوڵەتە عەسکەرییە پەیوەندیدارەکان دابەش بووە. تورکیا نەیتوانی بەرەیەکی سەر بە خۆی دروست بکات و پێگەیەکی لەرزۆکی هەیە. دروشمی چاکسازیی دینی لە سەر زەمینی پیرۆز (سعودیە) دەستپێکردووە و پەل بۆ هەموو دەوڵەتە ئیسلامییەکان داوێژێ. ئەوەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەبێ، هەر چوار پارچەی کوردستان لە جۆش و خرۆشدایە. رەوایە لە خۆمان بپرسین: ئەرێ چیمان بەسەر دێ؟

لە پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی توندڕۆیی ئیسلامیدا، کورد رۆڵێکی یەکلاییکارەوەی هەیە و لە مەیدانیشدا سەلماندوویەتی کە هاوپەیمانێکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی باوەڕپێکراوی رۆژئاوایە. جا ئەو هاوپەیمانییە لە دژی داعش بووبێ، یان بۆ بەرپێگرتنی نفووزی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووبێ، یان بۆ سنووردارکردنی تەماعی تورکیای نیوعوسمانی بە تامی ئیخوان. ئەمە راستییەکە لە سەر ئەرز و بە کردەوە روویداوە. لەمەودواش هەر گۆڕانکارییەکی سوپایی بێت، کوردستان پێگەی سەرەکی دەبێ، کە ئەمریکا پشتی پێ دەبەستێ. پێموایە ترامپ هەر لە خۆیەوە ناڵێ کورد قارەمانن و دەبێ شتێکیان بۆ بکەین و قەت پشتیان تێ ناکەین. ئەوە لە کاتێکدا دەڵێ کە هەموو تواناکانی دەوڵەتەکەی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران یەکخستووە و لە سووریا لە ناو کوردستانەوە بەر بە پڕۆژەکانی دەوڵەتانی نەیاری خۆی دەگرێ.

دوای ریفڕاندۆم ئەمریکا و ئەورووپا بۆ کوردستان گەڕانەوە و هاوکاری هەرێمی کوردستانیان کرد تا نەخشەی تێکدەرانەی عێراق و ئێران و تورکیا بە ئاودا بدات. ئەمە حەقیقەتە. قارەمانیەتی پێشمەرگە پەسندی وەرگرت و وردە وردە بەهێزتر کرا. ئێمە نابێ تاسانی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر واقیعبینیمان داپۆشێت. دروشمی کوردستانی بەهێز جاری یەکەم بە زمانی ئەمریکادا هات



سەرۆ قادر

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

و بووە بناغەی سیاسەتی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان. سەرۆکی حکومەت بەڕێز نێچیرڤان بارزانی زۆر داهێنەرانە ئەو سیاسەتەی سەرکردایەتی کردو ئێستا سەرکەوتنەکە لە هەمووان ئاشکرایە.

تەجرەبەی ١٦ی ئۆکتۆبەر سەلماندی کە لێکدابڕانی هێزە کوردستانییەکان چەندە کوشندەیە. هەروەها جارێکی دیکە سەلماندی کە پیلانگێڕان دژی حکومەتی خۆت و پەنابردن بۆ دوژمن هیچ ئایندەیەك بۆ هیچ حزب و کەسێك دابین ناکات. لەوانەیە لە داهاتووی نزیکدا هەندێك ئەنجامی دی ببینین. سەرکردە سیاسییەکان پێویستە بەسەر ناکۆکییەکاندا باز بدەن و توانایی کوردستان بۆ ئەو گۆڕانکارییە بپارێزن کە لە داهاتوویەکی نزیکدا وێدەچێ رووبدات. هەروەها وادەخوازێ یەکگرتوویی سیاسی ناوخۆیی (مەبەستم حزبەکانە) پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بگرێتەوە.

ئەگەر پرۆسەی ئاشتی و یەکگرتنی ئیسرائیل و عەرەب تەواو ببێ، ئەگەر ئێران بۆ ئەمریکا دانەشکێنێ، ئەگەر چاکسازی دینی لە سعودیەوە بۆ دەوڵەتانی دیکە بپەڕێتەوە، ئەوسا دەرفەت بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان زۆر فراوانتر دەبێت، هاوپەیمانی لەگەڵ بەرەی ئەمریکا و ئیسرائیل دێتە ناو ماڵمان و ناتوانین خۆمانی لێ بپارێزین. بەرەی عەرەب بە سەرۆکایەتی سعودیە دژی ئێران و عێراق و تورکیا گەرمتر دەبێت و دەرفەت بۆ ئەو باسەی کە سعودییەکان لە ناوەندە فکرییەکاندا باسی دەکەن، فراوانتر دەبێت کە دەڵێن شەڕ و نیوە شەڕ هەر یەکە و بۆ خەلاسبوون لە بەڵای ئێران و تورکیا تەنیا دەوڵەتی کوردستانی گەورە عیلاجە. ئەوە قسەی سعودییەکانە نەك من. جا ئەگەر بشزانین کە لە هەندێك ناوەندی فکری زۆر جددیدا جۆن بۆڵتۆن و پۆمپیۆ باسی نەك تەنیا رووخاندن، بەڵکو لێکهەڵوەشاندنی ئێران دەکەن. ئەوانە سیناریۆن و گەڵاڵەکراون، ئەویش لەسەر زمانی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی.

من ناڵێم زۆر سادە بین و پێمانوابێ ئەو سەناریۆیانە هەموویان سەردەگرن. بەڵام گۆڕانێکی جددی بەڕێوەیە و یەکگرتوویی و بەشداری نەترسانەی کوردان قزگەی یەکلاییکارەوە دەبێ.

نێچیرڤان ئەحمەد
سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان بۆ گوڵان:

# دەبێت لاوازیی توانای سەرکردە کارگێڕییەکان لە جومگە گرنگەکانی ناو پەیکەری حکومەتدا چارەسەر بکرێت

■

**ئێمە چەندەها ساڵمان لەسەر ئەزموونی حوکمڕانی تێپەڕاند، بەڵام وەک پێویست نەمانتوانی واقعی کارگێڕی بگەیێنینە رەوتی کارگێڕیی هاوچەرخ**

■

**ئەگەر پلان و بەرنامەی چاکسازی گشتگیر و یەکگرتوو نەبێ، مەحاڵە بتوانرێت دەزگای کارگێڕیی حکومەت لەسەر پێ بوەستێت و بەرەوپێش بڕوات و گەشە بکات**

■

**کێشەی گەورە پەیڕەونەکردنی بنەماکانی شەفافییەت و لێپرسینەوە و فراوانبوونی گەندەڵی لە ناو دامودەزگاکانی حکومەتدا بووە**



**بە بنبڕکردنی گەندەڵی دەرگای سەرفرازی مێژوویی بۆ سەرکردەکانی چاکسازی دەکرێتەوە و ناویان لەسەر رووپەڕی مێژوو تا کۆتایی دنیا بە زیندوویی دەمێنێتەوە**

**ئەو متمانەیەی کە خەڵکی کوردستان ئەمڕۆ داویانە بە پارتی لە ئەنجامی سەروەری و دەوڵەمەندیی خەبات و قوربانی و خۆڕاگری و دەستکەوتەکانی پارتین**

**متمانەپێدانی هاووڵاتیان بە پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، ئەرکی سەرشانی پارتی بۆ حوکمڕانییەکی پڕ لە خزمەتگوزاری و حکومەتێکی بەهێز و خاوەن پلان و بەرنامەی وردبینانە زۆر قورستر کردووە، بۆ ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بکارێ کارنامەی خۆی درەوشاوەتر بکات. ئایا چۆن دەکرێ بەسەر کەموکوڕییەکانی رابردوودا زاڵ بێت؟ بەرنامەی حکومەتی داهاتووی کوردستان چی دەبێت و چاکسازییەکان بە کوێ دەگەن؟ لاوازیی توانای سەرکردە کارگێڕییەکان لە جومگە گرنگەکان لەناو پەیکەری حکومەتدا تا چەند زیانی بە کارنامەی حوکمڕانیی کوردستان گەیاندووە؟ نەخشەڕێگە و رێکارەکانی چارەسەر چین؟ ئەمانە و چەندین پرسی گرینگی ناوەڕۆکی ئەم دیمانەیەی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ نێچیرڤان ئەحمەد سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان پێکدەهێنن.**

*** سەرۆك بارزانی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنی بە دەنگدەرانی کوردستان دا، ئەگەر خەڵکی کوردستان متمانە بە پارتی بدەن، ئەوا پارتی ریفۆرمێکی گەورە لە هەموو بوارەکانی حوکمڕانی دەستپێدەکات، ئاشکراشە کە پێش ئەم قسەیەی بارزانی، حکومەت دەستی کردبوو بە ئەنجامدانی ریفۆرمێکی باش، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو ریفۆرمەی بارزانی باسی دەکات، لە ریفۆرمەکەی کابینەی هەشت گەورەترە، ئایا تاچەند ئەم ریفۆرمە گەورەیە کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە؟**

- بێگومان جەنابی سەرۆك بارزانی ماوەیەکی درێژە بە خەمخۆرییەوە گرنگی بە بەرنامەی ریفۆرم دەدات و بەرنامەی جەنابیان نەك بەرنامەیەك بوو بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنی ئەم دواییەی کوردستان، بەڵام بەداخەوە هەلومەرجی کوردستان و ئەو زەمینەیەی کە پێویست بوو دروست بێت بۆ ئەم هەنگاوە پیرۆزە، دروست نەبوو و هەرێمی کوردستان تووشی چەندین بارودۆخی نالەبار بوو، لەوانە هەڵوێستی نادادپەروەرانەی حکومەتی فیدراڵیی عێراق و دژایەتیی راستەوخۆیان بۆ هەرێمی کوردستان و بڕینی بەشە بودجەی هەرێم و پاشان هەرێمی کوردستان تووشی هێرشێکی هۆڤانە بوویەوە لەلایەن تیرۆریستانی داعش و قەیرانی سیاسی لە هەرێم تاکو گەیشتە رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر و...هتد، هەر هەمووی هۆکاری سەرەکی بوون، بەڵام بە بڕوای من کابینەی داهاتوو ریفۆرمی گەورە دەیگرێتەوە سەرەڕای ئەوەی رێگای ریفۆرم ئاسان نییە و بێگومان چەندین کۆسپ و تەگەرە دەکەونە رێگای ئەم ریفۆرمە، بەڵام بە بڕوای من گرنگترین هەنگاوی دەستپێکردنی ئەم ریفۆرمە ئیرادەی سیاسییە و ئەم ئیرادەیە دەبێ لەلای گشت لایەنە سیاسییەکان هەبێت و پارتی دەبێت بە کردەوە ئەم ئیرادەیە پیشان بدات و ئەو متمانەیەی کە خەڵکی کوردستان ئەمڕۆ داویانە بە پارتی لە ئەنجامی سەروەری و دەوڵەمەندیی خەبات و قوربانی و خۆڕاگری و دەستکەوتەکانی پارتین، بۆیە دەبێت پارتی بە کردەوە ریفۆرم بکاتە بەرنامە و ستراتیژی خۆی لە پێناو دامەزراندنی حکومەتێکی کارا و بەتوانا لەسەر بنەماکانی پیشەیی و زەلال و دادپەروەری و دەبێت گوێڕایەڵی خەڵکی کوردستان بێ بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە کوالێتییەکی بەرز و ئامادە بێ بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی و بنبڕکردنی و لە ئاست بەرپرسیاریەتیی خۆی بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت پشتیوانی و رەزامەندیی خەڵك بە دەست بهێنێت و بە گەرموگوڕی پشتیوانی لە ئامانجەکانی گەشەپێدان و پشتیوانی لە گەلی خۆی بکات. ئومێدەوارم ئەم حەز و خەونە ببێتە نەخشەڕێگای کابینەی داهاتوو و بە کردەوە ببێتە واقیع و بەرهەمەکەی بۆ نەوەی ئەمڕۆ و داهاتوو بێتەئاراوە.

**سەرەڕای ئەوەی رێگای ریفۆرم ئاسان نییە و چەندین کۆسپ و تەگەرەی لەبەردەمە، بەڵام کابینەی داهاتوو ریفۆرمی گەورە دەیگرێتەوە**

*** تەنگژەی سەرەکی لە پرۆسەی حوکمڕانیدا، هەیکەلەی دامەزراوەکان و شێوازی هەڵسووڕاندنی دامەزراوەکانە، هەندێك جار هەیکەلەی دامەزراوەکان و شێوازی هەڵسووڕاندنی دامەزراوەکان دەبنە فاکتەرێکی گرنگ بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حکومەت، زۆر جاریش هەیکەلەی دامەزراوەکان**

**بەرنامەی چاکسازی نابێت پچڕپچڕ بێت، واتە کەرتێک لەخۆ بگرێت و کەرتی دیکە دووربخرێتەوە**

**و شێوازی هەڵسووڕاندنیان دەبنە ئاستەنگ بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حکومەت، لەم چوارچێوەیەدا خەڵکی کوردستان ئومێدێکی زۆری لەسەر کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستکردووە، بەوەی هەم ریفۆرم لە هەیکەلەی دامەزراوەکانی دەکات و هەمیش لە شێوازی هەڵسووڕاندنیان، ئایا ئەو ریفۆرمەی پێویستە بۆ کابینەی داهاتوو کاری لەسەر بکرێت، بە بۆچوونی ئێوە چۆن دەبێت؟**

- بەداخەوە ئێمە چەندەها ساڵمان لەسەر ئەزموونی حوکمڕانی تێپەڕاند، بەڵام وەك پێویست نەمانتوانی واقعی کارگێڕی بگەیەنینە رەوتی کارگێڕیی هاوچەرخ. بە بڕوای من هەرچەندە ئێمە زۆر دواکەوتین بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی ریفۆرم، بەڵام ئەمڕۆ کاتی ئەوە هاتووە، ئێمە جددیتر بین و هەموو ئەو بەربەستانە ببەزێنین کە رێگرن لە جێبەجێکردنی ریفۆرم، تاکو بتوانین بەرەو گەشەسەندن و پێشکەوتنی گشتگیر لە هەرێمی کوردستان بەردەوام بین و بە بۆچوونی من و بەپێی شارەزایی و ئەزموونی چەندەها ساڵ لە ناو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لە پایە و بەرپرسیاریەتی جیاجیادا پێویستە پرۆژەی چاکسازی و پێشخستنی دامەزراوەیی کەرتی گشتی لە میانەی پرۆگرامێکی گشتگیر بە جەخت لەسەر بنەمای زانستی دەست پێ بکرێت بۆ لەخۆگرتنی کۆمەڵێك ستراتیژ و سیاسەتی لەگەڵ یەکتر گونجاو بۆ گەیشتن بە حکومەتێکی بەتوانا و کاریگەر و هاوچەرخ و شەفاف و پربەرهەم. بە بۆچوونی من بۆ ئەوەی کە ئەو حکومەتەی باسمان کرد بێتە ئاراوە، دەبێت ریفۆرم ئەم تەوەرانە لەخۆ بگرێت:

* چاکسازیی پەیکەری رێکخستن لە پێناو کۆمەڵێك ئامانج.

* بڕیاردان لەسەر دانانی پلانێکی روونی چاکسازیی حکومی بە ئامانج و ستراتیژێکی دیار بۆ داڕۆژێکی خوازراو.

* رێکخستنی رێکخراوی حکومی بە گشت دامەزراوەکانیەوە و دووبارە بنیادنانەوەی پەیکەرە هاوچەرخەکان بۆ سەرجەم وەزارەت و دەستە و فەرمانگەکان

* کەمکردنەوەی ژمارەی رێکخراوە کارگێڕییەکانی پەیوەست بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و هەروەها ناپەیوەست بە وەزارەتێك و دووبارە پەیوەستکردنەوەیان بە وەزارەتەکان بەپێی پسپۆڕی.

* توێژینەوە و دەستنیشانکردنی گشت بارەکانی دووانەیی و تێکەڵبوون و دووبارە بوونەوە لەلایەنە پیشەییەکان، تەکنیکییەکان و کارگێڕییەکان و چارەسەرکردنی هەڵە و کەموکورتییەکان.

* داڕشتن و دەستنیشانکردنی ئامانج و کار و ئەرکەکانی دامەزراوە حکومییەکان بۆ رێگرتن لە دووانەیی لە کار و سەرکەوتووبن لە :

بەرزکردنەوەی ئاست و کوالێتیی خزمەتگوزارییەکان.

بەرزکردنەوەی لێهاتوویی دامەزراوە و فەرمانبەرەکان.

ئامادەکردن و پێشخستنی سامانە مرۆییەکان و سامانەکانی تر.

وردبوونەوە لەسەر ئەرکە سەرەکییەکان بەپێی پلانەکان.

رەچاوکردنی جیاوازیی پسپۆڕی لە دابەشکردنی کارەکان و گرنگیدان بە یەکە کارگێڕییەکان و یەکە کارگێڕی و تەکنیکییە پاڵپشتەکان.

رەچاوکردنی ئەو یاساو رێسایانەی کە کاری فەرمانگە حکومییەکان رێکدەخەن.

یاسا، یان رێسای دامەزراوەیی یان فەرمانگە.

رێسای نوێکردنەوەی فەرمانگە حکومییەکان.

رێسای رێکخستنی کارگێڕی بۆ دامەزراوە، یان فەرمانگە.

یاسای راژەی شارستانی (یاسایەکی تایبەت ئامادە بکرێت بە هەرێمی کوردستان).

رێسای پێناسە و پۆلێنی کار.

رێبەری فەرمانبەری حکومی.

رێبەری هەڵسەنگاندنی کارایی فەرمانبەرێتی.

کاراکردنی بنەمای یەك دەروازە (One Stop Shop)بۆ چالاکی و خزمەتگوزاریی پەیوەندیدار بە هاووڵاتییان و لادانی بازنەکانی رۆتین.

پاراستنی بواری نزیکبوونی نێوان سێ ئاستی سەرەکی کە بریتین لە کارگێڕی باڵا و کارگێڕی ناوەندی و کارگێڕی جێبەجێکار.

پێداچوونەوە لە گشت یاسا و پەیڕەو و رێنماییە کاراکان لە هەرێم لە پێناو هەموارکردن و نوێکردنەوەیان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی توانستی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم.

*** بەپێی ئەو ئەزموونە کەڵەکەبووەی لە بواری حوکمڕانی لەماوەی ٢٥ ساڵی رابردوو هەتانە، ئایا**

**چاکسازی و بەرەو سیستەمی کارگێڕی چالاکییەکی کاریگەر و راستەوخۆ پەیوەستە بە گەشە پێدانی ئابووری و جڤاکی و رۆشنبیری**

**ئەگەر کێشەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا کۆتاییان بێت و چارەسەر بکرێن، بەتایبەت کێشەکانی بودجە و پێشمەرگە و نەوت و غاز و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بێگومان ئەولەوییەتی حکومەت دەبێتە پلان و بەرنامە لە سوودی هاووڵاتییان و لە سەرووی هەموویان پرۆژە خزمەتگوزارییەکان**

**گرنگیدان بە دروستکردنی کادری ماماوەندی پیشەیی لە بەرنامەی کابینەی حەوت و هەشتدا هەبوو کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە پێشکەش کرابوو، جەنابی سەرۆک وەزیران پەسەندی کردبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی پیشەوەری پێویستی بە بودجەیەکی گەورە هەبوو، هەروەها لەبەر قەیرانی دارایی لە توانادا نەبوو جێبەجێ بکرێت**

**خاڵە لاوازەکانی پرۆسەی حوکمڕانی لە کوردستاندا چین، بەتایبەتی ئەو خاڵە لاوازانەی کە بوونە ئاستەنگ بۆ پرۆسەی حوکمڕانی؟**

- بە بڕوای من ئەو خاڵانەی کە بوونەتە ئاستەنگ بۆ پرۆسەی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان زۆر لایەنی جیاجیا لەخۆ دەگرێت، لەوانە:

١. باری سیاسیی هەرێمی کوردستان لە قۆناغەکانی هەر لە کابینەی یەکەمەوە تاکو ئەمڕۆ سەقامگیرییەکی ئەوتۆی بە خۆیەوە نەبینیوە و نیوماڵی کوردی بەداخەوە تا وەکو ئێستا ڕێك نەخراوە و هەبوونی دووئیدارەیی لەکاتی خۆی و تاوەکو ئەمڕۆ مۆرکی دووئیدارەییەکە لەسەر حکومەت دیارە.

٢. لەلایەکی ترەوە ئەو خاڵانەی پەیوەستن بە سیستەمی کارگێڕییەوە، کاردانەوەی نەرێنیی زۆری لەسەر گشت پرۆسەی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان هەیە، کە بەچەند خاڵێکی سەرەکی دەستنیشانی دەکەین:

هەبوونی پەیکەری ڕێکخستنی کلاسیك دوور لە بنەماکانی کارگێڕیی سەردەمییانە.

هەبوونی میلاکێکی زۆر بووەتە گەورەترین ئاستەنگ بۆ پرۆسەی گەشەپێدانی کارگێڕی و بارقورسییەکی ئێجگار زۆر لەسەر بودجەی دارایی حکومەت.

جێگیربوونی مەرکەزییەکی توند لە ناو وەزارەتەکان و دانەبەزاندنی دەسەڵاتەکان وەك پێویست بۆ جومگە گرنگەکان.

نەبوونی پێناسەی وەزیفی.

گرنگی نەدان بە سامانە مرۆییەکان و نەبوونی پلان و بەرنامەی کار بۆ گەشەپێدانی مرۆیی.

لاوازیی توانای سەرکردە کارگێڕییەکان لە جومگە گرنگەکان لەناو پەیکەری حکومەتدا.

زۆریی یاسا و پەیڕەوە کارپێکراوەکان کە زۆربەیان ماوەیەکی زۆر بەسەریاندا چووە و لەگەڵ ئاستی پێشکەوتنە سەردەمییەکان نین و هەروەها هەمواری زۆریان لەسەر کراوە کە بووەتە هۆکاری لە دەستدانی ناوەڕۆکی یاساکە و هەروەها بوونەتە گەورەترین کۆسپ بۆ بەردەم ئەوانەی لەم بوارانەدا وەك فەرمانبەرانی یاسایی کار دەکەن، کە ناتوانن ئەم هەموو هەموار و گۆڕانکارییە بە ئاسانی وەرگرن، بۆیە زۆرجار ڕێکارە کارگێڕییەکان و یاساکان لەکەدار دەبن.

پەیڕەونەکردنی بنەماکانی شەفافییەت و لێپرسینەوە و فراوانبوونی گەندەڵی لە ناو دامودەزگاکانی حکومەتدا.

هەبوونی بۆشاییەکی فراوان لە نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و نەبوونی چوارچێوەیەکی یاسایی کارپێکراو بۆ ڕێکخستنی بنەما هاوبەشەکانی هەردوو کەرتەکە.

*** گەورەترین کێشە کە لە دوای ساڵی ٢٠١٤وە و پاش بڕینی بەشە بودجەی هەرێم لەلایەن بەغداوە ڕووبەڕووی حکومەتی کوردستان بووەوە، ئەوە بوو کە ئێمە پشتمان بە یەك سەرچاوەی داهات بەستبوو، ئەویش داهاتی ئەو نەوتەیە کە بودجەی عێراق پێکدەهێنێت، لەماوەی ئەم چوار ساڵەی ڕابردوو حکومەتی کوردستان هەوڵێکی زۆری داوە سەرچاوەی داهات زیاتر بکات، ئەمەش بە گرتنەبەری چەند ریفۆرمێك لە ناو هەیکەلەی حکومەتدا، بەڵام هەتا ئێستا بوارەکانی دیکە وەك (کشتوکاڵ، پیشەسازی، گەشتوگوزاری) نەبوونەتە سەرچاوەیەکی باش بۆ داهاتی کوردستان، ئایا بە بۆچوونی ئێوە سیاسەتی حکومەتی داهاتوو بۆ دروستکردنی سەرچاوەی داهاتی زیاتر چۆن دەبێت؟**

- پشت بەستن بە یەك سەرچاوەی داهات یەکێك بوو لەو هەڵانەی کە کاردانەوەی خۆی بە نەرێنی هەبوو لەسەر کردەوەی گەشەپێدانی گشتگیر و بە بڕوای من پێویستە بۆ کابینەی داهاتوو حکومەتی هەرێم بە بینایەکی ستراتیژی و فەلسەفی ئامانجە ئابوورییەکانی خۆی دارێژێ بەپێی نەخشەڕێگای سیاسەتی گشتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کاتی ئەوە هاتووە گرنگییەکی جددی بدرێت بە بەرەوپێشبردنی گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان و هەروەها کەرتی پیشەسازی و گەشتوگوزار و سەرچاوەی داهاتەکانی هەرێم بەهێز بکرێن و لە هەمان کاتدا ئاستی بژێویی خەڵك بەرز بکرێت و ڕێژەی بێکاری کەم بکرێتەوە. بە پێویستی دەزانم حکومەتی هەرێمی کوردستان پلان و بەرنامەیەکی ستراتیژی هەبێت بۆ ئاوەدانکردنی گوند و شارۆچکەکانی کوردستان و بەرنامەی «کۆچکردنی بەرەو گوند» پەیڕەو بکات، واتە لە شارەوە بەرەو گوند، ئەمە خۆی لە خۆیدا دەبێتە باشترین پاڵپشتی بۆ بەهێزکردنی ئابووری هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی زۆر لە کێشەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئاسایش سیاسی، لە

**پێویستە کابینەی داهاتووی حکومەت کۆنترۆلی کوالیتی و بەرزکردنی ئاستی زانستی بکات بە ڕێگەی بەرنامە و سیستەمێک کە گرنگی بە توانستی زانستی و ڕۆشنبیری و ئەکادیمی قوتابیان بدات، نەک زیادکردنی زانکۆکان**

**بوونی ئەم هەموو ژمارە زۆرەی زانکۆکان لە هەرێم بە بێ خوێندنەوەی زانستی و ئەکادیمی بووە کە ١٥ زانکۆی حکوومی و ٢٠ زانکۆی ئەهلی هەن و ژمارەیان بەرەو هەڵکشانە**

**پێویستە حکومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان بەرەو بنەمای سیستەمی هاوبەشی بڕوات لەگەڵ کەرتی تایبەت بۆ بەڕێوەبردن و کارپێکردنی پرۆژە گرنگەکانی وەک ئاو و کارەبا و...هتد**

هەمان کاتدا پێویستە پێداچوونەوە بە یاسای وەبەرهێناندا بکرێت و پڕۆژە یاسایەك ئامادە بکرێت کە ببێتە ڕێخۆشکەر بۆ ڕاکێشانی سەرمایەدارانی ناوخۆ و دەرەوە بۆ هەرێمی کوردستان بۆ پێشخستن و پەرەپێدان لە هەر چوار کەرتە گرنگەکان (کشتوکاڵ، گەشتوگوزار، پیشەسازیی جۆراوجۆر و سەرچاوەکانی ئاو و بەنداوەکان)

*** لە وڵاتانی دیموکراتیدا، حکومەتی سەرکەوتوو ئەو حکومەتەیە کە پێکهاتەی حکومەت بچووك بێت و بڕیار و کارەکانی حکومەت کاریگەری و ڕەنگدانەوەی گەورەی هەبێت، ئاشکرایە یەکێك لە گرفتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە حکومەتەکە زۆر گەورەیە، کۆمەڵێك دامەزراوەی زیادو ژمارەیەکی لە ڕادەبەدەر فەرمانبەری زیادەی هەیە، ئایا بە چ میکانیزمێك دەتوانرێت حکومەتی کوردستان بکەین بە حکومەتێکی تەرشیقکراو و چالاك؟ ئایا هێڵە گشتییەکانی ئەم تەرشیقکردنەی حکومەت چۆن دەبێت؟**

- ڕاستە یەکێك لە کێشەو و گرفتەکانی حکومەتی هەرێم ئەوەیە کە پێکهاتەی حکومەت زۆر گەورەیە، هەر لە وەزارەتەکان و دامودەزگاکانی نەبەستراو بە وەزارەت و یەکە کارگێڕییەکانی تر، بۆ ئەمەش لەگەڵ خودی جەنابی سەرۆکی حکومەت بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران چەندین جار باسی لێکراوەو لەسەر ڕاسپاردەی جەنابیان کاتی خۆی خۆم چەندین دیراسە و توێژینەوەم ئامادە کرد لەسەر چاکسازیی کەرتی گشتی و لەوانە یەکێك تایبەت بوو بە پەیکەری سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران کە لە ساڵی (٢٠١٣- ٢٠١٤) کۆتاییم پێ هێنابوو، هەروەها لە مانگی (١٠ی ٢٠١٤) توێژینەوەی دووەمم ئامادە کردو لە (حوزەیرانی ٢٠١٥) کۆتاییم پێ هێناوە لەسەر چاکسازیی کەرتی گشتی و تەرشیقی حکومەت و لەم توێژینەوەیە وەزارەتەکان کەم کراوەیە لە کۆی ١٩ وەزارەت و ٣ وەزیری هەرێم بۆ ١١ وەزارەت. توێژینەوەی سێیەم تایبەتە بە لامەرکەزییەت و حوکمی خۆجێیی «پارێزگاکان» و هەر سێ توێژینەوەکەم لە دوو سمیناردا لە مانگی (٩ی٢٠١٨) لە ئینستیتیۆتی توێژینەوە و گەشەپێدان – کوردستان (IRDK) پێشکەش کردو لە هەمان کاتدا لیژنەیەکی پسپۆڕ و ئەکادیمی بە ڕاسپاردەی جەنابی سەرۆکی حکومەت پێکهێنرا بۆ خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی هەر سێ توێژینەوەکە و تا ئێستاش لیژنەکە لە کاری خۆی بەردەوامەو هەردوو توێژینەوەی یەکەم و دووەم کۆتایی پێ هاتووە .

سەبارەت بە چاکسازیی گشتی و هێڵە گشتییەکانی توێژینەوەکە، بە کورتی، بەم شێوەیە یە :

وەزارەتەکان ئاماژەمان پێدا، دەستەو لیژنە باڵاکان کە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانن هەر یەکەو بەپێی پسپۆڕێتی خۆی دەچێتە سەر وەزارەتی پەیوەندیدار و لە جیاتی پەیڕەوکردنی سیستەمی کۆن بۆ دامەزراندنی پەیڕەو بە سیستەمی دامەزراندنی ئەنجومەنی پسپۆڕی دەدرێت، کە پێکدێت لە بەڕێزان وەزیرەکان کە پەیوەندیدارن، بۆ نموونە وەك ئەنجومەنی باڵای کشتوکاڵ و ئەنجومەنی باڵای بازرگانی و پیشەسازی و...هتد. تەوەرێکی دیکەی گرنگتر ئەوەیە کە تایبتە بە چاکسازیی کارگێڕی و دارایی ئەویش تایبەتە بە (سیستەمی ژمێریاری - سیستەمی باج - سەرچاوەی داهاتە داراییەکان سیستەمی بانك و کۆمپانیاکانی دڵنیایی و دروستکردنی یەکەی کارگێڕی بۆ قەرزە حکوومییەکان). لەلایەکی دیکەوە بۆ هەر وەزارەتێك پشکێنەرێکی گشتی دانراوە، کە خۆی لە وەزارەت دەبێت، بەڵام ڕاپۆرت و یاداشتەکانی ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکات و دانەیەك ئاراستەی وەزیری پەیوەندیدار دەکات. لە هەمان بەرنامەدا پەیڕەوکردنی سیستەمی تایبەت بۆ چاکسازیی فەرمانگەکان و دامەزراوەکانی حکومەت دانراوە بۆ چۆنیەتی کارکردن بە گۆڕانکاری لە ڕووی نەهێشتن- لێکدانەوە - نوێکردن - گۆڕینی شوێنی پەیوەست)، هەروەها لەم بەرنامەیەدا دوو دامەزراوەی زۆر گرنگ هەن کە ئەوانیش (ئەنجومەنی ڕاژەی شارستانی) و (پەیمانگای پێشخستن و پەرەپێدانی کارگێڕی)ن و لە هەمان کاتدا ئەولەوییەتی وەزارەت وەك هێڵی گشتی دیاری کراوە. لە ڕاستیدا وردەکاریی زۆر لەم بەرنامەیەدا هەیە، کە لە تواناادا نییە لە چاوپێکەوتنێك، یان دیدارێکدا هەمووی بخرێنەڕوو و بچینە قووڵایی وردەکارییەکان.

لەو بەشەی توێژینەوەکەدا کە پەیوەستە بە پارێزگاکان، زۆر لایەن لەخۆ دەگرێت لە ڕووی یاسایی و کارگێڕی و تەکنیکی و لە هەمووی گرنگتر پەیڕەوکردنی سیستەمی لامەرکەزی و پۆلینکردنی خزمەتگوزارییەکان و جیاکردن لە

**دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان پلان و بەرنامەیەکی ستراتیژی هەبێت بۆ ئاوەدانکردنی گوند و شارۆچکەکانی کوردستان و بەرنامەی «کۆچکردنی بەرەو گوند» پەیڕەو بکات**

**کۆچکردن لە شارەوە بەرەو گوند، دەبێتە باشترین پاڵپشتی بۆ بەهێزکردنی ئابووری هەرێمی کوردستان و زۆر لە کێشەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی چارەسەر دەکات**

**پێویستە بۆ کابینەی داهاتوو حکومەتی هەرێم بە بینایەکی ستراتیژی و فەلسەفی ئامانجە ئابوورییەکانی خۆی بەپێی نەخشەڕێگای سیاسەتی گشتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان دابڕێژێ**

**کاتی ئەوە هاتووە گرنگییەکی جددی بدرێت بە بەرەوپێشبردنی گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان و هەروەها کەرتی پیشەسازی و گەشتوگوزار و سەرچاوەی داهاتەکانی هەرێم بەهێز بکرێن و لە هەمان کاتدا ئاستی بژێویی خەڵک بەرز بکرێت و ڕێژەی بێکاری کەم بکرێتەوە**

**پشتبەستن بە یەک سەرچاوەی داهات یەکێک بوو لەو هەڵانەی کە کاردانەوەی نەرێنی هەبوو لەسەر کردەوەی گەشەپێدانی گشتگیر**

**یاسا و پەیڕەوە کارپێکراوەکان زۆربەیان ماوەیەکی زۆر بەسەریاندا چووە و لەگەڵ ئاستی پێشکەوتنە سەردەمییەکان نین**

**یاسا و پەیڕەوە کارپێکراوەکان هەمواری زۆریان لەسەر کراوە و بووەتە هۆکاری لەدەستدانی ناوەڕۆکەکەی و گەورەترین کۆسپی بۆ فەرمانبەران دروست کردووە کە ناتوانن ئەم هەموو هەموار و گۆڕانکارییە بە ئاسانی وەربگرن، بۆیە زۆرجار ڕێکارە کارگێڕییەکان و یاساکان لەکەدار دەبن**

نێوان ئەو خزمەتگوزارییانەیە کە لە دەسەڵاتی حکومەتی خۆجێیین و ئەوانەی کە ستراتیژین لە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم و ناوەنددان. هەروەها چەندین ڕێکار ئەنجام دراون بۆ هەموارکردنی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارەی ٣ی ساڵی ٢٠٠٩ و یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارەی ٤ی ساڵی ٢٠٠٩ هەموار کراو بە یاسای ژمارەی ١ی ساڵی ٢٠١١.

*** لە وڵاتانی دیموکراتی، حوکمڕانی لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، یەکەمیان کەرتی گشتییە (حکومەت) کە ئەم کەرتە لەبەر ڕۆشنایی سیاسەت حکومەت هەڵدەسووڕێت، بەشەکەی دیکەی کەرتی تایبەتە کە بە سیاسەتی ئابووریی بازاڕ هەڵدەسووڕێت. پسپۆڕان زۆر بە گرنگی دەزانن جۆرە هاوسەنگییەك لە نێوان حکومەت و کەرتی تایبەت هەبێت، ئەمەش بەو مانایەی چەند حکومەت دەبێتە بوارێك بۆ دۆزینەوەی کار، بەهەمان شێوەو زیاتریش کەرتی تایبەت دەبێت ببێتە بوارێك بۆ دۆزینەوەی هەلی کار، هەتا ئێستا لای زۆربەی خەڵکی کوردستان تەنیا حکومەت ئەرکی سەرشانیەتی هەلی کار بۆ هاووڵاتیان دابین بکات، ئایا پێتانوایە دەبێت سیاسەتی حکومەتی داهاتووی کوردستان چۆن بێت بۆ ئەوەی کەرتی تایبەتیش بکاتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ دۆزینەوەی هەلی کار و دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان هەردوو کەرتەکەدا (گشتی و تایبەت)دا؟**

- بێگومان ئەمڕۆ کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا بوونەتە یەکێك لە گرنگترین تەوەری چالاکیی گەشەی ئابووری و جڤاکی بەپێی بنەمای هاوبەشی کە ئەمە ئەمڕۆ بووەتە هەنگاو و ڕێکارێکی کاریگەر بۆ کۆکردنەوەی تواناکانی کۆمەڵگە بۆ ئەوەی بەشداری پێ بکرێت بۆ ڕێکخستنەکانی دامەزراوەیی بۆ جێبەجێکردن و کارپێکردنی پڕۆژەکانی جیاواز، بۆیە پێویستە حکومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان بەرەو بنەمای سیستەمی هاوبەشی بڕوات لەگەڵ کەرتی تایبەت بۆ بەڕێوەبردن و کارپێکردنی پڕۆژە گرنگەکانی وەك ئاو و کارەبا و ...هتد. هەروەها چالاکییەکانی دیکە بەرەوپێش ببەن و گەشە بکەن بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە جیاجیاکان لە ڕووی کارگێڕی و یاسایی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای شەفافییەت و لێپرسینەوە و مافی هاوتا بۆ خاوەن بەرژەوەندی و دیاریکردنی بەرپرسیارێتییەکان لە پیناو بڵندکردنی توانای بەکارهێنانی سامانەکان و بەهێزکردنی توانای کێبڕکێ و ڕاکێشانی سەرمایەداران و فراوانکردنی پڕۆژەکان بۆ پەیداکردنی هەلی کار لە ناو کۆمەڵگەدا و چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری، بەتایبەت لە ناو گەنجاندا کە گەنج گەورەترین سەرمایە و سامانی کۆمەڵگەن.

*** تەنیا لە پارێزگای هەولێر بێجگە لە زانکۆ حکوومیەکان، نزیکەی ٢٠ زانکۆی ئەهلی بۆ خوێندنی باڵا هەیە، ئەمەش واتە ساڵانە بە دەیان هەزار خەڵك لەو زانکۆیانە لەبوارە جیاوازەکان دەردەچن و چاوەڕێن حکومەت دایانبمەزرێنێت، لەبەرامبەردا لە کەرتی تایبەت ئیستعاب ناکرێن، بۆیە جۆرە نائومێدییەك لای لاوە دەرچووەکان دروست بووە، ئایا تاچەند پێویستە حکومەت سیاسەتێکی بۆ ڕێکخستنەوەی زانکۆکان بە سیاسەتی ئابووریی بازاڕەوە هەبێت ؟**

- ئەم بابەتەمان زۆرجار باس کردووە راستەخۆ لەگەل جەنابی سەرۆك وەزیران، کە من وەڵامی تایبەتی خۆم دەردەبڕم، بەداخەوە هەر لە کابینەی یەکەم تاکو ئەمڕۆ زۆر کەموکوڕی بەدی دەکرێت لە سیاسەتی خوێندنی باڵا دا لە هەرێم، بە بڕوای من ئەم هەموو ژمارەی زۆرەی زانکۆکان لە هەرێم کە بەبێ خوێندنەوەی زانستی و ئەکادیمی بووە کە ١٥ زانکۆی حکوومی و ٢٠ زانکۆی ئەهلی هەن و ژمارەیان بەرەو هەڵکشانە. پێویستە کابینەی داهاتووی حکومەت ئەم دیاردەیە بکاتە وێستگەیەکی لەسەر راوەستان و خوێندنەوەیەکی وردی بۆ بکات و هەولی ئەوە بدات کە کۆنترۆڵی کوالێتی و بەرزکردنی ئاستی زانستی بکات بە ڕێگەی بەرنامە و سیستەمێك کە گرنگی بە توانستی زانستی و ڕۆشنبیری و ئەکادیمی قوتابیان بدات، نەك زیادکردنی زانکۆکان و لە جیاتی ئەم هەنگاوە، دەبێت هەول بدرێت بۆ نەهێشتن و کۆنترۆڵکردنی ئەم دیاردەیەو دەبێ پلان و بەرنامەی زانستی و ئەکادیمی هەبێت بۆ دابەشکردنی زانکۆ و کۆلێژ و بەشەکان و پەیمانگەکان بەپێی پێویستیی شار و شارۆچکەکان و گرنگیدان بە توانستی زانستی و بەرهەمهێنانی نەوەیەکی ئەکادیمی و ڕۆشنبیر لەو بوارانەی کە کەرتی گشتی و تایبەتی پێویستیانە، ئومێدەوارم

ئەم بیرۆکەیە ببێتە بەرنامەیەك کە جێگایەکی گرنگی هەبێ لەناو نەخشەڕێگای کابینەی داهاتوو و بەپێی زانیاری و چاوەڕوانیمان ئەم گرنگییە دەدرێتە ئەم کەرتەو دەبێتە بەشێکی گرنگی سیاسەتی گشتی لە کابینەی داهاتوو.

*** فاکتەری سەرەکی بۆ حوکمڕانیی دیموکراتیی سەرکەوتوو، بایەخدانە بە کادری تەکنیکیی مامناوەندی، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر لە پڕۆژەیەکدا ئێمە پێویستمان بە ئەندازیارێکی کارەبا بێت، ئەوا لە هەمان پرۆژە پێویستمان بە ٢٠-٣٠ کادری مامناوەندی لە بەشی کارەبایی ئامادەیی پیشەسازی هەیە، بەڵام وەك دەبینین لە چاو بایەخدان بە کردنەوەی زانکۆی زۆر، بایەخ نەدراوە بە ئامادەییە پیشەییەکان، ئایا تاچەند بۆ کابینەی داهاتوو گرنگە کار لەسەر پەروەردەکردنی کادری تەکنیکیی مامناوەندی بکات؟**

- گرنگیدان بە دروستکردنی کادری مامناوەندی پیشەیی لە بەرنامەی کابینەی حەوت و هەشتدا هەبوو کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە پێشکەش کرابوو و جەنابی سەرۆك وەزیران پەسەندی کردبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی پیشەوەری پێویستی بە بودجەیەکی گەورە هەبوو، هەروەها لەبەر قەیرانی دارایی لە تواناادا نەبوو جێبەجێ بکرێت و بێگومان هەمان بەرنامە لە کابینەی داهاتوودا دووبارە دەبێت، بۆ ئەوەی بوجەی پێویستی بۆ دابین بکرێت.

*** لەو کاتەوەی کە باری دارایی حکومەت باشتر بووە، دەبینین حکومەت هەوڵی بۆ ئەوەیە کە پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان دووبارە دەست پێ بکەنەوە و ئەم مانگەش بڕی ١٠٠ ملیۆن دۆلاری بۆ پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی هەرسێ پارێزگای (هەولێر و سلێمانی و دهۆك) خەرجکرد، بێگومان ئەم سەرەتایە، بە سەرەتایەکی دڵخۆشکەر دەدانرێت بۆ حکومەتی داهاتووی کوردستان، ئایا بە بۆچوونی ئێوە و لە رووی عەمەلییەوە تاچەند سیاسەتی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەرکیز دەکاتە سەر پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بۆ خزمەتی هاووڵاتیان؟**

- بە بڕوای من ئەگەر کێشەکانی هەرێم لەگەل بەغدا کۆتاییان بێت و چارەسەر بکرێن، بەتایبەت کێشەکانی بودجە و پێشمەرگە و نەوت و غاز و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بێگومان ئەولەوییەتی حکومەت دەبێتە پلان و بەرنامە لە سوودی هاووڵاتییان و لە سەرووی هەموویان پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان.

*** هەنگاوێکی دیکەی حکومەتی کوردستان دوای هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی ئەیلوولی رابردوو، ئەو ریفۆرمە گەورەیە بوو کە بە بڕیاری نێچیرڤان بارزانی لە کەرتی بازرگانیی دەرمان ئەنجام درا، خەڵك ئومێدی زۆرە لە کابینەی داهاتوو، ئەم ریفۆرمە گەورەیە هەموو کەرتەکانی دیکەش بگرێتەوە، ئایا ئەم ریفۆرمە گەورەیە دەبێتە ناوەڕۆکی سیاسەتی حکومەتی داهاتووی کوردستان؟**

- خۆی بەرنامەی چاکسازی نابێت پچڕپچڕ بێت، واتە کەرتێك لەخۆ بگرێت و کەرتی دیکە دووربخرێتەوە، چاکسازی و بەرەو سیستەمی کارگێڕی چالاکییەکی کاریگەر و راستەوخۆ پەیوەستە بە گەشەپێدانی ئابووری و جڤاکی و رۆشنبیری، ئەگەر پلان و بەرنامەی چاکسازی گشتگیر و یەکگرتوو نەبێ، مەحاڵە بتوانرێت دەزگای کارگێڕیی حکومەت لەسەر پێ بوەستێت و بەرەوپێش بڕوات و گەشە بکات. ئەگەر چاوخشاندنێکی مێژوویی بکەین بە قۆناغەکانی گشت وڵاتانی جیهاندا کە دەستیان بە پلان و چاکسازیی خۆیان کردووە، دەبینین هەموو پلانەکان گشتگیر بوون و یەك رێڕەو و رێکار و یەك شێواز بوون و راسپاردەکان جیاواز نەبوون لەسەر جیاوازیی شوێن، تەنیا هەندێ رێکاری تایبەت نەبێ کە ئەزموونی وڵاتێك لەم بوارەدا مۆرکی خۆی لەسەر بوو، جیاواز بوون لە ئەزموونی وڵاتی دی. زۆر وڵات هەبوون لە هەمان ئەو قۆناغانەی کە ئێمە تێیدا تێپەڕبووین، ئەوانیش تێپەڕبوون، بەڵام بە پلان و بەرنامەی یەکگرتوو توانییان ئەمڕۆ لە ریزبەندی وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکان بن. بۆیە پلان و بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت پلانێکی یەکگرتوو بێت و هەموو سێکتەرەکان لەخۆ بگرێت لە ناو پێکهاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەو پەڕی بوێری و شەفافییەت و بەرپرسیاریەتی و دادپەروەری رێکارەکانی چاکسازی بە گشتگیری جێبەجێ بکرێن بۆ بنبڕکردنی گەندەڵی، ئەوکات دەرگای سەربەرزی و سەرفرازی مێژوویی بۆ سەرکردەکانی چاکسازی دەکرێنەوە و دەچنە ژوورەوە و ناویان بە زیندوویی دەمێنێتەوە لەسەر رووپەڕی مێژوو تا کۆتایی دنیا.

**هەبوونی میلاکێکی زۆر بووەتە گەورەترین ئاستەنگ بۆ پرۆسەی گەشەپێدانی کارگێڕی و بارقورسییەکی ئێجگار زۆری لەسەر بودجەی دارایی حکومەت دروست کردووە**

**باری سیاسیی هەرێمی کوردستان لە قۆناغەکانی کابینەی یەکەمەوە تاکو ئەمڕۆ سەقامگیرییەکی ئەوتۆی بە خۆیەوە نەبینیوە و نێوماڵی کوردی بەداخەوە تا وەکو ئێستا رێکنەخراوە و مۆرکی دووئیدارەیی لەسەر حکومەت دیارە**

**دەبێت پارتی بە کردەوە ریفۆرم بکاتە بەرنامە و ستراتیژی خۆی لە پێناو دامەزراندنی حکومەتێکی کارا و بەتوانا لەسەر بنەماکانی پیشەیی و زەلال و دادپەروەری و دەبێت گوێڕایەڵی خەڵکی کوردستان بێ بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە کوالێتییەکی بەرز و ئامادە بێ بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی و بنبڕکردنی و لە ئاست بەرپرسیاریەتیی خۆی بێت**

# سیاسەتی ئابووری بۆ حکومەتی نوێی کوردستان

**شێوازی نوێ لە داگیرکردنی ئابووری بە تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو و هێزی کاری مرۆیی هەرزان و کارامە، سنووری نیشتمانی زۆربەی وڵاتانی بەزاندووە**


**کاڵا سرووشتییەکان بە ئاسانترین رێگە زۆرترین داهات دەهێننە وڵاتەوە، هەر بۆیە حکومڕانەکانی وڵاتە هەژارەکان بیر لە گەشەپێدان و دروستکردنی سەرچاوەی داهاتی دیکەی ناکەنەوە**

بێگومان باسکردنی جۆری حکومەت بەتایبەت لە وڵاتانی هەژاردا لە دێرزەمانەوە جێگەی مشتومڕی رۆشنبیران و سیاسەتمەداران بووە. لێرەدا پێویستە ئەوە وەبیربخەینەوە کە مۆدیلێکی دەوڵەت نییە کە شیاو بێت بۆ هەموو وڵاتێك و بۆ هەموو قۆناغەکانی گەشەکردنی مێژوویی و کۆمەڵایەتی وڵاتان. بۆیە هەر لە سەرەتاوە، پێویستە ئەم پرسە بە وردی سەیر بکرێت، نەك وەك ئەوەی مۆدێلیکی دیاریکراو هەبێت کە بە کەڵکی هەموو وڵاتان بێت، بە بێ گوێدانە قوناغی دیاریکراوو تایبەتمەندێکانیان.

باشترین نموونەی گەشکردنی ئابووری لە جیهاندا، گەشەکردنی وڵاتانی ئەوروپایە لە کۆندا و نزیکترین نموونەی هاوچەرخیش گەشەکردنی وڵاتانی باشووری ئاسیایە. هەرچەندە لێکچوون لە نێوان شێوازی گەشەکردنی ئابووری ئەو دوو گرووپە لە وڵاتانەدا هەیە، بەڵام جیاوازییەکی زۆر گەورەش لە نێوانیاندا هەیە. لە کاتێکدا، دەوڵەت (حکومەت) رۆڵێکی گرنگی هەبووە لە ئاراستەکردنی گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەو وڵاتانەدا، وڵاتە ئەوروپاییەکان رێچکەیەکی تایبەتیان هەبووە لەو قۆناغە مێژووییەدا. زۆربەی وڵاتە ئەوروپاییەکان لە قۆناغی داگیرکردن و دابەشکردنی وڵاتانی ئەفریقاو ئاسیاو ئەمریکای لاتینیدا گەشەیان کرد. ئەوەش بە سوودوەرگرتن لە تاڵانکردنی سامانی مرۆڤی و سروشتی ئەو وڵاتانە. بەڵام وڵاتانی باشووری ئاسیا لە قۆناغی گەشەکردنی تەکنەلۆجیاو سامانی مرۆییداو بێ چەوساندنەوەو ناڕەوا سوودوەرگرتن لە وڵاتانی دی گەشەیان کرد. راستە ئێستا باوی داگیرکردنی بە هێز بە شێوە کلاسیکییەکەی نەماوە، بەڵام شێوازی نوێ لە داگیرکردنی ئابووری بە تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو و هێزی کاری مرۆیی هەرزان و کارامە، سنووری نیشتمانی زۆربەی وڵاتانی بەزاندووە.

## ● وڵاتانی هەژار و ئەزموونی حوکمڕانی لە نیو سەدەی پێشوودا

زۆربەی وڵاتانی داگیرکراو لە دوای شەستەکانی سەدەی پێشوودا سەربەخۆیی خۆیانیان بەدەست هێنا. پێشبینی رۆشنبیران و سیاسەتمدارانی ئەو کات ئەوە بوو کە رزگاربوونی ئەو وڵاتانە و خۆبەڕێوەبردن و سەربەخۆیی رێگە خۆش دەکات بۆ گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی خێرا. سەرچاوەی



پرۆفیسۆر د. لەتیف کەریم واحید
بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەم بۆچوونەش دەگەڕایەوە بۆ ئەو ئاراستە فکرییە کە وڵاتانی داگیرکەر نەیاندەهێڵا ئەو وڵاتانە پێش بکەون، بە چەوساندنەوەو تاڵانبردنی سامانی وڵاتانی داگیرکراو توانای گەشەکردنیان لێ زەوت کردبوون. ئێستا کە سەربەخۆن و بوون بە خاوەنی سامانی خۆیان، دەرگا ئاواڵا دەبێت بۆ گەشەکردنیان. بەڵام بەداخەوە ئەزموونی حەفتا ساڵەی رابردوو لە زوربەی وڵاتانی هەژاردا بە پێچەوانەی پێشبینییەکانی ئەو کاتەوە بوو. زۆربەی ئەو وڵاتانە بە هەژاری و دواکەوتوویی مانەوە و کەوتنە ژێر هاواری قەرز و هەژموونی وڵاتانی پێشکەوتووەوە. هۆکاری گەشەنەکردنی ئەو وڵاتانەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی، یەکەم: حوکمڕانیی دیکتاتۆری و گەندەڵ کە سامانی ئەو وڵاتانەیان بەهەدەر دەدا. دووەم: پشتبەستن بە کاڵا سرووشتییەکان وەك سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی وڵات. لە وانەش نەوت و گاز و کانزاکان و کاڵا کشتوکاڵییەکان. بێگومان ئەم دوو هۆکارە پەیوەندیی راستەوخۆیان بە یەکەوە هەیە. کاڵا سرووشتییەکان بە ئاسانترین رێگە زۆرترین داهات دەهێننە وڵاتەوە، هەر بۆیە حکومڕانەکانی وڵاتە هەژارەکان بیر لە گەشەپێدان و دروستکردنی سەرچاوەی داهاتی دیکەی ناکەنەوە کە پشت بە تەکنەلۆجیای سەردەم دەبەستێت. بۆ نموونە، وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەپێی بۆچوونی زۆر لە ئابووریناسان ئەگەر داهاتی نەوت و گاز لە داهاتی ئەو وڵاتانە دەربکەیت، هەموویان وڵاتانی شکستخواردوویان لێ دەردەچێت.

**● حکومەتی داهاتووی کوردستان**

ئەزموونی چوار ساڵی پێشوو ئەوە نیشان دەدات کە کوردستان لەو وڵاتانەی لە سەرەوە باسکران زۆر جیاوازتر نییە. پشتبەستن بە داهاتی نەوت جا چ جای لە فرۆشتنی راستەوخۆی نەوتەوە بێت، یا لە حکومەتی عێراقەوە، بووەتە مایەی دروستبوونی دەوڵەتێکی کرێ وەرگر (Rentier state). دەوڵەتێك ئەگەر داهاتی نەوت لە بودجەکەی وەدەربێنی، داهاتەکەی بەشی دەیەکی خەرجییەکەی خۆی ناکات. هەر بۆیە حکومەتی ئێستای هەرێمی کوردستان لەژێر دوو مەترسیی گەورەدایە، یەکەم: نە حکومەتی عێراق و نە سیاسەتمەدارەکانی متمانەیان پێناکرێت کە ئەو بەشە بودجەی شایستەی کوردستانە بینێرن، چونکە هیچ رێزێکیان بۆ دەستوور و رێککەوتنی سیاسی نییە. ئەزموونی

**نە حکومەتی عێراق و نە سیاسەتمەدارەکانی متمانەیان پێناکرێت کە ئەو بەشە بودجەی شایستەی کوردستانە بینێرن، چونکە هیچ رێزێکیان بۆ دەستوور و رێککەوتنی سیاسی نییە**

**حکومەتی کوردستان هیچ پاڵپشتێکی نێودەوڵەتی نییە بەرامبەر حکومەتی عێراق کە رێزی بۆ هیچ رێککەوتن و یاسایەک نییە**

چوار ساڵی پێشوو شایەتی ئەم رایەیە و حکومەتی کوردستانیش هیچ پاڵپشتێکی نێودەوڵەتی نییە بەرامبەر حکومەتی عێراق کە رێزی بۆ هیچ رێککەوتن و یاسایەك نییە. بۆیە حکومەتی کوردستان دەبێت پێشبینی ئەوە بکات کە ئەگەری ئەوە هەیە حوکمڕانەکانی نوێی بەغدا رۆژێك بە سەریاندا بێت وەك حکومەتەکەی مالیکی و عەبادی بەشە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ببڕن.

دووەم، بازاڕی نەوت زۆر بازاڕێکی ناجێگیرە. سیاسەتەکانی شەڕی بازرگانی (Trade war) حکومەتی ئێستای ئەمریکا پێشبینی دەرئەنجامی باشی لێناکرێت. شەڕی بازرگانی بە پێناسەی خۆی دەبێتە هۆی کەمکردنی بازرگانی و قەیرانی ئابووریی جیهانی. بێگومان هەموو قەیرانێکیش دەبێتە مایەی دابەزینی خواست لە سەر کاڵا سەرەتاییەکان بە نەوت و گازەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی دابەزینی خێرای نرخی نەوت کە سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی کوردستانە. بۆیە ئەگەر کوردستان بتوانێت نەوتی خۆیشی بفرۆشێت بەپێی ئەم پێشبینییە مەترسیی گەڕانەوەی ئەزموونی کەمداهاتی ساڵانی پێشوو و قەیرانی ئابووری زۆر لە ئارادایە.

هەردوو ئەگەری سەرەوە دەمانخانە بەر ئەو پرسیارەی حکومەتی نوێی کوردستان دەبێت چی بکات بۆ ئەوەی لە مەترسییەکانی گەڕانەوەی ئەزموونی بێ داهاتی و قەیرانی ئابووریی چوار ساڵی پێشوو کەم بکاتەوە. وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر ئاسان نییە، چونکە کەلتووری پشتبەستن بە داهاتی ئاسانی نەوت و دروستکردنی حکومەتێکی زەبەلاح نەك لە لای حکومەت جێگیر بووە، بەڵکو لەلای خەڵکی کوردستانیش بووە بە کەلتوور.

## ● پێشنیارەکانی سیاسەتی ئابووری بۆ حکومەتی داهاتوو

سەلیقە (Common Sense) پێمان دەڵێت: لە بارودۆخی وادا دەبێت حکومەت خەرجییەکانی کەم بکاتەوە و داهاتەکانی ناوخۆی فرەسەرچاوە و بەرز بکاتەوە. بەڵام ئەمە بە گوتن ئاسانە و بە کردەوە کارێکی هەرقلیانەیە. زۆربەی ئەو کەس و رێکخراوانەی پشت بە حکومەت دەبەستن، پێیان ناخۆشە حکومەت خەرجییەکانی کەم بکاتەوە، چونکە دەترسن داهاتی ئەوانیش کەم بکرێتەوە، لە هەمان کاتدا زۆربەی خەڵکی کوردستانیش ئالوودەی خزمەتگوزاری بێبەرامبەر بوون، بە بێ ئەوەی خۆیان وەك هاونیشتمانیانی وڵاتانی پێشکەوتوو هیچ ئەرکێك بخەنە سەر شانی خۆیان. بۆیە حکومەتی داهاتووی کوردستان دەبێت پێ بنێت بە جەرگی خۆیداو سیاسەتگەلێك تەبەنی بکات کە رەنگە زۆر خەڵك لە کورتخایەندا پێیان ناخۆش بێت. ئەو سیاسەتە ئابوورییانەش بە کورتی ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

یەکەم: دامەزراندنی سیستەمێکی باجی پێشکەوتوو (Progressive Taxation System) لە چەشنی سیستەمەکانی ئەو وڵاتانە کە پشت نابەستن بە داهاتی کاڵا سرووشتییەکان. واتە هەموو تاك و جێگایەکی کار بەپێی توانا لە هەموو کارەکانیاندا باج بدەن. بە کوردییەکەی لە زۆر زۆر و لە کەم کەم. بۆ گەیشتن بەم مەبەستەش دەبێت هەموو تاکێك (لە سەرووی تەمەنی شازدە ساڵییەوە) و هەموو جێگەیەکی کار لای حکومەت ناونووس بکرێن و ژمارەیەکی تایبەت بە خۆیانیان پێ بدرێت. بۆ تاکەکان پێی دەگوترێت «ژمارەی بیمەی نیشتمانی»، بۆ کۆمپانییەکانیش پێی دەگوترێت «ژمارەی ناونووسکراو»، لە هەمان کاتدا هیچ کەسێك، یا خاوەن کارێك کار وەرنەگرێت بە بێ هەبوونی ئەو شێوە ناونووسینە. بۆیە دەبێت هەر تاکێك و جێگەیەکی کار بە پێی توانایەکی دیاریکراو کە پسپۆڕان دیاری دەکەن لە داهاتەکانیان باج بدەن.

دووەم: دەبێت حکومەت بە یەکجارەکی واز لە سیستەمی دامەزراندن بهێنێت، هەر لە بەر ئەوەی خەڵك خوێندنیان تەواوکردووە. لە هەمان کاتدا بیر لەوە بکاتەوە کە چۆن هەلی کار بۆ ئەو کەسانە بدۆزێتەوە کە لە سیستەمی حکومەتدا دامەزراون، بەڵام بێکارن.

سێیەم: پێویستە حکومەتی بەرهەمهێن دروست بکرێت. واتە حکومەت دەست بکات بە بەرهەمهێنانی ئەو کاڵایانەی کە سەرمایەداری تایبەت تا ئێستا دروستیان نەکردووە. بۆ نموونە پیشەسازییە بچووك و ستراتیژییەکان.

**زۆربەی ئەو کەس و رێکخراوانەی پشت بە حکومەت دەبەستن، پێیان ناخۆشە حکومەت خەرجییەکانی کەم بکاتەوە، چونکە دەترسن داهاتی ئەوانیش کەم بکرێتەوە**

**زۆربەی خەڵکی کوردستان ئالوودەی خزمەتگوزاری بێبەرامبەر بوون، بە بێ ئەوەی خۆیان وەک هاونیشتمانیانی وڵاتانی پێشکەوتوو هیچ ئەرکێک بخەنە سەر شانی خۆیان**

**دەبێت حکومەت بە یەکجارەکی واز لە سیستەمی دامەزراندن بهێنێت، هەر لە بەر ئەوەی خەڵک خوێندنیان تەواوکردووە. لە هەمان کاتدا بیر لەوە بکاتەوە کە چۆن هەلی کار بۆ ئەو کەسانە بدۆزێتەوە کە لە سیستەمی حکومەتدا دامەزراون، بەڵام بێکارن**

**دەبێت حکومەت هانی وەبەرهێنانی دەرەوە بدات لە بوارەکانی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و کشتوکاڵیدا. بۆ ئەمەش پێویستە سیستەمی هاندانی لەبار بگرێتە بەر نەک دانانی بەربەست و باج و رۆتینیی نابەجێ**



واتە ئەو پیشەسازییانەی یا قازانجیان کەمە بۆ سەرمایەداری تایبەت، بەڵام بازاڕیان لە کوردستاندا هەیە، یا ئەو پیشەسازییانەی کە لە رووی تەکنەلۆژی و پێداویستیی نیشتمانییەوە بە ستراتیژی لە قەڵەم دەدرێن. بەم شیوەیەش حکومەت لە لایەك هەلی کار بۆ کرێکار دروست دەکات و لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەی داهات بۆ خۆی دەدۆزێتەوە. لە هەردوو حاڵەتی سەرەوەدا دەبێت دەستەیەکی پسپۆڕ لە سەر بناغەی هەڵبژاردنی پیشەسازیی سەرکەوتوو (Picking the Winner Industry) بڕیاری هێنانەدی پیشەسازی نوێ بدات.

چوارەم: پێویستە بۆ هاندانی کەرتی تایبەت حکومەت لە سەر بناغەی دەستپێشخەریی هاوبەش (Joint Venture) هانی کەرتی تایبەت بدات بۆ هینانەدی و دامەزراندنی پیشەسازیی هاوبەش. لێرەشدا حکومەت لەلایەك مەترسییەکانی زیان و شکستخواردن بۆ کەرتی تایبەت کەم دەکاتەوەو لە لایەکی دیکەش ئەگەر سەرکەوتوو بێت، داهاتەکانی خۆی بەرزدەکاتەوە.

پێنجەم: دەبێت حکومەت هانی وەبەرهێنانی دەرەوە بدات لە بوارەکانی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و کشتوکاڵیدا. بۆ ئەمەش پێویستە سیستەمی هاندانی لەبار بگرێتە بەر نەك دانانی بەربەست و باج و رۆتینیی نابەجێ.

لەکۆتاییدا دەبێت فەرمانڕەوایانی کوردستان ئەوە بزانن کە وڵاتی بێ سیستەمی باجی مۆدیرن وڵاتێکی شکستخواردووەن، تەنانەت ئەگەر پارەداریش بێت. لە هەمان کاتدا، لە هەر ئابوورییەکدا ئەگەر قەبارەی ئابووریی نافەرمی (نە نووسراو و نەناسراو لە لایەن حکومەتەوە) گەورە بێت، ناتوانرێت ئەو ئابوورییە ئاراستە بکرێت و پلانی بۆ دابنرێت. ئابووریی نافەرمی وەك ئابووریی کوردستان دەبێتە هۆی وشککردنی داهاتی حکومەت و بێسەروبەری. خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کە لە وڵاتێکی هەژاری وەك کوردستاندا دەبێت حکومەت ببێتە حکومەتێکی بەرهەمهێن، نەك تەنیا بەکاربەر. ئەزموونی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا لە چل ساڵی رابردوودا شایەدی سەرکەوتنی ئەم روانگەیەن.

# حکومەتی بەهێز بە ریفۆرمی فیکری و وەرچەرخان لە هەڵسووڕاندنی تەقلیدیی دامەزراوەکان بونیاد دەنرێت

پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی ئەیلوولی رابردوو، بە «دروشمی بونیادنانی کوردستانێکی بەهێز» بەشداری هەڵبژاردنی کرد و سەرەنجامیش ٤٥ کورسی بە دەنگی خەڵکی کوردستان بەدەستهێناوە، ئەم ئاکامەش بە فەرمی لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان راگەیەندراوەو لەلایەن دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمیشەوە پەسەند کراوەو، ئێستا ئامادەکاری بۆ یەکەمین دانیشتنی خولی تازەی پەرلەمان دەکرێت، دوای ئەویش پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستپێدەکات، کە هەموو مەزندەکان لەسەر ئەوە چڕدەبنەوە کە دەبێت حکومەتێکی بەهێز بێت.

لێرەوە گرنگە دەروازەی باسەکەمان بە پرسیارێك دەستپێبکەین، ئایا حکومەتی بەهێز چۆن بونیاد دەنرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە شێوەیەکی گشتی ئەوەیە کە حکومەتی بەهێز ئەو حکومەتەیە کە لە پرۆسەی بڕیاردروستکردندا پشت بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی ببەستێت، لەجێبەجێکردنی بڕیارەکانیشیدا دەبێت بە شێوەیەکی گشتگیر بەسەر هاووڵاتیاندا جێبەجێ بکرێت و هیچ جیاوازییەك نەکرێت. ئەمەش بە ریفورمێکی قووڵ و ریشەیی دەکرێت، کە دەکرێت پۆلێنی بکەین بۆ دوو بەش، یەکەمیان: ریفۆرمی فیکری، دووەمیان: وەرچەرخان لە شێوازی تەقلیدی لە هەڵسووڕاندنی رۆژانەی دامەزراوەکاندا «ریفۆرمی رەفتاری»، هاوشانی ئەم دوو خاڵەش دەبێت حکومەت پرۆگرامێکی پەرەپێدانی بەردەوامی لە بواری پەرەپێدانی خزمەتگوزاریی سەرەکی و هەروەها پەرەپێدانی سەرمایەی مرۆیی هەبێت.



**د.ساحیب قارەمان**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

## ریفۆرمی فیکری بە چ میکانیزمێك دەكرێت؟

**● ١- پشتبەستن بە هونەری ئیدارە.**

پێش ئەوەی باسی ریفۆرمی فیکری بکەین، گرنگە ئەو پرسیارە بکەین، ئایا کارە سەرەکییەکانی هەر حکومەتێکی سەرکەوتوو چین؟ بێگومان بریتین لە سێ کاری سەرەکی کە ئەوانەن:

١- شێوازی ئیدارەدانی دامەزراوەکان بە سەرکەوتوویی.

٢- شێوازی پرۆسەی بڕیار بەشێوەیەکی لۆژیکیی دروست.

٣- جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی دروستی کردوون.

سەبارەت بە خاڵی یەکەمیان کە شێوازی ئیدارەدانی دامەزراوەکانە بە سەرکەوتوویی، پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا ئیدارەدان پێویستی بە چییە؟ بێگومان پێویستی بە هونەری ئیدارەدانە (فن الادارة)، ئەمەش راشکاوانە مانای ئەوەیە پێویستە ئەو کەسانەی هەڵدەبژێردرێن بۆ وەزارەتەکانی ئەم کابینەیە، گرنگە ئەو کەسانە بن کە شارەزان لە هونەری ئیدارەدانی دامەزراوەکانی دەوڵەت، هەر بۆ نموونە ئەگەر وامان دانا وەزیری وەزارەتێك لە کارەکەی خۆی شکستی هێنابێت، لەم کابینە نوێیەدا وەزیرێکی تازە دێت، ئەگەر ئەم وەزیرەش بە هەمان میتۆد و شێوازی پێشتر درێژە بە کارەکانی بدات، ئەمە مانای ئەوەیە تەنیا دەموچاوەکان گۆڕان و شێوازی کارکردن گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە. هەر بۆیە ئەم حاڵەتە پێویستی بە ریفۆرمی فیکری هەیە بۆ ئەوەی ئەو شێوازە کۆنەی ئیدارەدانی

دامەزراوەکان بگۆڕێت بۆ فیکرێکی نوێ لە چوارچێوەی هونەری ئیدارەدا.

لایەنێکی دیکە کە هەندێك جار بۆ ئەنجامدانی ریفۆرم لە حکومەتدا ئاماژەی پێدەکرێت، مەسەلەی دانانی کەسانی تەکنۆکراتە لە پۆستە وەزارییەکاندا، سەبارەت بەم پرسە راستە کەسی تەکنۆکرات لە پسپۆڕییەکەی خۆی شارەزایە، بەڵام مەرج نییە هەموو تەکنۆکراتێك لە هونەری ئیدارەداندا سەرکەوتوو بێت، زۆر جاریش ئەمە تاقیکراوەتەوە، بەڵام نەیتوانیوە کێشەکان چارەسەر بکات، هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەمە ئەوەیە تەکنۆکرات لەناو سیستمەکە دروست دەبێت و لە ناو سیستمە تەکنۆکراتەکەدا پێویستمان بە خەڵکە تەکنۆکراتەکە دەبێت، بۆ خاڵی سەرەکیی هونەری ئیدارەدانی دامەزراوەکانە.

ئەم ئاراستەیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، شێوازی ئیدارەدانی دامەزراوەکانی دەوڵەت لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێکهاتەیەکی تێکەڵەیە لە دوو شێوازی جیاواز کە بریتین لە:

- بەشێك لە شێوازی ئیدارەدانی دامەزراوەکانی دەوڵەت وەك میرات لە رژێمە دیکتاتۆرییەکانی عێراقەوە بۆمان ماوەتەوە، واتە ئەو شێوازەی کە تا راپەڕینیساڵی ١٩٩١ لە هەموو دامەزراوەکاندا پیادە کراوە.
- لەدوای راپەڕین و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵێکی زۆر درا کە سوود لە ئەزموونی دەوڵەتانی دیکە وەربگیرێت و دامەزراوەکان لەسەر میتۆدی سیستمی دیموکراتی بونیاد بنرێنەوە.

لەنێوان ئەم دوو شێوازە، ئێمە نەمانتوانیوە شێوازی ئیدارەدانی دامەزراوەکانی رژێمە دیکتاتۆرییەکانی عێراق بە تەواوەتی بسڕینەوە، بۆیە شێوازێکی دووڕەگی ئیدارەدانی دامەزراوەکانی دەوڵەت لە ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان بوونی هەیە کە هەردوو شێوازەکەی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە.

لەسەر ئەم پرسە و کاتێك باس لە میراتی شێوازی ئیدارەدانی رژێمەکانی پێشوو لە ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین و دەڵێین ئەوانەی پێشتر لە ئیدارەکانی رژێم کاریان کردووە و ئێستاش بە هەمان شێواز و ئەقڵییەت دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵدەسووڕێنن، ئەوا خەڵکانێك دێنە وەڵام و دەڵێن، خۆ ئەو خەڵکانە ئەندامی حزبی بەعس نەبوون و گرنگە سوود لە ئەزموونیان وەربگیرێت، ئەمە لەکاتێکدا پرسەکە ئەوە نییە کە ئەو کەسەی پێشتر لەو دامەزراوانە کاری کردووە، ئەندامی حزبی بەعس بووە یان نە، بەڵکو پرسەکە ئەوەیە کەلچەری شێوازی ئیدارەکە کەلچەرێکی بەعسییانەیە، ئەمە وایکردووە ئەو لاوە تازانەشی خوێندنی زانکۆ تەواو دەکەن و دێنە ناو دامەزراوەکانی حکومەت لە بری ئەوەی لە چوارچێوەی هونەری ئیدارەدا فێری شتێکی تازەیان بکەین، کەچی دێین لەسەر شێوازە کۆنەکە راهێنانی پێدەکەین و ئەگەر لاوێکیش ئەوە رەتبکاتەوە، ئەوا ئەم رەتکردنەوەیە دەبێتە هۆکارێك بۆ دروستبوونی ئاستەنگ لەبەردەم پێشکەوتنیدا، هەربۆیە ئەو شێوازە کۆنە هەوڵدەدات کادری تازەی زانستیش دەستەمۆ بکات و بۆ مەبەستەکانی خۆی بەکاری بهێنێت.

## ● ٢- ریفۆرمی فیکری بۆ دروستکردنی ئۆپۆزسیۆنێکی راستگۆ

بەداخەوە هەتا ئێستا لە پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستاندا ئۆپۆزسیۆنێکی راستگۆمان نەبووە، ئەوەی هەبووە، تەنیا کاری ئەوە بووە پرۆسە سیاسییەکە تێکبشکێنێت و بە تەشهیر و جنێودان بەربەرستی بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حکومەت دروست کردووە، ئەگەر نەتوانرێت ئەم شێوازی ئۆپۆزسیونە ناتەندروستە بگۆڕێن بۆ ئۆپۆزسیونێکی راستگۆ، ئەوا ئەگەرچی ئەم شێوازە خەڵکی کوردستانی بێزار کردووە و تا رادەیەك لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە سزای ئەو لایەنانەی داوە، بەڵام ئەو لایەنانە پەنا بۆ گۆڕینی شێوازێکی دیکە دەبەن و لەگەڵ دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوەکانی ئەم خولە تازەیەی پەرلەمان ئەوانیش دەست دەکەنەوە بە هەمان شێوازی پێشوویان، بۆ دروستکردنی ئۆپۆزسیۆنێکی راستگۆ، پێویستە حکومەت شێوازێکی ئەوتۆ بگرێتەبەر کە ئۆپۆزسیۆنی ناڕاستگۆ نەتوانێت درێژە بەو شێوازەی پێشووی بداتەوە، ئەمەش بەوە دەکرێت کە وەزارەتەکانی حکومەت لە رێگەی ماڵپەڕە

**حکومەتی بەهێز ئەو حکومەتەیە کە لە پرۆسەی بڕیاردروستکردندا پشت بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی ببەستێت، لەجێبەجێکردنی بڕیارەکانیشیدا دەبێت بە شێوەیەکی گشتگیر بەسەر هاوولاتیاندا جێبەجێ بکرێت و هیچ جیاوازییەک نەکرێت، ئەمەش بە ریفورمێکی قووڵ و ریشەیی دەکرێت**

**ئێمە نەمانتوانیوە شێوازی ئیدارەدانی دامەزراوەکانی رژێمە دیکتاتۆرییەکانی عێراق بە تەواوەتی بسڕینەوە، بۆیە شێوازێکی دووڕەگی ئیدارەدانی دامەزراوەکانی دەوڵەت لە ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان بوونی هەیە کە هەردوو شێوازەکەی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە**

ئەلیکترۆنییەکانیانەوە بە شێوەیەکی شەفافانە داتاو زانیارییەکانیان بڵاو بکەنەوە و متمانە بۆ هاووڵاتی دروست بکەنەوە کە ئەوەی ئەو لایەنانە دەیڵێن راست نییە، هەر بۆیە فاکتەری سەرەکی بۆ سەرکەوتن و بەهێزیی حکومەت بوونی ئۆپۆزسیونێکی راستگۆیە، دەستنیشانی هەڵەو پێشێلکاری کارەکانی حکومەتی بۆ دەکات.

**● ٣- ریفۆرمی فیکری لە شێوازی کاری پەرلەمانی و رەفتاری پەرلەمانتارەکاندا**

دەبێت زۆر بە راشکاوی پەرلەمان ئەوە بزانێت کە کاری ئەو یاسادانان و چاودێریکردنی کارەکانی حکومەتە بەوەی چۆن بەرنامەکەی جێبەجێ دەکات، سەبارەت بە ئەرکی یەکەمیان کە یاسادانانە، یان یاسا هەمموارکردنە، دیارە هەموو ئەو یاسانەی پەرلەمان دەریدەکات، بەشێوەیەکی سەرەکی کاری لیژنەکانی ناو پەرلەمانە، لە پەرلەمانەکانی وڵاتانی پێشکەتوو، زۆر جار بینیومانە کە پرۆژە یاسایەك، یان بڕیارێکی پەرلەمان دەخوێندرێتەوە، دەبینین تەنیا ئەو چەند کەسە ئامادەن کە ئەندامانی ئەو لیژنەیەن، دوای ئەوەی ئەم پرۆژە یاسایە، یان ئەم بڕیارە بەرزکرایەوە بۆ ئەوەی دەنگدانی لەسەر بکرێت، ئەوا ئەندامەکانی دیکە ئامادەی دانیشتنە فراوانەکەی پەرلەمان دەبن و دەنگی خۆیان لەسەر یاساکە دەدەن و پاشان هەر پەرلەمانتارێك دەچێتەوە نووسینگەکەی خۆی و کار لەسەر ئەو پرسە دەکات کە لە لیژنەکەی خۆیدا پێویستە کاری لەسەر بکات، بەداخەوە لە پەرلەمانی کوردستان هەتا ئێستا ئەم شێوازە نەبۆتە نەریتێکی پەرلەمانی، بەپێچەوانەوە بەشێك لە پەرلەمانتاران ئەوانەی خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن دەزانن، هێندەی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەردەکەون، هێندە لەناو پەرلەمان نابیندرێن، ئەمە لەکاتێکدا کاری سەرەکیی ئەو پەرلەمانتارە ئەوەیە لەناو لیژنەکەی خۆی کار بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیانی کوردستان بکات.

لایەنێکی دیکە ئەوەیە کە پارتی بە حوکمی ئەوەی خاوەنی گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمانییە و ٤٥ کورسی هەیە، ئەرکێکی قورسی بۆ ریفۆرمی فیکری لەکاری پەرلەمانی و ریفۆرم لە رەفتاری پەرلەمانتارەکاندا دەکەوێتە سەرشان، بۆیە دەبێت لە فراکسیۆنەکەی خۆیەوە دەست پێ بکات و لیژنەیەکی راوێژکاری زانستی بۆ هەموو بوارەکانی کاری پەرلەمانی بۆ هاوکاری فراکسیۆنەکەی دروست بکات، بۆ ئەوەی بە پشتبەستن بە دیراسەت و لێکۆڵینەوە پێشنیاری یاسای باشتر بکەن بۆ دەرکردنی ئەو یاسایانەی کە پێویستن و هەموارکردنەوەی ئەو یاسایانەی کە پێویستیان بە هەموارکردنەوە هەیە، لەناو پەرلەمانیشدا گرنگی بە کۆی لیژنەکانی پەرلەمان بدرێت و ئەوە بکرێتە نەریت کە هەموو لیژنەکانی پەرلەمان ئەو خەڵکانە بانگهێشتی پەرلەمان بکەن و گوێیان لێ بگرن، کە لە بواری ئەو لیژنەیەدا تایبەتمەندن، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە ئەو پڕۆژانەی ئەو لیژنانە پێشکەشی دەکەن، پڕۆژەی زانستی بن و لەسەر بنەمایەکی لۆژیکی کاریان لەسەر کرابێت. دەربارەی رەفتاری پەرلەمانتارەکانیش کە کەمتر لە ناو لیژنەکانی خۆیان کاردەکەن و زیاتر بۆ خۆدەرخستن لە میدیاکانەوە دەردەکەون، ئەوا دەبێت پەرلەمان بە ڕێگەی ئەو ئەندامانی لیژنەکانی خۆیەوە ئەو هەڵانە راست بکاتەوە کە رەفتاری پەرلەمانتارەکان دروستی دەکەن.

کاری دووەمی پەرلەمان کە چاودێریکردنی کارەکانی حکومەتە، ئەمەش ڕێوشوێنی خۆی هەیەو دەبێت هەوڵەکان بۆ راستکردنەوەی هەڵە، یان کەموکورتییەکانی حکومەت بێت و بۆ ئەمەش میکانیزمی تەواویان لەبەردەستە و دەتوانن وەزیرەکان بانگ بکەن و لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکەن، یان تەنانەت متمانەشیان لێ وەربگرنەوە. بۆیە ئەگەر بە فیکرێکی تازە پەرلەمان خۆی ڕێك بخاتەوە، رۆڵێکی هێجگار کاریگەری دەبێت لە ناو پرۆسەکەدا و فاکتەرێکی گرنگیش دەبێت بۆ سەرکەوتنی حکومەت.

**٤- ریفۆرمی فیکری لە دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا**

گرنگە بە بەبیرکردنەوەیەکی تازە هەنگاو بۆ دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان کەرتی گشتی (حکومەت) و کەرتی تایبەت بنرێت، ئەوەی تا ئێستا حکومەت لە بواری کەرتی تایبەت گرنگی پێداوە، پرسی باجەکانە، ئەمەش

**هەتا ئێستا لە پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستاندا ئۆپۆزسیۆنێکی راستگۆمان نەبووە، ئەوەی هەبووە، تەنیا کاری ئەوە بووە پرۆسە سیاسییەکە تێکبشکێنێت و بە تەشهیر و جنێودان بەربەرستی بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حکومەت دروست کردووە**

**بۆ دروستکردنی ئۆپۆزسیۆنێکی راستگۆ، پێویستە حکومەت شێوازێکی ئەوتۆ بگرێتەبەر کە ئۆپۆزسیۆنی ناڕاستگۆ نەتوانێت درێژە بەو شێوازەی پێشووی بداتەوە**

**بەشێک لە پەرلەمانتاران ئەوانەی خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن دەزانن، هێندەی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەردەکەون، هێندە لەناو پەرلەمان نابیندرێن، ئەمە لەکاتێکدا کاری سەرەکیی ئەو پەرلەمانتارە ئەوەیە لەناو لیژنەکەی خۆی کار بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیانی کوردستان بکات**

**بڕیاری دروست لە چوارچێوەی پرۆسەیەکدا ئامادەکرێت کە پشتی بە توێژینەوە و لیکۆڵینەوەی زانستی بەستووە، بۆیە گرنگە لەسەر ئاستی ئەو بڕیارانەی لە ئەنجومەنی وەزیران، یان ئەنجومەنی وەزارەتەکان دەدرێن، لەسەر بنەمای دیراسەت و لیکۆڵینەوەی زانستی بێت**

لەبەر ئەوەیە حکومەت سیستمی باجدانی وەك سەرچاوەیەکی داهات سەیر کردووە، بەڵام ئەم سیستمە پێویستی بە فراوانکردن هەیە و لەبەر ئەوەی پێویستمان بە دابینکردنی خزمەتگوزاری سەرەکییە بۆ هاووڵاتیان، ئەم خزمەتگوزارییانەش کە پەیوەندی بە تاك بە تاکی کۆمەڵگەی کوردستانەوە هەیە، ئەوا گرنگە سیستمی باجدان بە شێوەیەك ڕێکبخرێتەوە کە هاووڵاتیانیش لە ڕێگەی باجدانەوە پشکداری ئەم پرۆسەیە بکەن، لایەنێکی دیکەی پەیوەندیی نێوان حکومەت و کەرتی تایبەت، بەتایبەتکردنی هەندێك کەرتە وەك کەرتی کارەبا، بەڵام ئەم بەتایبەتیکردنە وەك پێویست نییە، لەبەر ئەوەی کەرتی تایبەت کارەبا بەرهەم دەهێنێت، بەڵام لە دابەشکردندا دەیداتەوە دەست حکومەت، کە دەبوو هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی بەتایبەتکردنی ئەو کەرتە بوونایە و سیستمێکی تازەی دابەشکردنی کارەبا دابمەزرێت و کەرتی تایبەت ڕاستەوخۆ پارەی کارەبا لە هاووڵاتیان وەربگرێت، ئەگەر سەرنج بدەین ئەو کارەبایەی بەرهەمدێت بە هۆی ئەوەی تۆڕی دابەشکردنەکە کۆنە، بەشێکی زۆری بەهەدەر دەڕوات، بۆیە دەبێت بە ڕێگەی دەرکردنی یاسایەکی تازە لەم خولەی تازەی پەرلەماندا، ئەو هاوسەنگییە باشتر ڕێکبخرێت.

### ● ریفۆرم لە شێوازی هەڵسووڕاندنی تەقلیدیی دامەزراوەکاندا

ئەگەر زۆر ڕاشکاوانە پەنجە بخەینە سەر خاڵە لاوازەکانی شێوازی هەڵسووڕاندنی تەقلیدی کە پێشتر بە شێوازێکی دووڕەگی ئیدارەدانی دەوڵەت ئاماژەمان پێکرد، ئەوا دەبێت بڵێین، ئەم شێوازە نەك هەر بۆتە سەرچاوەی دروستبوونی گەندەڵی لە دامەزراوەکاندا، بەڵکو ئەم شێوازە بۆتە هۆکاری بەرهەمهێنانی بە گەندەڵیکردن، واتە ئەگەر کەسێك گەندەڵیش نەبێت، کە هاتە ناو ئەو شێوازە تەقلیدییەی هەڵسووڕانی دامەزراوەکانەوە، ئەوا گەندەڵ دەبێت، بێگومان لە درێژەدان بەم سیاسەتی بەگەندەڵیکردندا، حزبە سیاسییەکانیش ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە کە پلە و پۆستەکانیان لەسەر بنەمای خزم و ناسیاوی پڕکردۆتەوە، ئەوانیش کە هاتوون لەگەڵ ئەو ستافە کۆنە کاریان کردووە کە هەموو خەمیان ئەوە بووە گیرفانی خۆیان پڕبکەن. هەروەها لایەنێکی دیکەی گرنگ و سلبیی دەرهاویشتەی ڕەفتاری ئەو شێوازی هەڵسووڕاندنە تەقلیدییە، ئەوەیە کاریگەرییەکی گەورەو سلبی لەسەر ئاکاری کۆمەڵگە جێهێشتووە و بێمتمانەییەکی گەورەی لە نێوان خەڵك و حکومەتدا دروستکردووە. هەر بۆ نموونە: ئەگەر ئێستا ڕاپرسییەك بکەین و بزانین خەڵك چی لە حکومەت دەوێت، بەشی زۆریان داوای ئەوە دەکەن کە حکومەت دایانبمەزرێنێت، بەشێکی ئەم داوایە بۆ ئەوە نییە کە بواری دیکە نییە خزمەتی تیا بکات، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ئەو شێوازە تەقلیدییەی دامەزراوەکانی پێ هەڵدەسووڕێت، بۆتە چەترێك بۆ شاردنەوەی بێکاریی ڕووپۆشکراو، یان ئەوانەی بە زمانی خەڵکی پێیان دەگوترێت (بندیوار)، ئەوجا بۆ ئەوەی ئەم شێوازە تەقلیدییە لە هەڵسووڕاندنی دامەزراوەکان بگۆڕێت بۆ شێوازێکی هاوچەرخ کە هەموو ئەو بوارانە ڕاست بکاتەوە کە دەرهاویشتەی ئەم شێوازە تەقلیدییە دروستی کردوون، ئەوا دەبێت ریفۆرمێکی فیکری لە شێوازی هەڵسووڕاندنی دامەزراوەکاندا بکرێت.

### ● شێوازی دروستکردنی بڕیار لە پرۆسەی بڕیاردروستکردندا

بڕیاری دروست لە چوارچێوەی پرۆسەیەکدا ئامادەکرێت کە پشتی بە توێژینەوە و لیکۆڵینەوەی زانستی بەستووە، بۆیە گرنگە لەسەر ئاستی ئەو بڕیارانەی لە ئەنجومەنی وەزیران، یان ئەنجومەنی وەزارەتەکان دەدرێن، لەسەر بنەمای دیراسەت و لیکۆڵینەوەی زانستی بێت و پاشان ئەم پڕۆژەیە بکرێتە جێگەی وتووێژ و دەوڵەمەندکردن و لە ناو ئەنجومەنی وەزیران، یان ئەنجومەنی وەزارەتەکان بکرێتە بڕیار و بخرێتە واری جێبەجێکردنەوە. وەك دیاردەیەکی گشتی بۆ ناسینەوەی حکومەتی بەهێز، چۆنیەتی ئەو بڕیارانەیە کە ئەو حکومەتە و وەزارەتەکانی دەریدەکەن، لە حکومەتی بەهێزدا ئەم پرۆسەیە گرێ دراوەتەوە بە دیراسەت و لێکۆڵینەوەی زاستی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە بوارەکانی حکومەت هەمەلایەنن و مەرج نییە ئەو شێوازی بڕیاردروستکردنەی بۆ نموونە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ ڕاست بێت، هەمان شێواز



بۆ وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان راست بێت. ئەمە وادەکات خەڵکێکی زۆری پسپۆڕ و ئەکادیمی هاوکاری دروستکردنی بڕیارەکانی حکومەت بن لە بوارە جیاوازەکاندا، بەڵام پاشان لە ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی وەزارەتەکان بە چ شێوازێك وتووێژ لەسەر ئەم پرۆژەیە دەکەن و دەنگی لەسەر دەدەن و دەیکەنە بڕیار، ئەمەیان شتێکی دیکەیە، بەڵام ئەوەی گرنگە پێشتر لەلایەن گرووپێکی پسپۆڕەوە پرۆژەکە هەموو رەهەندەکانی لەبەرچاو گیراوە و ئامادەکراوە.

● **چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاسا و بڕیارەکان**

خاڵێکی لاوازی شێوازی حکومڕانی هەرێمی کوردستان هەتا ئێستا، ئەوە نییە کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان یاسامان نییە، یان حکومەت نەیتوانیوە بڕیار بدات کە چۆن ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن، بەڵکو خاڵی لاواز ئێمە ئەوە بووە کە نەمانتوانیوە ئەو یاسا و بڕیارانە وەك خۆی بەسەر هەموو لایەکدا جێبەجێ بکەین، ئەوجا ئەم یاسا و بڕیارانە تەنیا پەیوەست نین بە هۆکاری سیاسی. لە هەموو بوارەکانی حکومەتدا یاسا و بڕیارەکان بە شێوازی جیاواز جێبەجێ دەکرێت، هەر بۆ نموونە بڕیاری قەدەغەکردنی زیادەڕۆیی بۆ سەر زەوییەکانی شارەوانی، دەبینین لە هەندێك شوێن دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئەو زێدەڕۆییانە لادەبات، بەڵام لە هەندێك شوێن ئەو زیدەڕۆییانە بوونەتە ئەمری واقیع و بە ناچاری حکومەت لەسەریان تاپۆ دەکات. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر زێدەڕۆیی بۆسەر زەویی شارەوانی ببێتە ئەمری واقیع، باشە دەبێت بایەخی ئەو یاسا و بڕیارانە چی بن کە ئەم دیاردەیە قەدەغە دەکات؟ ئەمە بۆ زەوییە کشتوکاڵییەکان و بواری قاچاخچێتی دەرمان و سیاسەتی بازاڕ و .. و هتد هەروایە. بۆیە خاڵی هەرە بەهێز لە حکومەتێکدا کە بتوانین پێی بڵێین حکومەتێکی بەهێز، ئەوەیە لە هەموو بوارەکاندا بتوانێت یاسا و بڕیارەکانی جێبەجێ بکات، ئەمەش وەك چۆن بەم دواییە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری رێگرتن لە قاچاخچێتی دەرمان گرتیەبەر، بۆیە ئەگەر بەهەمان شێوە ئەو هیممەتە هەبێت کە لە بوارەکانی دیکەش بە هەمان شێوازی بواری دەرمان یاسا و بڕیارەکان جێبەجێ بکرێت، ئەوا ئومێد دەکرێت حکومەتی داهاتوو حکومەتێکی بەهێز بێت و نەخشەیەکی رێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی دابنێت.

# حکومەت و خەڵک

دوای ٢٧ساڵ لە حوکمڕانی، ئیتر دەرکەوتووە «بە درەنگیشەوە» کە هەرێمی کوردستان پێویستی بە چ جۆرە حکومەت و کام چەشنی حوکمڕانییە و ئامانجەکانی دەبێ چی بن ...

هەرچەندە دەزگای دەسەڵات هەرگیز بایەخی نەداوە بە بەرهەم و توێژینەوەکانی زانستانی کۆمەڵایەتی (کۆمەڵناسی، ئەنترۆپۆلۆگیا، ئێتنۆگرافیا، دەروونناسیی کۆمەڵایەتی.. کەچی هەموو ئەو بوارانەی حکومەت لێیان سەرکەوتوو نەبووە ڕێک بابەتی سەرەکیی ئەم زانستانەن) و سوودی لێ وەرنەگرتوون،بەڵام بە ئەزموون دەبێ بۆی ڕوونبووبێتەوە کە لەو ماوەیەدا(٢٧ ساڵ) لە چیدا کورتیی هێناوە و ئەمجارەیان ئامانج، ئەرك و بەرنامەی کاری لەپێشینەی خۆی چۆن دادەڕێژێ .. هەروەها میکانیزمی هەنگاونانەکانی بە چ شێوەیەك دادەنێ .

ئەگەر بڕیارە دەسەڵات کۆمەڵگا و کۆمەڵ و خەڵکی بەلاوە ئامانجە، ئەوا لە هەموو ئەو ماوەی ڕابردوودا، کە نزیکەی هەر هەمان لایەن و دەسەڵات و حکوومەت بوو، دەسکەوت و داهێنانی بەرچاوی بۆ ئەمانە نەبووە؛ ئەو گۆڕانکارییانەش کە لە ژیانی خەڵکی هەرێمی کوردستان ڕوویانداوە ئەوەندە دەسکردی دەسەڵات نەبووین، ئەوەندەی بەرهەمی دینامیکای کۆمەڵگاکە خۆین- هەر کۆمەڵگایەکیش لەماوەی چارەگە سەدەیەکدا، کەم و زۆر، دەگۆڕێ. بەپێچەوانەوە- شکست، کورتهێنان، کەمتەرخەمی، بێ منەتی، پشتگوێخستن و چاوپۆشین، ململانێ و هێز و زۆرداری.. ئەمانە سیما ڕوون و ئاشکراکانی دەسەڵات بووین، زەق و هەستپێکراویش خۆیان نواندووە .

دەزگای دەسەڵات ئیتر لەمەودوا دەبێ ئاوڕ لە خۆی بداتەوە، پێداچوونەوە بە توخمە پێکهێنەرەکانی بکات و ئەجیندای هەرەپێویست و کاریگەری ڕابگەیەنێ؛ ئەوەش بسەلمێنێ کە ئێمە سەدەکانی ناوەڕاستمان تێپەڕاندووە و ڕووەو دنیای سەردەمین .

کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی نەبێتە تەنیا ژمارەیەك، دەبێ بەرنامەی کاری تژی بێت لە پرەنسیپ و بەهای نوێ و هەنووکەیی کە بە جێبەجێکردنیان بتوانین هەنگاوبنێین بەرەو چاخی ئێستای کۆمەڵگای مرۆڤایەتی .. لەم بەها و پرەنسیپانەش:

- کابینەیەکی خزمەتگوزار، نەك دەسەڵاتدار و بەشینەوەی ئیمتیاز؛



د. ڕەشاد میران

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

- سەروەرکردنی یاسا و پیادەکردنی .. یاسا هەبێ تاوان و گەندەڵی نابن؛

- چاکردنی ڕەوشی پەروەردە بە دابینکردنی ژێرخان (قوتابخانەی شیاو) و مامۆستا (بەرزکردنی ئاستی بژێوییان)؛

- نەنگییەکی گەورەیە خەڵك بۆ چارەسەری ڕوو لە هەندەران بکەن، ئەمە واتە کۆمەڵگای ئێمە شایانی سەدەی ٢١نییە؛

- زیندووکردنەوەی کشتوکاڵ، هاندان و پشتیوانیکردن لە جوتیاران ...

لە پاڵ ئەمانەشدا، کە هەموویان ئەرك و ئامانجی هەنووکەیی و لەپێشینەن، زۆر گرنگە، بەڵکو پێویستە و کاتی ئەوە هاتووە کاربکرێت لەسەر کولتوور و گەلێك لە بەها کۆمەڵایەتییەکان کە تەگەرەی سەرەکی و کاریگەرن لەبەردەم هەر تەکانێکدا بۆ گۆڕان و پێشڤەچوون .

- بەلای ئێمەوە دەسەڵات بەهای باڵای هەیە- مرۆی بەرپرس دەسەڵاتدار و دەوڵەمەند و بەهێزە؛ ئەمەش ڕەنگیداوەتەوە لە سەرلەبەری شێوازی ژیانیدا (وەنەوشە، خانوو، باڵەخانە، مەزرەعە و حیمایە).. لەکاتێکدا بەرپرس ئەو پلەیەی بۆ خزمەتکردنی خەڵك وەرگرتووە . ئەمە هاوکێشەیەکی سەراوژێرە و دەبێ ڕاست بکرێتەوە، چونکە نامۆیە بە سەدەی بیست ویەك- مرۆی بەرپرس دەبێ خۆی بە خزمەتکار بزانێ، نەك فیرعەون...

- لەگەڵ ئەوەی هەموو کارێك پیرۆزە، کەچی بەداخەوە بەچاوی کەم تەماشای هەندێکیان دەکرێ وەکو: کۆڵبەری، پاککەرەوە، کرێکاری – زێدەکردنێکی بەرچاوی کرێ و مووچەی ئەمانە، وەکو هەنگاوی یەکەم، جۆرە بەهایەك بە کارەکانیان دەبەخشێ .

- خانەنشین، کەم ئەندام و پەککەوتە- ئەمانە کەسانی شکۆدارن، لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا ئەوپەڕی ڕێزیان دەگیرێ و چەندین خزمەتگوزارییان بۆ دابینکراون...

ئەگەر دەزگای دەسەڵات، بەتایبەتیش کابینەی نوێی حکومەتی کوردستان، ئەم خاڵانەی سەرەوە لەبەرچاو بگرێ و هەنگاویان بۆ بنێ، ئەوا هیوابەخش دەبێ لەوەی کە کۆمەڵگا و خەڵکی کردوون بە ئامانج، چاکسازی لە هەندێ بەها و توخمە کولتوورییەکان دەکات و سستەمی کۆمەڵایەتیشمان چیتر ئەوەندە مایەی توانج و شەرمەزاری نابێ- کەسایەتیی تاکەکەسانیش هەندێك دەگۆڕێ.

# مەبەست لە حکوومەتێکی بەهێز چییە؟

ئەم دەستەواژەیە، هەر دەوروبەری ساڵێك دەبێ، کاربەدەستانی ئەمریکایی، بۆ عێراق و بۆ هەرێمی کوردستانیان بەکارهێناوەو بەکاردەهێنن.

ئێمە لە خۆمان نەپرسیوە، داخوا ئەوان چ مەبەستێکیان لەبەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە هەیە؟

پارتی دیموکراتی کوردستان، لەژێر ناوی (کوردستانێکی بەهێز)دا، چووە ناو هەڵمەتی دوا هەڵبژاردنەوەو، بە بەراورد بە هەموو هەڵبژاردنەکانی دیکە لە ١٩٩٢ەوە تا ئێستە، سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێناو، بووەتە حزبی ژمارە یەك و بێ رکابەر، بەو مانایەی کە جیاوازیی لەنێوان خۆی و حزبی دووەمدا، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، (٢٤) کورسییە، واتە دوو هێندە پتری لەو حزبە هێناوە. تەنانەت ئەگەر ژمارەی کورسییەکانی (یەکێتی و گۆڕان و نەوەی نوێ)ش پێکەوە کۆبکرێنەوە دەکەنە ٤١ کورسی کە دیسان لە ژمارەی کورسییەکانی پارتی کەمترە. کەواتە پارتی چۆن لە کوردستانێکی بەهێزو حکومەتێکی بەهێز دەگا؟

هێشتا وەڵامی ئەو پرسیارە، بە لانی کەمەوە لەلای من روون نییە.

لەبەر ئەوە هەوڵ دەدەم، تێڕوانینی خۆم، هەندی عەقڵم پێ بشکێ، دەرببڕم.

لە دنیای ئەمڕۆدا، بە چی دەگوترێ حکومەتێکی بەهێز؟ یان وەکی دی، توخم و رەگەزەکانی حکومەتێکی وەسا چین؟

١) ئەو حکومەتە، ئەسپابەکانی هێزی ماددیی لەبەردەستدا بێ و توانای بەکارهێنانیشی هەبێ. چ بۆ کۆنترۆڵی قەڵەمڕەوی خۆی و بەرزەفتکردن و چ بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هەڕەشەیەکی دەرەکی. لێرەدا هێز بە مانای Hard Power دێ و بەتەنیاش لەبەردەست حکومەتدا بێ. لێرەدا مەبەست (پێشمەرگە، پۆلیس و ئاسایش و هەواڵگرییە). واتە ئەو حکومەتە، توانای پاراستنی قەڵەمڕەوی خۆی هەبێ، چ لە هەر هەڕەشەیەکی ناوەکی و هەر هەڕەشەیەکی دەرەکی. لە ناوخۆی هەرێمدا، دەستوور و قانوون سەروەر بێ و بە کردەوە یەك قەڵەمڕەوی حوکمڕانی بێ، ئەم دیو و ئەو دیوی دێگەڵە نەبێ! لەکاتێکدا و رۆژانە بەبیرمان دەهێندرێتەوە (زێتر مەبەستم ئێران و تورکیایە) کە سنوورەکانی ئێمە پارێزراو نین و ئێمە خاوەن (سیادە)ی خۆمان نین.

٢) ئەو حکومەتە، بنەمایەکی ئابووریی بەهێزی هەبێ، یان سەرچاوەگەلێکی دارایی و ئابووریی بەهێزی هەبێ و لەبەردەستدا بێ. تا ئێستا ئەگەر ئەو ٣١٧ ملیار دینارەی مانگانە لە بەغداوە دێ، لەکاتی خۆیدا نەگا، یان کۆسپی تێ بکەوێ، حکومەت ناتوانێ (ئیستیحقاقات)ەکانی سەری، ئەدا بکا!

٣) حزبی براوەی هەڵبژاردن، بە تەنێ حکومەت پێکبهێنێ (حکومەتێ کە حزبێ بەڕێوەی ببات) و بەرنامەی خۆی لە کاربەڕێوەبردن و حکومەتایەتیکردندا، بۆ ماوەی چوار ساڵ، جێبەجێ بکا. یان ئەگەر یەك دوو حزبیش بەشداری پێ بکا، بەڵام سوکانی حکومەت بەدەست خۆیەوە بێ. کەس لاری لەوەدا نییە، لە وڵاتێکی جێگیرو چەسپاوی دیموکراتیدا، لە هەلومەرجی ئاسایی و نۆڕماڵدا، خاڵی بەهێز ئەوەیە کە حزبێ حوکمڕانی بکا و ئەوانی دیکەش چاودێر بن بەسەریەوە، بەڵام



ئاسۆ کەریم
بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئایا ئەمە لە کوردستاندا دەکرێ کە تێگەیشتنی باو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئیسرائیلی لێ دەرچێ، شتێکی دیکەیەو هەڵبژاردن و حکومەت پێکهێنان، بە (دۆڕاو و براوە) تێ دەگەن.

٤) ئەو حکومەتە، زۆرینەیەکی پارلەمانی لەپشت بێ کە بە ئاسانی نەتوانرێ متمانەی لێ بسەندرێتەوەو، هەر قانوونێکی بوێ بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکەی لە پارلەماندا، بێ قرەو برە، دەنگی لەسەر بدرێ. بە کورتی بڕیاردان و ئیرادەی جێبەجێکردن هەبێ.

٥) بوونی تەکنەلۆجیایەکی پێشکەوتوو لە وڵاتدا کە لە وڵاتی ئێمەدا نییە.

چ پێ نەڤێ و پێویست بە بەڵگەهێنانەوەو فاکت ناکات، خاڵەکانی (١، ٢، ٥)ەم لە هەرێمی کوردستاندا، حاڵی حازر بوونیان نییە. مانای وانییە کە ناکرێ کار بۆ بەدیهێنانی ئەو بنەمایانە بکرێ.

هەرچی خاڵی (٣ و ٤)ەمە، ئەوە لەپاش هەڵبژاردنی ٣٠ی ئەیلوول و دەرکەوتنی ئەنجامەکان، گۆڕانێك بەسەر هاوسەنگیی هێزدا هاتووە، بەڵام چۆن لەگەڵ خاڵەکانی (١ و ٢) دێنە گونجاندن، یان چۆن خزمەتیان پێ دەکەن. ئا لێرەدا، واقیعبینی لە سیاسەتداو دوورتەماشاکردن، شتێکی دیکەت لێ دەخوازن. لەوما، بۆ چوار ساڵی داهاتووش، حکومەتێکی ئیئتلافی لە هەرێمی کوردستاندا، کە یەکێتی نیشتمانی کوردستانی تێدا بێ، زەرورەتێکی سیاسییە. چۆن و لەسەر چ بنەمایەك، ئەوەیان دەوەستێتە سەر دانوستاندن و سازش و سازشکاری.

کەواتە، بۆ هەرێمێکی وەك هەرێمەکەی ئێمە، نابێ ئەو فاکتە لەبیر بکرێ کە تاکە هەرێمێکی ناو دەوڵەتی عێراقە. ویستمان خۆمانی لێ رابپسکێنین، نەمانتوانی و رێگەمان پێ نەدرا. کەواتە زۆر سەرەداوی سیاسی، ئابووری، ئەمنی، ناوچەیی و نێودەوڵەتی، بە تێگەیشتن لەم خاڵە، بۆ ئێمە روون دەبێتەوەو ناکرێ لە دەرەوەی ئەو فاکتە جووڵەیەکی تەواو سەربەخۆ بکەین.

کەواتە، حکومەتێکی بەهێز بۆ هەرێمی کوردستان بە چ مانایەك؟ بە کورتی بەلای منەوە، ئەو حکومەتە، پلان و نەخشەیەکی کۆنکرێتی هەبێ، ئامانجگەلێکی دیاریکراوی هەبێ و توانای بەدیهێنانی ئەو ئامانج و نەخشانەشی هەبێ. حکومەتێ بێ، بتوانێ بڕیار بدا، میکانیزم و رێوشوێنی روونی بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکان هەبێ. حکومەتی (رازیکردنی ئەم و ئەو) و (لەبەر خاتری خاتران) نەبێ. بەو مانایە خواست و ئیرادەیەکی بەهێزی هەبێ.

کەواتە: بەرنامەیەکی روون و کۆنکرێت و عەمەلی. میکانیزمی روونی جێبەجێکردن، دانانی (سەقف)ی زەمەنی بۆ جێبەجێکردنی هەر بڕیارێك. ئەمەش ئەدای باشی لە حکومەت دەوێ. لەبەر ئەوە دەبێ، پێش پێکهێنانی حکومەت، بە جددی بیر لە (کەفائەت و لێزانی= چۆنایەتی)ی ئەندامەکانی کابینە بکرێتەوە و لەناو بەرنامەکەشیدا، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و دەستکردن بە چاکسازی لە ئەولەوییەتەکان بێ. بێ لەوە و هەقە، لە چوار ساڵی داهاتوودا، پرۆژەی دەستوور لە پارلەماندا تەواو و پەسند بکرێ و بۆ دەنگدان، بخرێتە بەردەم میللەتەوە. حکومەت، بەڵێ تەنیا حکومەتیش بەرپرسیار بێ لە حەل و فەسڵی کێشەکاندا لەگەڵ بەغدا و بە سوودوەرگرتن لە هەموو تواناو بوارێکی بەردەست.



عیرفان کەرکووکی

سەرۆکی پارتی گەلی تورکمانی و ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بۆ گوڵان:

# لە دەرەوەی رێککەوتنی سیاسی هەر پارێزگارێک بۆ کەرکووک دابنرێت کەلێنی گەورە دروست دەکات

**هەروەك ئاشكرایە دۆخی سەربازی و نەخوازراو و سەپێندراوی كەركووك بەردەوامە، تەنیا ئاساییكردنەوەی ئەم دۆخەش دەبێتە هۆی زەمینەسازكردن بۆ هەنگاوهەڵگرتن بەرەو چارەسەركردنی كێشەكان، پێكهێنانی حكومەتی نوێی عێراق و كۆبوونەوەی ئەم دواییەی ئەنجومەنی پارێزگای كەركووك لە قەرەهەنجیر، چەند پەرەسەندنێك دەكرێت هەڵوێستەی لەسەر بكرێت، ئەم پرسانە و چەند بابەتێكی دیكەی هەنووكەیی بوونە تەوەری دیدارێكی گوڵان لەگەڵ عیرفان كەركووكی سەرۆكی پارتی گەلی توركمانی و ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای كەركووك.**

*** ئێوە وەكو ئەنجومەنی پارێزگای كەركووك كۆبوونەوەیەكتان لە قەرەهەنجیر (واتە لە دەرەوەی شاری كەركووك)ئەنجامدا، بەڵام هەر ئەو كۆبوونەوەیە بوو و كۆبوونەوەی دیكەی بەدوادا نەهات، ئایا ئامانج لەو كۆبوونەوەیە چی بوو؟ هەروەها بۆچی لە دەرەوەی شاری كەركووك كۆبوونەوە و نەچوونەوە ناو بینایەی ئەنجومەنی پارێزگای كەركووك لەوێ كۆبوونەوەكەتان ئەنجام بدەن؟**

- لە راستیدا حزبی شیوعی كوردستان دەستپێشخەری و پێشنیارێكیان خستە بەردەم هەموو حزب و لایەنە كوردستانییەكانی كەركووك، ئێمەش بە خۆشحاڵییەوە وەكو حزبێكی سیاسی توركمانی كوردستانی ئەو پێشنیارەمان قبووڵ كرد، ئەوە بوو بڕیار درا كۆبوونەوەكە لە بارەگای حزبی شوعی كوردستان لە قەرەهەنجیر بێت و هەموو لایەنەكانیش لەو كۆبوونەوەیەدا بەشداربوون، كە چەند خاڵی گرنگ و پەیوەست بە بارودۆخی كەركووك خرانە بەر گفتوگۆ، هەمووشمان لەسەر خاڵەكان كۆك بووین، لەو خاڵانەش ئاساییكردنەوەی بارودۆخی كەركووك و گەڕانەوەی ئاوارەكان و تەوافوق و رێككەوتنی سیاسی و بەردەوامیدان بەم جۆرە كۆبوونەوانە بوو، كەواتە ئەوەی روویدا كارێكی باش بوو. ئێمە بۆچوونمان وابوو كە پێویست ناكات ئەو هەموو هێزە لە كەركووكدا بێت، دۆخی كەركوویش مایەی نیگەرانییە، دواتر ئێمە پەرۆشی دۆخی ئەو خەڵكەین كە لە شاری كەركووك و لە دوای رووداوەكانی ١٦ی ئۆكتۆبەرەوە ئاوارەی شوێنەكانی دیكە بوون. لە كۆتاییدا ئێمە لەسەر ئەو چەند خاڵە رێككەوتین و لە بەلاغی كۆتاییدا بڵاومان كردەوە. ئامانجی ئێمەش بەردەوامیدان و پەرەپێدانە بەم كۆبوونەوانە بۆ ئاساییكردنەوەی دۆخی كەركووك و بۆ ئەوەی كۆتایی بەو رەوشە پڕ لە نیگەرانی و دڵەڕاوكێیەی ئەم شارە بهێنین. چونكە بە راستی لە دوای رووداوەكانی ١٦ی ئۆكتۆبەرەوە دیاردەی دزین و كوشتن و رفاندن و تەعریب رۆژ لە دوای رۆژ لە زیادبووندایە لە پارێزگای كەركووك و ئەو پارێزگارەی كە بە وەكالەت لە دوای ١٦ی ئۆكتۆبەر بە زۆر بەسەر خەڵكی كەركووك و شاری كەركووكدا سەپێندراوە، - كە ئەمە كارێكی ناشەرعی و نایاساییە- هەموو بڕیارە ئیدارییەكانی كە داویەتی دژ بە یاسا و دەستووری عێراقین، هەروەها خزمەتگوزاری بۆ خەڵكەكە دەستەبەر نەكردووە و پتر گرنگی بە تەعریب و بە دەركردنی بڕیاری ستەمكارانە داوە كە خزمەتی خەڵكی كەركووك و هەموو پێكهاتەكان بەگشتی ناكات، واتە ئەو پارێزگارێكی سەپێندراوە و تاكلایەنانە كاردەكات، ئەمەش لەهەقیقەتدا زۆر مەترسیدارە، هەر بۆیە خەڵكی كەركووك نیگەرانن و ئارام نین و لە دڵەڕاوكێ و ترسدا دەژین لە بەر ئەوەی شارەكە بۆتە سەربازگەیەكی گەورە. بۆیە هەموو ئەمانە هۆكارن كە ئێمە ناتوانین بۆ شاری كەركووك بگەڕێینەوە. ئەگەرچی هەموو لایەك ئاگادارن كە لەماوەی رابردوودا داوایان دەكرد ئێمە وەكو ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای كەركووك بگەڕێینەوە، بێگومان ئێمەش پێمان خۆشە بۆ كەركووك بگەڕێینەوە، بەڵام ئەمە پێویستی بە زەمینەسازی هەیە، واتە لە سەرەتادا پێویستی بە ئاساییكردنەوەی بارودۆخی شارەكە هەیە،

**هەڵوێستی سەرۆک بارزانی و هێزی پێشمەرگە بەرز دەنرخێنین، چونکە هەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون، خۆیان کردە قوربانی بۆ ئازادی و ئاسایش و پاراستنی هەموو پێکهاتەکانی کەرکووک**

**لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە دیاردەی دزین و کوشتن و ڕفاندن و تەعریب ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندایە لە پارێزگای کەرکووک**

**ئەو پارێزگارەی کە بە وەکالەت لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر بە زۆر بەسەر خەڵکی کەرکووک و شاری کەرکوودا سەپێندراوە، هەموو بڕیارە ئیدارییەکانی دژ بە یاسا و دەستووری عێراقی بووە**

**باڵەخانەی پارێزگای کەرکووک ئێستا ئەو باڵەخانەی پارێزگایە نییە کە پێش ١٦ی ئۆکتۆبەر بوو، چونکە خەڵکانێکی تێدایە غەریبن و ئەو دەموچاوانە ناناسین و هێزێکی زۆر لەسەربان و ناو پارێزگانە هەن کە کردوویانەتە سەربازگەیەکی گەورە**

دەبێت ئەو عەسکەرتاریەتەی هەیە، نەمێنێت و بارودۆخی کەرکووک ئاسایی و یاسایی بکرێتەوە، هەر وەکو پێش کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر. لەپاشان دەبێت ڕێککەوتن و تەوافقی سیاسی لەنێوان هەموو لایەنەکانی کەرکووک هەبێت، بەبێ پەراوێزخستنی هیچ لایەنێک و هەموو ڕێککەوتنێک دەبێت لە بەرژەوەندی خەڵک و شاری کەرکووک بێت و لە پاشان دەبێت بە ئالیەتێکی باش و بێ گرفت ئاوارەکان وەکو ماف و هەقی خۆیان بگەڕێنەوە سەر ماڵ و موڵک و کارو کاسبی خۆیان لە کەرکووک. هەروەها دەبێت حکومەتی ناوەندی پابەند بێت بە جێبەجێکردنی هەموو بڕگەو ماددەکانی دەستوور لە چوارچێوەی ئەمەشدا دەبێت ماددەی ١٤٠ کە کێشەی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان چارەسەر دەکات.

*** بە ڕای ئێوە دەبێت بارودۆخی کەرکووک چۆن بێت، هەتا ئێوە وەکو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بگەنە ئەو قەناعەتەی بگەڕێنەوە و لە ناو کەرکووک کۆبوونەوە ئاساییەکانی خۆتان بکەن؟**

- ئەگەر سەیری ناو شاری کەرکووک بکەن، دەبینن سەرتاپای هێزی سەربازییە و باڵەخانەی پارێزگای کەرکووک ئێستا ئەو باڵەخانەی پارێزگایە نییە کە پێش ١٦ی ئۆکتۆبەر بوو، چونکە خەڵکانێکی تێدایە غەریبن و ئەو دەموچاوانە ناناسین و هێزێکی زۆر لەسەربان و ناو پارێزگانە هەن کە کردوویانەتە سەربازگەیەکی گەورە. هەروەها ناو شاری کەرکووکیش بەجارێک بۆتە بنکەو بارەگای هێزی سەربازی و میلیشیای جۆراوجۆر کە لەخوار و ناوەڕاستی عێراق بۆ ناو کەرکووک هێنراون، کە ئەمەش پێچەوانەی یاساو دیموکراتیەت و بنەماکانی مافی مرۆڤە. ئەو هێزە عێراقییانەش ناتوانن خزمەت بە خەڵک و شاری کەرکووک بکەن، بەڵکو بە پێچەوانەوە بوونەتە بارێکی گران بەسەر شاری کەرکووکەوە.

*** لە دوای ئەو کۆبوونەوەیەوە، یەکێتی نیشتمانی هەوڵی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی لەگەڵ نوێنەرەکانی عەرەب و تورکمان زۆرینەیەکی سادە پێکبهێنێت و ئەنجومەن کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی پارێزگارێکی یەکێتی بۆ شارەکە دابنێتەوە، دیارە هەتا ئێستا ئەم هەوڵەی یەکێتی سەرکەوتوو نەبووە، پرسیار ئەوەیە ئەگەر تەنانەت هەوڵەکەی سەرکەتوو بوایەو ئەندامێکی یەکێتیش ببوایە بە پارێزگاری کەرکووک، ئایا لەم بارودۆخەدا پارێزگارەکەی یەکێتی چ جیاوازییەکی لەگەڵ ڕاکان جبوری دەبوو؟**

- ئێمە وەکو لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک -کە هەموو پێکهاتەکانی کەرکووکی لەخۆ گرتووە لە کورد و عەرەب و تورکمان و کلدو ئاشوورو سریانی- و ئێمەش وەکو پارتی گەلی تورکمانی، کە بەشدار بووین لە ناو لیستی برایەتی- لە ڕوانگەی باوڕەبوونمان بە بەرنامەی لیستی برایەتی- پێمانوایە لەم هەلومەرجەدا هەر پارێزگارێک دابنرێت لە دەرەوەی ڕێککەوتنی سیاسی لەنێوان هەموو لایەنە سیاسییەکان کەلێن و بۆشاییەکی گەورە دروست دەکات. ئێمە وەکو لیستی برایەتی لەناو ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک زۆرینەین کە دوو خول پارێزگار و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگامان داناوە و کارەکانمان بە هەماهەنگی لەگەڵ دامودەزگاکانی ئیداری و پارێزگاری کەرکووک بە شێوەیەکی باش و سەرکەوتوو ڕاپەڕاندووە و جێبەجێمان کردوون، بەڵام لە ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە کارەکانی پەکی کەوتووە. ئێستاش ئاشکرایە کە هەموو بڕیارەکانی ڕاکان جبوری کە پارێزگارێکی سەپێندراوە بە سەر خەڵکی کەرکووکدا، لە بەرژەوەندیی تاکلایەنەی عەرەبدایە و بەرژەوەندیی تورکمان و کوردو کلدو ئاشوور و سریانی پشتگوێ خستووە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش ئەگەر لەو بارودۆخەی ئێستاکەدا بەبێ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک و بەبێ ڕێککەوتن و تەوافوقی سیاسی هەر پارێزگارێک دابنرێت و ڕاو دەنگی هەموو لایەنە کوردستانییەکانی لەسەر نەبێت، ئەو پارێزگارە دەبێتە مەئموورێک لەژێر دەستی سەرکردەیەکی سەربازی. واتە ناتوانێت هیچ بڕیارێکی ڕاستەوخۆ جێبەجێ بکات، چونکە حاکمێکی سەربازی دەسەڵاتی ڕەهای هەیە لە شاری کەرکووک.

*** لە ئێستادا حکومەتێکی تازە لە بەغدا**

**پێکهێنراوە و دکتۆر عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیرانی تازە بەڵێنی ئەوەی داوە کە لە چوارچێوەی دەستوور و ماددەی ١٤٠ هەوڵەکان بخرێنەوەگەڕ بۆ ئەوەی بارودۆخی کەرکووك ئاسایی ببێتەوە و عەسکەرتاری لەو شارە کۆتایی بێت، ئایا تاچەند گەشبینی بەم قسانەی د. عادل عەبدولمەهدی بۆ ئەوەی بارودۆخی کەرکووك ئاسایی ببێتەوە؟**

- ماوەی چەند رۆژێکە د. عادل عەبدولمەهدی وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق دەستبەکار بووە، ئەمجارەش ئەوەمان بەدی کرد کە لە دامەزراندنی حکومەتی تازەی عێراقدا جۆرێك لە تەوافوق لە نێوان لایەنەکاندا هەبوو، کە ئێمە ئومێدەوارین ئەو تەوافوقە ببێتە نەخشەڕێگایەك کە هەموو ئەو کێشانەی لە عێراقدا هەیە، بەپێی دەستوور چارەسەریان بکات، کە ئێمەش دەزانین چارەسەرکردنی دۆخی کەرکووك و ناوچە جێ ناکۆکەکان پەیوەستن بە جێبەجێکردنی دەستووری عێراق، ئەمە لە کاتێکدا کە خودی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقیش راستەوخۆ کەسی یەکەمە بۆ جێبەجێکردنی دەستوور بە هەموو بڕگەو ماددەکانی و ماددەی ١٤٠یش لە چوارچێوەی ئەو ماددەو بڕگانەدایە. خۆ ئەگەر بێت و حکومەتی د.عادل عەبدولمەهدی هەموو ماددەو بڕگەکانی دەستوورە جێبەجێ بکات، بەڵام ئەگەر ماددەی ١٤٠ جێبەجێ نەکات، ئەوا پێشێلکاری دەستووری کردووە. ئەگەرچی د.عادل عەبدولمەهدی کە لە رۆژی یەکەمدا سوێندی یاسایی خوارد، وەکو سەرۆك وەزیرانی تازەی عێراق و لە بەرنامەکەیدا تەئکیدی لەوە کردەوە کە دەستوور جێبەجێ دەکات و ئاساییکردنەوەی کەرکووکیش یەکێك بوو لەو خاڵانەی کە لە بەرنامەکەیدا خستیەڕوو، بەڵام ئێمە ئەو کاتە گەشبین و ئومێدەوار دەبین کە حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی دەست بکات بە جێبەجێکردنی دەستوور بەگشتی و بەتایبەتی ماددەی ١٤٠ لە چوارچێوەی دەستووردا کە ئەمەش مافێکی دەستووری و یاسایی خەڵکی کەرکووك و ناوچە جێ ناکۆکەکانە.

*** سەرۆك بارزانی لە دوایین پەیامیدا سەبارەت بە کەرکووك راشکاوانە رایگەیاندووە پێکهاتەکانی کەرکووك چۆن پێکەوە دەگونجێن بۆ ئەوەی ئەو شارە بەڕێوە بەرن، با رێکبکەون، بەڵام دەبێت ناسنامەی کەرکووك هەر کوردستانی بێت، بێگومان ئەمەشی لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی شیعە بۆ بەشداری لە حکومەتی ئێستای عێراق باس کردووە، ئایا تاچەند مەزندە دەکەیت لە ماوەیەکی کورتدا، بارزانی رۆڵی خۆی لە ئاساییکرنەوەی کەرکووکدا بگێڕێت؟**

- ئێمە هەڵوێستی جەنابی سەرۆك بارزانی زۆر بەرز دەنرخێنین، چونکە هەر هەڵویستی جەنابی سەرۆك بارزانی بوو لە ساڵی 2014 کە بەڕێزیان خۆی هاتە شاری کەرکووك، کە ئەو کات تیرۆریستانی داعش موسڵ و حەویجە و ناوچەکانی دیکەیان لە عێراق داگیر کردبوو. لەو سەردانە مەیدانیەی بەڕێزیان سەرۆك بارزانی لەگەڵ فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە لە کەرکووك کۆبووە و ئێمە وەکو حزب و لایەنە کوردستانییەکان و وەکو پارتی گەلی تورکمانی چووینە خزمەتی بەڕێزیان، کە تەئکیدی کردەوە و فەرمووی ئێمە هاتووین بۆ کەرکووك بۆ ئەوەی هەموو نەتەوەو پێکهاتەکانی کەرکووك بپارێزین و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ پاراستنی شاری کەرکووك و هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانەی کەرکووکە، بەبێ هیچ جیاوازییەك. کەواتە هەر ئەو تەئکید و ئەو خەبات و تێکۆشانە بوو کە وایکرد تاوەکو رۆژی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧خەڵکی شاری کەرکووك بە ئارامی و بەهێمنی و بە خۆشگوزەرانی لە کەرکووك و ناوچەکەدا بژین. هەر بۆیە ئێمە وەکو پارتی گەلی تورکمانی بە رێز و حورمەتەوە ئەو هەڵوێستەی سەرۆك بارزانی و هێزی پێشمەرگە دەنرخێنین، چونکە هەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون، خۆیان کردە قوربانی بۆ ئازادی و ئاسایش و پاراستنی خەڵکی کەرکووك و بەم شێوەیە ئێمە وەکو تورکمان و کوردو عەرەب و کلدو ئاشوور توانیمان بەوپەڕی خۆشگوزەرانی و ئارامی و سەقامگیری ئەمنی لە کەرکووك بژین. بەڵام دەبینین لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە کەرکووك و ناوچەکانی دیکە تووشی چ نەهامەتی و کارەسات و دەربەدەری بوونەتەوە.

**لە دامەزراندنی حکومەتی تازەی عێراقدا جۆرێك لە تەوافوق لە نێوان لایەنەکاندا هەبوو، کە ئێمە ئومێدەوارین ئەو تەوافوقە ببێتە نەخشەڕێگایەک کە هەموو ئەو کێشانەی لە عێراقدا هەیە، بەپێی دەستوور چارەسەریان بکات**

**ئەگەر حکومەتی د.عادل عەبدولمەهدی هەموو ماددەو برگەکانی دەستوورە جێبەجێ بکات، بەڵام ماددەی ١٤٠ جێبەجێ نەکات، ئەوا پێشێلکاری دەستووری کردووە**

**حکومەتی فیدراڵی عێراق بەبێ حکومەتی کوردستان و هەرێمی کوردستان هیچی پێ ناکرێت، چونکە هەرێمی کوردستان واقیعێکی مەشروع و دەستوورییە و هەموو دنیا مامەڵەی لەگەڵ دەکات**

**پێویستە حکومەتی عێراق دەرس لە حکومەتی کوردستان وەربگرێت کە چۆن حکومەتی کوردستان بە عەقڵییەتێکی واقیعبینانە دەڕوانێتە هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی کوردستان و هەر هەموویان لە ئیدارەی حکومەتەکەیدا بەشداری پێ دەکات**

**ئەرشەد ساڵحی و ئەوانەی لە بەرەی تورکمانی کە دەستێکی زۆر و کاریگەریان لە کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر هەبووەو بووقیان بۆ لەشکرکێشی و داگیرکردنی کەرکووک لێ دەدا، تەنیا ئەوەیان دەستکەوت کە تورکمانیان، بەتایبەتی تورکمانی سوننەیان خستە ژێر رکێفی تایفەگەرییەوە**

**داواکارین بارودۆخی کەرکووک ئاسایی و یاسایی بکرێتەوە و بگەڕێتەوە سەر دۆخی پێش ١٦ی ئۆکتۆبەر و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان ڕێککەوتن و تەوافوقی سیاسی ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی بە هەموو لایەکمانەوە بتوانین ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک کارا بکەینەوە**

*** لە یەک دوو رۆژی دەستبەکاربوونی عادل عەبدولمەهدی بریار دراوە کە نەوتی کەرکووک بە رێگەی بۆرییەکانی هەرێمی کوردستان بگوازرێتەوە بۆ بەندەری جەیهان لە تورکیا، ئایا تاچەند هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک بە رێگەی بۆرییە نەوتەکانی هەرێم . دەبێتە هۆکاری دابینکردنی زەمینەیەکی لەبار لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شاری کەرکووک؟**

- ئاشکرایە حکومەتی فیدراڵی عێراق بەبێ حکومەتی کوردستان و هەرێمی کوردستان هیچی پێ ناکرێت، چونکە هەرێمی کوردستان واقیعێکی مەشروع و دەستوورییە و هەموو دنیا مامەڵەی لەگەڵ دەکات. ئەوەی پەیوەندی بە نەوتی کەرکووکیشەوە هەبێت، ئەوا ئاشکرایە لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە نەوتی کەرکووک بەرەو ئێران دەڕۆیشت و تەنیا بۆن و دووکەڵەکەی بۆ خەڵك بوو، واتە نەوتەکە ببووە نەهامەتی، نەك خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکەکە، نە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك و نە خەڵکی ئەم شارەش ئاگایان لە چۆنیەتی رۆیشتنی ئەو نەوتە نەبووە، مەبەستم ئەوەیە تەنانەت ئێمەش وەك ئەنجومەنی پارێزگا نازانین بە گوێرەی چ بڕیارێك ئەم نەوتە دەڕوات و بە چ شێوازێك دەڕوات- ئەگەرچی رویشتنەکەی دیارە و بە بەرچاوی خەڵکەوەیە، چونکە رۆژانە بڕی (٦٠ تا ٨٠) هەزار بەرمیل لە رێی تەنکەرەوە بۆ ئێران دەڕۆیشت، بەڵام لەدوای ئەوەی کە د.عادل عەبدولمەهدی وەکو سەرۆك وەزیرانی تازەی عێراق دەستبەکار بوو، دووپاتی کردەوە کە دەبێت ئەو نەوتە لە رێی بۆرییەکانی نەوتی هەرێمی کوردستان هەنارده بکرێت، کە ئەمە رێگا یاساییەکەیە. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو بڕیارە و رۆیشتنی نەوتی کەرکووك بە رێگای کوردستانەوە هەنگاوێکە بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی کوردستان. من هیوادارم حکومەتی د.عادل عەبدولمەهدی سوود لە کارو ئەزموون و حوکمڕانیی کاك نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان وەربگرێت، کە توانی لەچەندساڵی رابردوو سەرەڕای ئەو هەموو قەیران و تەگەرەییەی لەپێشی بوو، لەسەر پێی خۆی راوەستێت و پشت بەخۆی ببەستێت. من پێموایە حکومەتی ناوەندی لە دۆخێکدا دەبێت کە پەیوەندیەکانی لەگەڵ حکومەتی کوردستان ئاسایی بکاتەوە، چونکە لە ناوچەکەو لە ناوخۆش بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە و دەبێت لە رووی ئیداری و دەستووری و ئەمنییش پەیوەندیی نێوان بەغدا و هەولێر هەر بەردەوام بێت.

*** دوا وتەت چییە**

- لە کابینەکەی د.عادل عەبدولمەهدی تورکمان وەکو پێکهاتەیەك کە لە عێراق هاوبەشە و هیچ پۆستێکی وەزاری پێ نەدراوە، لە کاتێکدا ئێمە وەکو تورکمان هەر لەم هەڵبژاردنی ئەم دواییەی پەرلەمانی کوردستان ٥ ئەندام پەرلەمانمان وەکو کۆتا هەیە. هەم لە کابینەکانی حکومەتی کوردستان پۆستی وەزیرمان هەبووە، وەك وەزیری داد و چەندین بەڕێوەبەری گشتی و راوێژکار و شارەزامان لە کابینەکانی حکومەتی کوردستان هەبووە، واتە حکومەتی کوردستان بە شێوەیەکی کاراو باش لەناو حکومەتدا جێگای بۆ بەشداری تورکمان کردۆتەوە، بەپێچەوانەوە لەحکومەتی د.عادل عەبدولمەهدی لە عێراقدا بەشداری بە تورکمان نەکراوە. بۆیە لێرەدا داواکارین لە د.عادل عەبدولمەهدی پۆست و پلە بە پێکهاتەی تورکمان بدات لە حکومەتی عێراقدا. وەکو پێشتریش ئاماژەم پێدا پێویستە حکومەتی عێراق، دەرس لە حکومەتی کوردستان وەربگرێت کە چۆن حکومەتی کوردستان بە عەقڵییەتێکی واقیعبینانە دەڕوانێتە هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی کوردستان و هەر هەموویان لە ئیدارەی حکومەتەکەیدا بەشداری پێ دەکات و تورکمان چەندین پۆستی بەدەستەوە بووە لەم حکومەتەدا، بەڵام لێرەدا دەپرسین لەوانەی لەناو بەرەی تورکمانی وەکو ئەرشەد ساڵحی و چەندانی تریان کە بووقیان بۆ هاتنی هێزە عێراقییەکان و داگیرکردنی کەرکووك لێ دەدا، ئایا تورکمان چ بەشدارییەکی لە حکومەتی عێراق هەبووە و چ وەزارەتێکی وەرگرتووە و چ پلە و پۆستێکی بەڕێوەبەریی گشتی و راوێژکاری بەرچاو و گرنگی لە عێراق وەرگرتووە؟ کە بینیمان لە حکومەتەکەی د.عادل عەبدولمەهدییش بەشدارییان بە تورکمان

نەکرد، هەر بۆیە مافی تورکمان لە بەغدا پێشێل کراوە، بەپێچەوانەوە مافی تورکمان لە حکومەتی کوردستان زامن کراوە، بەڵام ئەرشەد ساڵحی و ئەوانەی لە بەرەی تورکمانی کە دەستێکی زۆر و کاریگەریان لە کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر هەبووەو بووقیان بۆ لەشکرکێشی و داگیرکردنی کەرکووک لێ دەدا، تەنیا ئەوەیان دەستکەوت کە تورکمانیان، بەتایبەتی تورکمانی سوننەیان خستە ژێر رکێفی تایفەگەرییەوە، ئەمەش ئەو کارەیە کە ئێمە وەکو پێکهاتەی تورکمان کە حەزی لێ ناکەین و قبووڵمان نییە، چونکە خزمەت بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و پێکەوەژیان و دیموکراتیەت ناکات، بۆتە هۆکاری ئەوەی ئەو عەسکەرتاریەتییەو ئەو بارودۆخە ناخۆش و خراپە بەسەر کەرکووک بێت کە بۆتە نەهامەتی و کاولکاری و ناخۆشی بۆ خەڵکی کەرکووک و بۆ پێکهاتەی تورکمان، لەبەر ئەوەی دەبینین پێکهاتەی تورکمان و شیرازەی پێکەوەژیان لەو شارەدا تێکچووە، چونکە دەسەلاتێکی عورفی و عەسکەرتاریەت بە تەواوی باڵی بە سەر کەرکووکدا کێشاوە، بەتایبەتی بەهۆی ئەو خەڵکانەی لە ناو هێزە عێراقیەکاندان کە خەلکی نەناسراو و نامۆن بە شارەکە و هیچ سۆزێکی نیشتمانی و مرۆڤایەتییان نە بۆ شاری کەرکووک و نە بۆ دانیشتووانەکەی نییە کە بەشی زۆریان لەو هێزانە خەڵکی خواروو و ناوەڕاستی عێراقن، هاوکات ئەوەی ئێستا لە کەرکووک بەڕێوە دەچێت لەلایەن پارێزگار و دەسەڵاتە عەسکەری و عورفییەکە تەنیا بەشێکە لە پرۆسەی تەعریب، بۆیە داواکارین بارودۆخی کەرکووک ئاسایی و یاسایی بکرێتەوە و بگەڕێتەوە سەر دۆخی پێش ١٦ی ئۆکتۆبەر و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان ڕێککەوتن و تەوافوقی سیاسی ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی بە هەموو لایەکمانەوە بتوانین ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک کارا بکەینەوە، ئینجا هەر بە ڕێککەوتن و تەوافوقی سیاسیی هەموو لایەکمان لە ئەنجومەنی پارێزگا و بە کۆی دەنگی ئەندامانی لیستی برایەتی پارێزگارێك دابنین و هەر هەموومان لەسەری کۆك بین و لەپاشان بڕیاری لەسەر بدەین.



# بنەماکانی کەمکردنەوە و نەهێشتنی تێرۆریزمی مۆدێرن

**ناوەرۆکی ئەم وتارە لە مێزگردێکی مونتەدای ئاسایشی وارشۆ لە رۆژی ٢٠١٨/١٠/٢٤ لە وارشۆ پێشکەش کرا.**

> **هەژاری و پەراوێزخستنی بەشێکی زۆری جەماوەر بەتایبەتی گەنج و لاوەکان و دوورخستنەوەیان لە بەشداریی سیاسی راستەقینە هۆکارێکی گەورەی تەشەنەکردنی بیری سەلەفییەتی جیهادی و بڵاوبوونەوەیەتی**

هەڵوەشاندنەوەی دوائیمپراتۆریی ئیسلامی کە ئیمپراتۆریی عوسمانی بوو، لە ئەنجامی یەکەم جەنگی جیهانیدا و دابەشکردنی رۆژهەڵاتی ناڤین و باکووری ئەفەریقا بۆ ناوچەکانی دەسەڵات و بەرژەوەندیی بەریتانیا و فەرەنسا و کردنیان بە کۆڵۆنیی ژێردەسەڵاتی ئەم دەوڵەتانە، شۆکێکی گەورەی دروستکرد لای نوخبەی موسڵمان و ئەو نوخبانەی بەڵێنەکانی بەر لەجەنگ و لەمیانەی جەنگی ئەم دوو وڵاتە و راگەیاندنە چواردە خاڵییە بەناوبانگەی ویلسۆن، هیوای رزگاریی نیشتمانی و نەتەوەیی لا دروستکردبوون. لە سەرەتادا بیرو ئایدۆلۆجیاکانی ناسیۆناڵیزم و مارکسیزم لەلایەن دەستە نوخبەکانەوە بەکارهێنران بۆ هاندان و کۆکردنەوەی جەماوەری بێزار و برسی و نارازی بۆ رزگاربوون لە دۆخەکە. ئەو دەوڵەتانەی لە دوای نەمانی کۆڵۆنیالیزمەوە لە ناوچەکەدا دەمەزرێندران، چ راستەوخۆ لەلایەن دەوڵەتانی زلهێزەوە، چ لە ئەنجامی سەرکەوتنی شۆڕش و کودەتای نوخبەی نەتەوەیی، یان مارکسیستەکان، نەیانتوانی شێوازێکی فەرمانڕەوایی سەرکەوتوو بهێننە کایەوە کە لە سایەیدا خەڵك بحەسێتەوەو کەمترین پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکات. ئیسلامی سیاسی و رادیکاڵکردنی ئیسلام وەك ئایدیۆلۆجیایەك بۆ کۆکردنەوە و هاندان و رێکخستنی جەماوەری نارازی بەکارهێنرا. هەرچەندە ئیسلامی سیاسی لە شێوەی رێکخراو، یان حزبی سیاسیدا هەر زوو دامەزرا، بەڵام تەنیا دوای شکستی چوارچێوە فیکرییەکانی دیکە رۆحی رادیکاڵیزم و توندئاژۆیی وەبەردا کرا. ئیخوان لە ساڵی ١٩٢٨دا لە میسر دامەزرا، بەڵام لە کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانەوە کەسانی وەك سەید قوتب بیرو کردەوەی سەلەفیزمی جیهادی برەو پێدەدەن و لە رێگەی هەوڵی کوشتنی سەرۆکی ئەو کاتی میسرەوە هەوڵی گۆڕینی سیستەمی سیاسی دەدەن.

گرنگە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە هەژاری و پەراوێزخستنی بەشێکی زۆری جەماوەر بەتایبەتی گەنج و لاوەکان و دوورخستنەوەیان لە بەشداریی سیاسی راستەقینە هۆکارێکی گەورەی تەشەنەکردنی بیری سەلەفییەتی جیهادی و بڵاوبوونەوەیەتی. دوو رووداوی گرنگ ئەو باوەڕەی زیاتر چەسپاند لە مێشکی جەماوەری ستەمدیدە و پەراوێزخراودا کە بریتی بوون لە سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و جیهاد دژی یەکێتی سۆڤیەت لە ئەفغانستان. ئەم دوو وەرچەرخانە پاساوی زیاتری دایە ئیسلامە سیاسییەکان بۆ کۆکردنەوەی خەڵك لە دەوری پەیامە ئیسلامییە جیهادییەکەیان. مەدرەسە ئیسلامییەکانی پاکستان بە پشتگیریی حکومەتی عەسکەری زیاء ئەلحەقی هەشتاکان لە پاکستان و بە رەزامەندیی ئەمریکا و بە پارەی سعودییە بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو تەشەنەیان کردو کەوتنە پەروەردەکردنی منداڵان بە بیری توندوتیژی و رادیکاڵیزمی ئیسلامی و جەنگی ئەفغانستانیش لە دژی «کافران» مەیدانی جێبەجێکردنی ئەم ئایدیۆلۆجیایە بوو، تالیبان و دەیان گرووپی دی لە دەرچووانی ئەو مەدرەسانەن و ئەلقاعیدە و داعش و دەوڵەتی ئیسلامی هەڵگری هەمان بیری سەلەفی



## وشیار سیوەیلی

**بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان**

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

جیهادین کە بەشێکی بەرنامەی خوێندنی ئەو مەدرەسانەی پاکستان و شوێنەکانی دیکە بوون.

جەنگ دژی ئەم گرووپانە لە ١١ی سێپتەمبەری ٢٠١١وە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانییەوە بەردەوامە. هەرچەندە ئەلقاعیدە و داعش لە رووی سەربازییەوە لە عێراق و سووریا تووشی شکستی گەورە بوون، بەڵام شەڕ لە دژیان لە رووی سەربازی و ئایدیۆلۆجییەوە هێشتا تەواو نەبووە. تا ئێستاش لە عێراق و لە سووریا ناوچەی وا هەیە کە داعش هەڕەشەی گەورە بۆ سەر ژیانی دانیشتووانی دروست دەکات و بوونەتە هۆی ئەوەی ئەو ناوچانە ئاوەدان نەکرێنەوە و ئاوارەکانیش نەتوانن شار و کەمپەکانی هەرێمی کوردستان بەجێبهێڵن و بگەڕێنەوە ناوچەکانیان. ئینستیتیوتی توێژینەوەی جەنگ (ISW) لە نوێترین راپۆرتیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە جەنگی ویلایەتە یەکگرتووەکان دژی داعش نەیتوانیوە ئەو هەڕەشەیە لە ناوبەرێت کە داعش لە جیهانی دەکات، هەرچەندە توانیویەتی بەشی زۆری ئامانجەکانی لە سووریا و عێراق بەدیبهێنێ. (ISW) زانیاری چڕی لەسەر ئەو ناوچانە بڵاوکردۆتەوە کە بە ناوچەی دەسەڵاتی داعش لە عێراق و سووریا دادەنرێن و لە هەندێکیاندا ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئەنجام دەدات. لە بەشێکی راپۆرتەکەدا (ISW) دەڵێت:

«دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) هێزێکی تواناداری لە عێراق و سووریا پێکەوە ناوەتەوە، سەرەڕای هەوڵەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش بۆ رێگرتن لە سەرهەڵدانەوەی. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە مانگی ئابدا رایگەیاند کە داعش نزیکەی ٣٠،٠٠٠ چەکداری لە عێراق و سووریا هەیەو توانای ئێستای داعش هاوتای تواناکانی ئەلقاعیدەی ساڵانی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ـە کە لەو پەڕی بەهێزیدا بوو. داعش هەڵمەتێکی کاریگەری دەستپێکردووە بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی ناوچەی دەسەڵاتی خۆی کە توانای بەردەوامییان هەبێت، لە کاتێکدا خەریکی کۆکردنەوەی پارەیە بۆ دامەزراندنەوەی پەیکەری فەرماندەیی سەربازیی لە ناو ئەو هێزانەی کە ماون.»

ئەو کاردانەوانەی دوای ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان روویان داو داگیرکردنەوەی ناوچە کێشە لەسەرەکان لەلایەن حەشدی شەعبییەوە کە بووە هۆی کشانەوەی پێشمەرگە لەو ناوچانە کێشەی بۆ رێکارە ئەمنی و سەربازییەکانی پاراستنی ئەم ناوچانە دروستکردووە. کاتێك پێشمەرگە ئەو ناوچانەیان دەپاراست، ئەو جۆرە کێشانە کەمتر بوون. هێزە بەرگرییەکانی ئێستای فیدراڵی کە لەم ناوچانە جێگیر کراون، لە توانایاندا نییە رێگری لە تیرۆریستەکانی داعش بکەن لە ئەنجامدانی پەلاماردان و تۆقاندنی دانیشتووانی ئەو ناوچانە.

تا چ رادەیەك داعش سەرکەوتوو دەبێت لە سەرهەڵدانەوەو داگیرکردنی خاك لە داهاتوودا بەندە بەوەی تا چ رادەیەك کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەورووپا لەگەڵ وڵاتانی ئیسلامیدا سەرکەوتوو دەبن لە دارشتنی ستراتیژیی درێژخایەن بۆ

**ئەو کاردانەوانەی دوای ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان روویان داو داگیرکردنەوەی ناوچە کێشە لەسەرەکان لەلایەن حەشدی شەعبییەوە کە بووە هۆی کشانەوەی پێشمەرگە لەو ناوچانە کێشەی بۆ رێکارە ئەمنی و سەربازییەکانی پاراستنی ئەم ناوچانە دروستکردووە**

بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەڕەشەیە لە رووی سەربازی و ئایدیۆلۆجییەوە.

ئەگەر سیاسەتی ئێستای ویلایەتە یەکگرتووەکان لە داهاتوودا بەردەوام بێت کە بریتییە لە کشانەوە لە ئەورووپا و رۆژهەڵاتی ناڤین بەپێی ستراتیژی دارشتنەوەی بەرژەوەندییەکان و پابەندبوونەکان وەك کاردانەوەیەك بۆ گۆڕانکاری لە باڵانسی هێزدا و بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەو کێبڕکێیەی لەلایەن چینەوە بەرامبەری دەکرێت، ئەوا پێویستە ئەورووپا و رۆژهەڵاتی ناڤین و باکووری ئەفەریقا خۆیان بۆ ئەو تەحەددایە ئامادە بکەن، بەبێ ئەوەی چاوەڕێی هاوکاریی بەرچاو لە ئەمریکا بکەن. بەشداریی ناتۆ لە ئەفغانستان و بڕیاری ئەم دواییەی ناتۆ بۆ مەشقپێکردنی هێزە عێراقییەکان ئاماژەی روونن کە ئەمریکا دەیەوێت ناتۆ بەتایبەتی ئەندامە ئەورووپییەکانی رێکخراوەکە رۆڵی چالاکتر بگێڕن لە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناڤین. تیرۆری جیهادییەکان کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر ئەورووپا و رۆژهەڵاتی ناڤین هەیە و پێویستە هاوکاری و هەماهەنگیی زیاتر لە نێوان یەکێتی ئەورووپا و وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناڤین و باکووری ئەفەریقادا هەبێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی رێکخراوە تیرۆریستییەکان و بۆ دانانی پلان و ستراتیژیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئایدیۆلۆجی توندڕەویی ئیسلامی.

هەروەك لەسەرەوە باسکرا، پەیوەندیی بەهێز لە نێوان توندڕەوی و هەژاریدا هەیە. ئابووریی بەشێکی زۆری وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناڤین لە ئابووریی جیهان دابڕاوە و ناوچەکە زۆر کەمتر لە ئاسیا پێشکەوتووە. رێژەی جی دی پی (GDP) زۆر لە دوای ناوچە پەرەسێنەکانەوەیە و ناوچەکە چەندین سەدەیە تووشی چەقینی ئابووری بووە. لە ساڵی ٢٠١١دا، باراك ئۆبامای سەرۆکی پێشووی ئەمریکا رایگەیاند کە جگە لە نەوتی خاو، هەناردەی هەموو رۆژهەلاتی ناڤینی گەورە کە دانیشتووانەکەی ٤٠٠ ملیۆن کەسن، هێندەی هەناردەی سویسرا دەبێت. بە پێی راپۆرتی پەرەسەندنی مرۆیی وڵاتانی عەرەب لە ساڵی ٢٠١٦ دا، دانیشتووانی وڵاتانی عەرەب ٥٪ی دانیشتووانی جیهان بووە، بەڵام ٤٥٪ی هێرشە تیرۆریستییەکانی دنیا لەوێوە سەرچاوەیان گرتووە و خاوەنی ٥٧٪ی پەنابەران و ٤٧٪ی ئاوارەکانی جیهانن و ٦٨٪ی کوژراوانی شەڕ لەم ناوچەیەدان. رێژەی بێکاریی لە ناو لاواندا کە تەمەنیان لە نێوان ١٥-٢٤ ساڵ بووە لە ساڵی ٢٠١٤دا ٢٩.٧٣٪ بووە، لە کاتێکدا تێکڕای بێکاریی جیهانی ١٣،٩٩٪ بووە. مەزەندە دەکرێت لە ساڵی ٢٠١٩دا بێکاری لەنێوان لاوانی عەرەبدا بگاتە ٣٠٪ لە کاتێکدا تێکڕای بێکاریی لە جیهاندا بگاتە ١٣٪. لاوازیی دەزگایی و حوکمڕانییەکان کە رێگرن لە بەردەم پەرەپێدانی ناوچەکەدا، لەگەڵ ئەو گوشارە بەردەوامەی زیادبوونی دانیشتووان دروستی دەکات لە داهاتوودا ئەو چەقینە ئابوورییەی ئێستا هەیە زیاتر دەکەن.

راپۆرتی پەرەسەندنی مرۆیی وڵاتانی عەرەب لە ساڵی ٢٠١١دا گەیشتۆتە ئەو ئەنجامگیرییەی کە «بۆ ئەوەی رێز لە داخوازییەکانی خەڵك بۆ پاراستنی کەرامەتیان و دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئازادی بگیرێت، پێویستە دەوڵەت مۆدێلی (دەوڵەتی پەرەپێدەر) پەیرەو بکات، کە لەسەر بنەمای گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی نوێ دامەزرابێت و بەرپرسیاریێتی دوولایەنە لەخۆ بگرێت و واز لە مۆدێلی ئابووریی سیاسی پشتبەستوو بە دەوڵەتی Rentier (کرێخوازیی) بهێنێ. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەوڵەت زیاتر بە پیر داخوازییەکانی هاووڵاتیانەوە بچێت و بەرامبەریان بەرپرسیار بێت و دەرفەت بداتە هاووڵاتی تا رۆڵی چالاکتر لە کاروباری کۆمەڵگەدا بگێڕن و کۆتایی بەو شێوازە ناهەموارییەی پشتبەستوو بە دەوڵەت بهێنێ کە سیمای سەرەکیی گرێبەستی کۆمەڵایەتی عەرەب بووە.»

یەکێتیی ئەورووپا دەتوانێت رۆڵی پۆزەتیڤ بگێڕێ بۆ یارمەتیدانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناڤین و باکووری ئەفەریقا بۆ باشترکردنی توانا دەزگاییەکانیان و نەهێشتنی لاوازییەکانیان لە بواری حوکمڕانیدا بۆ ئەوەی بتوانن رووبەڕووی ئەو کۆسپانە ببنەوە کە لە بواری پەرەپێداندا گیرۆدەی بوون. ئەمەش هاوکارییەکی باش دەبێت بۆ خۆشگوزەرانیی ئابووری و بەدیهێنانی دادی کۆمەڵایەتی و کرانەوە، کە پێکهێنەری گرنگن بۆ لاوازکردنی راکێشانی خەڵك بۆ ناو رێکخراوە تیرۆریستییەکان.

لە کاتێکدا باشترکردنی گوزەرانی هاووڵاتیانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناڤین، بەتایبەتی گوزەرانی گەنجان، دەبێتە هۆی بچووککردنەوەی ژینگەی رادیکالیزم و ئێکستریمیزم، لە هەمان کاتدا پێویستە شەڕ لە دژی تیرۆریزم بگوێزرێتەوە بۆ ناو مێشك و دڵی گەنجان کە سووتەمەنیی سەرەکیی ئەو

**بە پێی راپۆرتی پەرەسەندنی مرۆیی وڵاتانی عەرەب لە ساڵی ٢٠١٦ دا، دانیشتووانی وڵاتانی عەرەب ٥٪ی دانیشتووانی جیهان بووە، بەڵام ٤٥٪ی هێرشە تیرۆریستییەکانی دنیا لەوێوە سەرچاوەیان گرتووە و خاوەنی ٥٧٪ی پەنابەران و ٤٧٪ی ئاوارەکانی جیهانن و ٦٨٪ی کوژراوانی شەڕ لەم ناوچەیەدان**

**مەدرەسە ئیسلامییەکان لە کۆندا سەرچاوەی زانستی سەردەم و ئەدەب و هونەر بوون بەگشتی و بەتایبەتی لە کوردستاندا، بەڵام ماوەیەکە ئەمانە رۆڵی زۆر نێگەتیڤ دەبینن لە رادیکاڵکردنی لاوانی موسڵمان و پێویستە هەموو هەوڵێك بدرێت بۆ ئەوەی بەرنامەی خوێندنی ئەو قوتابخانە ئاینییانە گۆڕانکاریی بنەڕەتییان تێدا بکرێت**

ئاگرەن، کە بە ناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەوانەوە بەرپاکراوە.

مەدرەسە ئیسلامییەکان لە کۆندا سەرچاوەی زانستی سەردەم و ئەدەب و هونەر بوون بەگشتی و بەتایبەتی لە کورستاندا، بەڵام ماوەیەکە ئەمانە رۆڵی زۆر نێگەتیڤ دەبینن لە رادیکاڵکردنی لاوانی موسڵمان و پێویستە هەموو هەوڵێك بدرێت بۆ ئەوەی بەرنامەی خوێندنی ئەو قوتابخانە ئایینییانە گۆڕانکاریی بنەڕەتییان تێدا بکرێت، بەشێوەیەك کە رەنگدەرەوەی باوەڕە بنچینەیی و رەسەن و تەقلیدییەکانی ئیسلام بن.

ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا لە هەر دوو بەرەی سەربازی و ئایدیۆلۆجیدا بەرەنگاری تیرۆریزم و توندڕەوی بووینەتەوە. لە رووی سەربازییەوە پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان هاوبەشی کاریگەریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعشن و رۆڵی گەورەیان لە تێشکاندنی داعش لە عێراقدا بینیوە. لە رووی ئایدیۆلۆجییەوە، هەرچەندە زۆرینەی خەڵکی کوردستان موسڵمانن، بەڵام ئەو هەوڵانەی بۆ رادیکاڵکردنیان دراوە، سەرکەوتوو نەبوونە و کەلتوور و رەفتاری لێبووردەیی و پێکەوەژیان لە نێوان ئایینە جیاوازەکاندا زاڵتر بووە. تەنانەت ئەو پارتە میانڕەوە ئیسلامییانەی بەشێکن لە سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان خاوەن لایەنگیریی سنووردارن لە نێوان دەنگدەراندا. هەر سێ پارتە ئیسلامییەکەی هەرێم تەنیا ١٢ کورسییان بردەوە لەو ١٠٠ کورسییەی هەڵبژاردنیان بۆ کرا لە هەڵبژاردنی ٣٠ ئەیلوولی رابردوودا.

حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتی روون و بەردەوامی هەیە بۆ رێزگرتن و پاراستنی مافەکانی نەتەوە و کەمینەکان و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم و توندوتیژی. چەندین هەنگاوی ناوە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی توندڕەویی ئایینی لە سەر کۆمەڵگەی کوردستان. هەندێك لە هەنگاوەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم بارەیەوە دەخەینەڕوو:

- ئەنجامدانی کۆنفرانسێکی ئایینی لە شاری هەولێر لە ساڵی ٢٠١٦دا کە نزیکەی ٦٠٠ کەس لە ئیمام و خەتیب و کەسایەتیی ئیسلامی تێیدا بەشداربوون و کردنەوەی چەندین خول بۆ بەهێزکردنی تواناکانیان.
- قەدەغەکردنی هەموو جۆرە کتێبی ئیسلامی کە هانی توندوتیژی و توندڕەوی بدات لە پیشانگاکانی کتێب و ناو بازاڕ و شوێنە گشتییەکان بە هەماهەنگی لە گەڵ وەزارەتەکانی ناوخۆ و رۆشنبیری.
- چاودێریکردنی کەناڵەکانی راگەیاندن و لێپێچینەوە لێیان ئەگەر هانی توندوتیژی و تەکفیر و توندڕەوی ئایینی بدەن.
- کردنەوەی پەیمانگای پێگەیاندن و پەرەپێدانی توانای ئیمام و خەتیبی مزگەوتەکان تایبەت بە مافی مرۆڤ و دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی و فێرکردنی هونەری وتارخوێندنەوە.
- ناردنی مامۆستایانی ئایینی بۆ دەرەوەی وڵات بە مەبەستی شارەزابوون لە کەلتووری گەلان و پێکەوەژیان. تا ئێستا ١٥٠ کەس سوودمەند بوون.
- گواستنەوەی هەموو قۆناغەکانی خوێندنی ئیسلامی لە وەزارەتی ئەوقافەوە بۆ سەر وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا. قوتابیان و خوێندکارانی ئەم بوارە لە پاڵ وانەکانی شەریعەتی ئیسلامی، وانەکانی مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی منداڵ و ئافرەت و پێکەوەژیانی ئایینی و وانەی زانستی و زمانی ئینگلیزی دەخوێنن.

جگە لە سیاسەتە گونجاوەکانی حکومەت لە بواری رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان، بەرنامە و ئەجێندای پەرەپێدان لەلایەن حکومەتەوە هەر لە دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٩٩٢دا، بەتایبەتی لە دوای لەناوچوونی رژێمی پێشووی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ دا زۆر کاریگەر بووە لە کەمکردنەوەی هەژاری لە رێگەی کەمکردنەوەی پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتی و باشترکردنی گوزەرانی خەڵکی ئاسایی. دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و پەروەردەی خۆڕایی و خزمەتگوازارییەکانی کارەبا و تەندروستی بە شێوەیەکی بەرچاو لە ماوەی ١٣ ساڵی رابردوودا پێشکەوتوون. سەقامگیریی ئەمنی و سیاسیی هەرێمی کوردستان تەنانەت لە گەرمەی جەنگی دژی داعشدا جێگەی پێزانینی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە.

هەرێمی کوردستانی عێراق یەکێکە لەو ناوچانەی رۆژهەڵاتی ناڤین کە کەلتووری فرە نەتەوەیی و فرەئایینی تیایدا لە گەشەسەندندایە و دەبێت کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەتایبەتی یەکێتیی ئەوروپا رۆڵی زیاتر ببینن بۆ پشتگیریکردنی ئەو پێشکەوتنانەی لە هەرێم هەیە و بە ئەندازەیەکی زۆر رۆڵیان بینیوە لە گەشەکردنی کەلتووری دیموکراسی و میانڕەوی و کراوەیی لە کوردستاندا.

**لە رووی ئایدیۆلۆجییەوە، هەرچەندە زۆرینەی خەڵکی کوردستان موسڵمانن، بەڵام ئەو هەوڵانەی بۆ رادیکاڵکردنیان دراوە، سەرکەوتوو نەبوونە و کەلتوور و رەفتاری لێبووردەیی و پێکەوەژیان لە نێوان ئایینە جیاوازەکاندا زاڵتر بووە**

**سەقامگیریی ئەمنی و سیاسیی هەرێمی کوردستان تەنانەت لە گەرمەی جەنگی دژی داعشدا جێگەی پێزانینی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە**

**هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو ناوچانەی رۆژهەڵاتی ناڤین کە کەلتووری فرە نەتەوەیی و فرەئایینی تیایدا لە گەشەسەندندایە و دەبێت کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەتایبەتی یەکێتیی ئەوروپا رۆڵی زیاتر ببینن بۆ پشتگیریکردنی ئەو پێشکەوتنانەی لە هەرێم هەیە**



**پرۆفیسۆر ئەحمەد مەجیدیار بەڕێوەبەری پرۆژەی چاودێریکردنی ئێرانە لە ئامۆژگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بڕوانامەی ماستەری لە رۆژنامەگەری لە زانکۆی وێستمینستەر بەدەست هێناوە، هەروەها بڕوانامەی دیپلۆمی لە بواری کاروباری نێودەوڵەتیدا هەیە، شارەزای چەند بوارێکی گرنگە، وەك تیرۆریزم و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم، تایفەگەری نێوان شیعە و سوننە، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. هەروەها شارەزای کاروباری وڵاتانی ئێران و ئەفغانستان و پاکستانە. بۆ قسەکردن لەسەر کاریگەرییەکانی گەڕی نوێی سزاکانی ئەمریکا لە دژی ئێران و چەندی پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا.**

*** ئاشکرایە ئەمریکا لە چوارچێوەی هەڵمەتی فشارخستنەسەر ئێراندا گەڕی دووەمی سزاکانی بەسەر ئەو وڵاتەدا سەپاندۆتەوە، کە کەرتی نەوتی کردۆتە ئامانج، ئێوە چۆن لە ئاکام و دەرهاویشتەکانی ئەم سزایانە دەڕوانن؟**

- روونە کە ئەو سزایانەی بەسەر ئێراندا سەپێندراون بە رادەیەکی گەورە کاریگەرییان لەسەر ئابووریی ئەو وڵاتە هەبووە، ئەوەتا بەهای دراوی ئێرانی بە ئاستێکی گەورە دابەزیوە، واتە نیوەی بەهاکەی لەدەست داوە، هەروەها ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتیش بە ئەندازەیەکی زۆر دابەزیوە. گەڕی ئەم جارەی سزاکانیش پتر کاریگەریی خراپیان دەبێت لەسەر ئابووریی ئێران، لەبەر ئەوەی بانکی مەرکەزیی ئێران و کەرتی نەوتی ئەو وڵاتەی کردۆتە ئامانج. تەنانەت پێش ئەم سزایانەش کۆمپانیا و بانکە ئەوروپییەکان چالاکییەکانی خۆیان سنووردار کردووە لە ئێراندا، یان بە تەواوەتی لە بازاڕی ئێران کشاونەتەوە. راستە حکومەتەکانی وڵاتانی ئەوروپا هانی کۆمپانیاکانیان دەدەن، بەڵام لە کۆتاییدا ئەو کۆمپانیایانە بڕیاری خۆیان دەدەن، چونکە دەیانەوێت خۆیان لە سزاکانی ئەمریکا لابدەن، یان خوازیاری ئەوەن پشکیان لە بازاڕی ئەمریکادا لە دەست نەدەن لە پێناوی بازاڕێکی بچووکتردا، کە بازاڕی ئێرانە.

*** ئەمریکا رایگەیاندووە کە خوازیاری ئەوەیە هەناردەکردنی نەوتی ئێران بە تەواوەتی رابگرێت، پێتوایە ئەمە کارێکی کردەنییە و ئایا ئێران ناتوانێت رێگایەك بدۆزێتەوە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی ئەم سزایانە؟**

- پێموایە کارێکی واقیعییانە نییە پێشبینی ئەوە بکرێت هەناردەکردنی نەوتی ئێران بە تەواوەتی رابگیرێت، چونکە پێشتریش ئێران رووبەڕووی سزا بۆتەوە و دەزانێت چۆن سنوورداریان بکات و لە رێگەی چەند وڵاتێکی جیاوازەوە نەوتی خۆی بفرۆشێت، بۆ نمونە چین رایگەیاندووە کە بەردەوام دەبێت لە هاوردەکردنی نەوتی ئێران، بە هەمان شێوە هیندستانیش ئەوەی خستۆتەڕوو کە بەردەوام دەبێت لە کڕینی بەشێکی نەوتی ئێران. لەگەڵ ئەوەشدا، بە دڵنیاییەوە هەناردەکردنی نەوتی ئێران سنوودار دەبێت، بەتایبەتی کە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ رایگەیاندوە کە ماوەیەکی دیاریکراو دەبەخشێتە وڵاتانی هاوردەکاری نەوتی ئێران، بۆ ئەوەی دەست لە کڕینی نەوتی ئەو وڵاتە هەڵبگرن. هەموو ئەمانەش بە مانای ئەوە دێت کە دۆخی ئابووریی ئێران خراپتر دەبێت و ئەمەش ناهەمواری ئابووری بە دوای خۆیدا دەهێنێت لە وڵاتەکەدا. هەرچۆنێك بێت، نابێت ئەو راستییەمان لەیاد بچێت کە کێشە ئابوورییەکانی ئێران تەنیا پەیوەست نین بە سزاکانەوە، بەڵکو لە هەمان کاتدا دەرئەنجامی ئیدارەدانی خراپ و گەندەڵییشە. هەروەها دەمەوێت ئەوەش زیاد بکەم کە پلانێکی گشتگیر لەلایەن

دیمانەی تایبەت

**ئەحمەد مەجیدیار**

شارەزای کاروباری ئێران بۆ گوڵان:

# پێشبینی ململانێی توندتر لە نێوان ئێران و ئەمریکا لە ناوچەکەدا دەکەم

حکومەتی ئێرانەوە بەدی ناکەم بۆ بەرەنگاربوونەوە و چارەسەرکردنی دۆخەکە.

*** باشە پێتوایە کاردانەوەی دەسەڵاتدارانی ئێران چی دەبێت لە ئاست ئەم سزایانەدا؟ ئایا باوەڕت وایە ئامادەبن بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکەن لەبارەی گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی نوێ کە گشتگیر و هەمەلایەن بێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە خواستی سەرۆک دۆناڵد ترەمپە، واتە ئومێدی ترەمپ ئەوەیە کە بە زیادکردنی فشارە دیپلۆماسی و ئابوورییەکان سەرکردە ئێرانییەکان ناچار بکات بۆ ئەوەی بێنە سەر مێزی گفتوگۆ تاوەکو ڕێککەوتنێك بکرێت کە نەك تەنیا پرسی ئەتۆمی چارەسەر بکات، بەڵکو ڕۆڵی ئێرانیش لە ناوچەکەدا بگرێتەوە، لەگەڵ پڕۆگرامی مووشەکیی ئەو وڵاتە. واتە دەیانەوێت هەمان ئەو ستراتیژیەتە پیادە بکەن کە لەگەڵ وڵاتی کۆریای باکووردا گرتیانەبەر، بەڵام لە ئێراندا دۆخی ناوخۆی سیاسیی ئەو وڵاتە دەبێتەهۆی ئەوەی زەحمەت بێت بۆ ڕۆحانی کە کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بکات.

*** ئاشکرایە کە وڵاتانی ئەوروپا، بەتایبەتی ئەوانەی واژوویان لەسەر ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە کردووە، هەوڵی ڕزگارکردنی ڕێککەوتنی ئەتۆمییەکە دەدەن، پێتوایە ئەم وڵاتانە بتوانن هیچ ڕۆڵێکی ناوبژیوانی ببینن لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا بۆ گەیشتن بە جۆرێك لە تێگەیشتن، یان ڕێککەوتنێك لە نێوانیاندا؟**

- ڕاستە وڵاتانی ئەوروپا هەوڵی ناوبژیوانی دەدەن لە نێوان ئێران و ئەمریکادا لە ڕێی خستنەڕووی ڕێککەوتنێکی پاشکۆوە کە نیگەرانییەکانی ئەمریکا لەبەرچاو بگرێت، کە نەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە. بەڵام ئەمەش کارێکی سەخت و دژوارە، لەبەر ئەوەی ڕابەری باڵای ئێران بە ڕوونی ڕایگەیاندووە کە نایەوێت گفتوگۆ بکات لەبارەی پێگە و ڕۆڵی ئێران لە ناوچەکەدا. بەڵام ئەگەر کێشە ئابوورییەکانی ئێران بە ئەندازەیەك خراپ بوون کە ببنە هەڕەشە و مەترسی لەسەر وجوودی سیستمی حکومڕانی لە ئێراندا، ئەوا ڕەنگە مرونەتێکی زیاتر لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە بەدی بکەین.

*** هەندێ لە چاودێران باس لەوە دەکەن کە ئەگەر سزا ئابوورییەکان کاریگەری زۆر ئازاربەخشیان لێ بکەوێتەوە، ئەوا ئێرانیش دەستەوەستان نابێت و پەنا دەباتەبەر گرتنەبەری هەندێ ڕێوشوێن کە زیان بە بەرژەوەندی یان هاوپەیمانەکانی ئەمریکا بگەیەنێت لە ناوچەکەدا، لێکدانەوەی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- ڕاستە هەڕەشە هەبووە بۆ لێدانی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە و تەنانەت سەرۆکی ئێرانیش باسی لە ئەگەری داخستنی گەرووی هورمز کرد، کە یەك لەسەر سێی نەوتی

هەناردەکراوی جیهانی پێدا دەگوازرێتەوە، بەڵام لە ئێستادا من نابینم تاران بە رادەیەکی گەورە بارگرژییەکان بەرەو هەڵکشان ببات، بەڵکو پێموایە حکومەتی ئێران هەوڵ دەدات کار لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپیدا بکات بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری سزاکان و هێشتنەوەی رێککەوتنە ئەتۆمییەکە. بەڵام ئەگەر دۆخە ئابوورییەکە خراپتر بێت و سزاکانیش کاریگەری گەورەتریان لێ بکەوێتەوە، ئەوا رەنگە هەڵکشانی بارگرژییەکان لەلایەن ئێران و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا ببینین.

*** ئەی پێتوایە رووسیا- کە لە ماوەی رابردوودا لەگەڵ ئێراندا لە نزیکەوە کاری کردووە، بەتایبەتی لە سووریا- بتوانێت هیچ رۆڵێکی هەبێت بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا؟**

- رووسیا هەوڵی داوە کار لەگەڵ ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپدا بکات و کۆششی کردووە بۆ خاوکردنەوە و کەمکردنەوەی گرژییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی ئەمریکا و ئێران، بەڵام ئەو هەوڵ و کۆششانەی رووسیا بێهوودە بوون، چونکە جیاوازی بەرژەوەندی و سیاسەتەکانی نێوان تاران و واشنتۆن قووڵن و ناتوانرێت لە رێی ناوبژیوانی رووسیاوە چارەسەر بکرێن. لەگەڵ ئەوەشدا پێموایە رووسیا بەردەوام دەبێت لە هەوڵەکانی بۆ خاوکردنەوەی ئەو گرژییانە بەتایبەتی کاتێك کە کاریگەرییان لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆی دەبێت.

*** ئەی تا چەند هاوڕایت لەگەڵ ئەو لێکدانەوەو شرۆڤەکارییەدا کە دەڵێت ئەم سزایانە کاریگەریی پێچەوانەیان لێدەکەوێتەوە و تەنیا دەبێتەهۆی ئەوەی ئێران پێداگیرتر بێت لەسەر هەڵوێستەکانی و زەحمەتتر سازش بکات؟**

- ئەوە راستە کە دەتوانیت ئاماژە بەوە بکەیت کە رەنگە کەسایەتییە سەختگیرەکان و سوپای پاسدارانی ئێران هەوڵی کەڵکوەرگرتن لە دۆخەکە بدەن و تەنانەت بۆی هەیە سوپای پاسداران زیاتر پەرە بە رۆڵی خۆی بدات لە ئابووریی ئێراندا، کەواتە بەڵێ بە دڵنیاییەوە ئەمە یەکێکە لە ئەگەرەکان.

*** ئەی پێتوایە باشترین رێگاچارە کە ئەمریکا بیگرێتەبەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئێراندا چییە کە دەرئەنجامی خوازراوی لێبکەوێتەوە، نەك دەرئەنجامی پێچەوانەی بەدوادا بێت؟**

- بۆ ئەوەی سزاکان کاریگەری مانادارییان لێ بکەوێتەوە و ئێران ناچاربکەن کە نەك تەنیا گفتوگۆ لەبارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەیەوە بکات، بەڵکو گفتوگۆ لەبارەی پشتیوانیکردنی بۆ چەندین گرووپ لە ناوچەکە و پرۆگرامە مووشەکییەکەشی بکات، ئەوەیە کە دەبێت ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا کاربکات، هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا و لەوەش گرنگتر لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپادا، چونکە کاریگەریی سزا ئابووریەکانی زۆر زیاتر دەبێت، کاتێك کۆدەنگییەکی نێودەوڵەتی یان چوارچێوەیەکی نێودەوڵەتی هەبێت، چونکە راستە سزا ئابوورییە تاکلایەنەکان کاریگەرییان دەبێت، بەڵام نابنەهۆی ئەوەی دووبارە ئێران بگەڕێتەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ.

*** بە شێوەیەکی گشتی چۆن لەم رێگاچارە تاکلایەنەی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ دەڕوانیت لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەم شێوازی سیاسەتەکردنە بۆتە هۆی دوورخستنەوەی هەندێ لە هاوپەیمانە نزیکەکانی ئەمریکا لە ئەوروپا، چونکە ئەوروپا خوازیاری هێشتنەوەی رێککەوتنە ئەتۆمییەکەیە لەگەڵ ئێراندا، واتە راستە ئەوانیش هاوڕان لەگەڵ ئەمریکا لەبارەی چالاکییەکانی ئێران لە ناوچەکە و پرۆگرامی مووشەکیی ئێران، بەڵام دەیانەوێت بە جیا مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسانەدا بکرێت. کە تارانیش دەیەوێت سوود لەم کەلێنەی نێوان واشنتۆن و ئەوروپا وەربگرێت بۆ ئەوەی ئەوروپییەکان لایەنگری ئێران بکەن لەم پرسەدا، کەواتە مەسەلەکە بۆ ئەمریکا ئەوەیە چ کارێك بکات بۆ ئەوەی ئەوروپییەکان هاوهەڵوێست بن لەگەڵ سیاسەتەکانیدا.

*** لە کۆتاییدا دەمانەوێت بزانین چۆن لە ئایندەی پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا دەڕوانیت؟ ئایا پێشبینی بەرەنگاربوونەوەی زیاتری نێوان ئەم دوو وڵاتە دەکەیت، یاخود پێتوایە دەرفەتی لێك نزیکبوونەوە لە نێوانیاندا هەیە؟**

- لە راستیدا من بەرەنگاربونەوەی زیاتر نەك هاوکاری زیاتر بەدی دەکەم لە نێوان ئەم دوو وڵاتە لە ئایندەیەکی نزیکدا، چونکە بە دڵنیاییەوە دووبارە سەپاندنەوەی سزاکان بارگرژییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتەی زیاتر کردووە. هەروەها ئێمە دەزانین لە ئێستادا کە داعش لە رووی سەربازییەوە تێکشێندراوە، کە دوژمنی هاوبەشی ئێران و ئەمریکا بوو، بوارێکی کەمتر ماوەتەوە بۆ هاوکاریی نێوان ئەم دوو وڵاتە، کەواتە پێشبینی هەڵکشانی زیاتر و ململانێی توندتر دەکەم لە نێوان ئێران و ئەمریکا لە ناوچەکەدا.



دیمانەی تایبەت

## هۆشەنگ شەهابی

پرۆفیسۆری مێژوو و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ گوڵان:

# دەوڵەتانی ئەوروپی ناتوانن لەسەر سزاکانی ئێران دژایەتیی ئەمریکا بکەن

هۆشەنگ شەهابی پرۆفیسۆری مێژوو و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی بۆستن، هەروەها توێژەرە لە سکووڵی فریدریك ئێس، پاردی بۆ دیراساتی جیهانی لە هەمان زانکۆ، پێشتر لە چەند زانکۆیەکی بە ناوبانگ وانەی وتووەتەوە، وەك زانکۆکانی هارڤارد، سانت ئەندرۆز، کالیفۆرنیا (لۆس ئەنجەلوس)، خاوەنی چەندین پەرتووك و توێژینەوە لە بارەی مێژوو و سیاسەتی وڵاتی ئێران، تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك مێژووی کەلتووری و سیاسەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شیعەگەرایی و یاسای نێودەوڵەتی. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵ تاوتوێ کرد لەبارەی بارودۆخی ئێستای کاروبارە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و پرسی سەپاندنەوەی سزاکان لەلایەن ئەمریکاوە بە سەر ئێراندا.

*** سەرەتا چۆن لە سیاسەتی دەرەکیی تاکلایەنەی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا لە ئاست جیهان بەگشتی و لە بەرامبەر ناوچەیەکی گرنگی وەك رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی دەڕوانیت؟**

- ئەم ئیدارەیە بە رادەیەکی زۆر ناسیۆنالیستییە و باوەڕی بە کاری هەمەلایەنە نییە و پتر تەرکیز لەسەر ناوخۆی وڵاتەکە دەکات و لە راستیدا تەنیا هاوپەیمانێکی ئەم ئیدارەیە کە مابێتەوە، سعودیە و ئیسرائیلن.

*** واتە سیاسەتی دەرەکیی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بۆتە هۆی لاوازکردن و تێکدانی هاوپەیمانێتییەکان و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان؟**

- دەتوانین بڵێین تا رادەیەکی زۆر ئەم دەرئەنجامەی لێکەوتۆتەوە. دەکرێت بەڵگەی ئەمە لەو زیانەدا بەدی بکەین کە بەر وەزارەتی دەرەوە کەوتووە، وەزارەتی دەرەوە کە ئامرازی پەیوەندیکردنی ئەمریکابە بە جیهانەوە، لەلایەن ئیدارەی ترەمپەوە لاواز کراوە و تا ئێستاش چەندین پۆستی باڵیۆزەکان بە بەتاڵی ماونەتەوە. کەواتە ئیرادەیەکی کەمتر هەیە بۆ پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ وڵاتانی دیکە و ئەنجامدانی سازش، و لە بنەڕەتدا خواستی ئەوەی هەیە ئیرادەی خۆی بەسەر هەموو لایەکدا بسەپێنێت.

وەزارەتی دەرەوە کە ئامرازی پەیوەندیکردنی ئەمریکابە بە جیهانەوە، لەلایەن ئیدارەی ترەمپەوە لاواز کراوە و تا ئێستاش چەندین پۆستی باڵیۆزەکان بە بەتاڵی ماونەتەوە

*** لەو باوەڕەدایت ئەم سیاسەتەی ئەمریکا ببێتە هۆی گرتنەبەری هەنگاوی پێچەوانە لەلایەن هێزە جیهانییەکانی دیکەوە، وەك رووسیا و چین؟ ئایا دووبارە پێ دەنێینە نێو رۆژگاری ململانێی هێزە جیهانییە گەورەکان؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمە راستە، بەڵام پێموایە رووسیا رۆڵێکی کەمتری هەیە بە بەراورد بە چین، واتە ئێمە بەرەو جیهانێك دەڕۆین کە چین دەبێتە هێزێکی هەڵکشاو لە بەرامبەر ئەمریکا وەك سوپەرپاوەرێك و لەو باوەڕەدام رووسیا دەبێتە هاوپەیمانی چین.

ئێمە بەرەو جیهانێک دەڕۆین کە چین دەبێتە هێزێکی هەڵکشاو لە بەرامبەر ئەمریکا وەک سوپەرپاوەرێک و لەو باوەڕەدام رووسیا دەبێتە هاوپەیمانی چین

*** ئەی باشە چۆن لە ئایندەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، یان سیستمی جیهانی دەڕوانیت لە روانگەی ئەگەری گەڕانەوەی ململانێی هێزە گەورەکاندا؟**

- پێموایە پێ دەنێینە نێو شەڕێکی ساردەوە لە نێوان ئەمریکا و چیندا کە تێیدا وڵاتانی دیکە تووشی گیروگرفت دەبنەوە لە رێکخستنەوەی پێگەی خۆیاندا.

*** ئێمە دەزانین ئیدارەی ئێستای ئەمریکا زۆر پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی سزا و فشارە ئابووری و بازرگانییەکان وەك ئامرازێك بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم شێوازی ئەنجامدانی سیاسەتی دەرەوە چەند سەرکەوتوو دەبێت؟**

- بە زۆری سەرکەوتوو نابن، ئێوە بڕواننە وڵاتی کوبا، کە ئێمە دەزانین لە دوای شۆڕشی کۆمۆنیستییەوە- لە ساڵی ١٩٥٨- سزای ئابووری بەسەر ئەو وڵاتەدا سەپێندراوەو هێشتا کۆمۆنیزم لەو وڵاتەدا ماوە. کەواتە سزاکان ئازار بەو کەسانە دەگەیەنن کە دەبوو ئازاریان پێ نەگەیەنن و کەسانی حکومڕانیش بەردەوام لە دۆخ و گوزەرانێکی باشدا دەبن. لەم روانگەیەوە باوەڕم وایە زۆربەی سزا ئابوورییەکان کارا نابن و تەنیا ئەو کاتە کاریگەرییان دەبێت کە لایەنێکی دیاریکراو بکەنە ئامانج، بۆ نموونە سزاکانی سەر ئێران ئەو کاتە کاریگەرییان دەبێت کە سوپای پاسدارانی ئەو وڵاتە بە دیاریکراوی بکاتە ئامانج. بەڵام ئەگەر سزاکان بۆ سەر ئێران گشتگیر بن، ئەوا ئەمە کاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر کەرتی تایبەتی ئێران و لەسەر بەکاربەری ئێرانی.

*** ئاماژەت بە سەپاندنەوەی سزاکانی ئەمریکا بەسەر ئێراندا کرد، کە ئاشکرایە ئەمریکا گەڕی دووەمی سزاکانی بەسەر ئێراندا سەپاندۆتەوە، هەڵسەنگاندنی ئێوە چییە بۆ ئەم هەنگاوانەی ئەمریکا و ئایا ئاکامەکانی سەپاندنەوەی ئەم سزایانە چین؟**

- بە دڵنیاییەوە ئاکامەکانی بۆ ئێران زۆر سلبین، چونکە زۆرێك لە وڵاتانی وەك کۆریای باشوور، هیندستان و وڵاتانی ئەورووپا دەست لە چالاکییە ئابوورییەکانیان لەئێران و کڕینی نەوتی ئێران هەڵدەگرن، لە دەرئەنجامدا دۆخی ئێران تەنیا بەرەو خراپتر دەچێت.

*** هەروەك ئاماژەتان پێکرد، ئەم سزایانە زۆر کاریگەریان دەبێت و رەنگدانەوەی نەرێنییان لەسەر ئێران دەبێت، پێتانوایە لەسەر ئاستی ناوخۆ کاریگەری ئەم سزایانە چ دەرهاویشتەیەکیان لێدەکەوێتەوە؟**

- بێگومان بێکاری لێ دەکەوێتەوە، هەروەها رێژەی ئەو بێکارییەش هەڵدەکشێت و نرخی هەموو شتێك گران دەبێت، بەو پێیە هەڵاوسانی نرخیش

هەڵدەکشێت، واتە سزاکانی ئەمریکا کاریگەریی زیانبەخشی لەسەر چینی ناوەڕاست و چینەکانی خوارەوەی ئێران دەبێت، ئەو خۆپیشاندانانەش کە لە ماوەی یەك دوو ساڵی رابردوودا بینیمان، پێموایە بەردەوام بن و رەنگە خراپتریش بن.

*** ئەی پێتوایە لەسەر ئاستی دەرەکی کاریگەریی ئەم سزایانە چی دەبن؟ مەبەستمان ئەوەیە ئایا حکومەتی ئێران دووبارە دەگەڕێتەوە سەر مێزی گفتوگۆ و ئایا ئەگەری ئەوە هەیە رێککەوتنێکی دیکەی هەمەلایەن لەگەڵ ئەمریکادا واژوو بکات؟**

- من گومانم هەیە لەم رووەوە، چونکە جڵەوی کاروبارەکان لە ئێراندا بەدەست کەسایەتییە سەختگیرەکانەوەیە و پێموانییە لە دۆخێکدا بن کە سازش بکەن، هەروەها رابەری باڵاش هەمان ئەو دەسەڵاتەی نییە کە ئایەتوڵا خومەینی هەیبوو، کە ئایەتوڵا خومەینی رایگەیاند قبووڵکردنی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی عێراقەوە بۆ ئەو ئازاربەخشە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناچار بوو، قبووڵی بکات و تەنانەت بە خواردنەوەی پەرداخێك ژەهری شوبهاند. بەڵام پێموانییە رابەری ئێستای ئێران هەمان ئەم دەسەڵاتەی هەبێت، لەم روانگەیەشەوە پێشبینی ناکەم سازش بکەن و ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی بڵێین ئەگەری ناکۆکیی چەکداریش لەئارادایە.

*** ئەی پێتوانییە وڵاتە ئەوروپییەکان بتوانن رۆڵی ناوبژیوانی لە نێوان ئێران و ئەمریکا ببینن بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکان و بۆ سازکردنی زەمینەی گفتوگۆ لە نێوانیاندا؟**

- نەخێر، چونکە ئیدارەی ئێستای ئەمریکا هیچ رێزێك لە حکومەتە ئەوروپییەکان نانێت و رەنگە ئیدارەی ئەمریکا مشتومڕی ئەوە بکات کە حکومەتە ئەوروپییەکان پەیوەندیدار نین بەم پرسەوە.

*** ئەی پێتوایە پێداگریی ئەمریکا لەسەر سەپاندنەوەی سزاکان بەسەر ئێران بە بێ لەبەرچاوگرتنی هەڵوێستی وڵاتە ئەوروپییەکان لە کۆتاییدا ببێتەهۆی دروستبوونی گرژی و ناکۆکی لە نێوان ئەمریکا و ئەوروپادا؟**

- نەخێر، لەبەر ئەوەی پێموانییە وڵاتانی ئەوروپا ئامادە بن بەرەنگاری ئەمریکا ببنەوە لە پێناو بوونی پەیوەندییەکی باشتر لەگەڵ ئێراندا، واتە ئەگەر وڵاتە ئەوروپییەکان ناچار بن لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا یەکێکیان هەڵبژێرن، ئەوا بژارەکەیان ئەمریکا دەبێت.

*** ئێمە دەزانین هەندێ وڵاتی گرنگی وەك چین رایانگەیاندووە کە ئەوان پشتیوانی لە سەپاندنی سزای تاکلایەنانەی ئەمریکا بەسەر ئێراندا ناکەن، پێتوایە ئەمە ببێتەهۆی کەمکردنەوەی کاریگەریی ئەو سزایانە و سووککردنی کێشە ئابوورییەکانی ئێران؟**

- بەڵێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێران باجێکی گەورە دەدات، هەمان شت بۆ رووسیاش راستە، واتە رووسیا دەبێتە هاوپەیمانی سەرەکیی ئێران. من باوەڕم وایە سزاکان ئێران ناچار دەکەن و دەیخەنە دۆخێکەوە کە ببێتە پاشکۆی دەوڵەتی رووسیا.

*** باشە ئەمە نابێتەهۆی ئەوەی رووسیا لە پێگەیەکدا بێت کە رۆڵ ببینێت بۆ نزیککردنەوەی ئێران و ئەمریکا و بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵیاندا؟**

- لە راستیدا من نازانم چ لایەنێك دەتوانێت ئەمە بکات، چونکە لە ئێستادا ئەمریکا هەڵوێستەکانی لە ئاست رووسیادا خستۆتە باری دژایەتییەوە بە کشانەوەی لە رێککەوتنی پەیوەست بە مووشەکە ئەتۆمییەکان، هەروەها پەیوەندییەکانی لەگەڵ چیندا ژەهراوییە. کەوابێت نازانین چ وڵاتێك ماوە بۆ ئەوەی رۆڵێکی باش ببینێت لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا، رەنگە عومان بتوانێت ئەم رۆڵە ببینێت، لەگەڵ ئەوەشدا پێموانییە ئیدارەی ئێستای ئەمریکا خوازیاری ئەوە بێت هیچ جۆرە گفتوگۆیەك لەگەڵ ئێراندا ئەنجام بدات.

*** ئەی پێتواییە ئەم سزایانەی ئەمریکا بەسەر ئێراندا هیچ کاریگەرییەکییان دەبێت لەسەر کەمکردنەوە و سنووردارکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە وڵاتانی ناوچەکەدا؟**

- بەڵێ، بۆی هەیە، واتە دەبێتە هۆی ئەوەی ئێران باجێکی زۆر بدات لە بەرامبەر ئەو دەستڕۆیشتوویيەی ئێراندا، چونکە تێوەگلانی ئێران لە عێراق و سووریا و لوبناندا داهاتی دەوێت، کەوابێت ئەگەر دۆخی سووریا بەرەو جۆرێك لە سەقامگیری بچێت، کە پێدەچێت ئێستا ئەمە روو بدات، ئەوا لەو باوەڕەدام ئێران هەندێ لە پشتیوانییەکانی بۆ ئەو وڵاتە کەم دەکاتەوە.

**سزاکانی سەر ئێران ئەو کاتە کاریگەرییان دەبێت کە سوپای پاسدارانی ئەو وڵاتە بە دیاریکراوی بکاتە ئامانج. بەڵام ئەگەر سزاکان بۆ سەر ئێران گشتگیر بن، ئەوا ئەمە کاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر کەرتی تایبەتی ئێران و لەسەر بەکاربەری ئێرانی**

**سزاکانی ئەمریکا کاریگەریی زیانبەخشیان لەسەر چینی ناوەڕاست و چینەکانی خوارەوەی ئێران دەبێت، ئەو خۆپیشاندانانەش کە لە ماوەی یەک دوو ساڵی رابردوودا بینیمان، پێموایە بەردەوام بن و رەنگە خراپتریش بن**

# کێشەکانی میدیا لە هەرێم

## بەشی حەوتەم

### پشتبەستن بە بەرهەمی بیانی و نەبوونی بەرهەمی خۆماڵیی میدیایی

# فرەیی کەناڵ و خاڵی لە بەرهەم و ناوەرۆکی خۆماڵی

Media dependency - یەکێکە لە بیرۆکە ئەمریکییەکان کە بۆ پشتبەستنی وڵاتان بە کەلتوور و دواتریش کاڵا و بەرهەمە بازرگانییەکان و لەوێشەوە بە پشتبەستنی ئابووری دروست دەبێت. ئەمریکا دوای بردنەوەی جەنگی دووەمی جیهانی خاوەنی پردێکی بەهێزی بەستنەوە بوو بە وڵاتانی جیهان و لە هەمان کاتدا خاوەنی بەرهەمێکی زۆری پیشەسازی و تەکنەلۆژیا بوو. لەهەمان کاتدا دەیزانی سەردەمی شەڕی کاولکاری و وێرانکردن و داگیرکردن بە زەبری هێز و سەربازی بەرەو نەمان دەچێت، چۆن بتوانێت دەستی زلهێزی بەسەر وڵاتانەوە بمێنێت، بیرۆکەی (ئیمپریالیزمی کەلتوور، یان ئیمپریالیزمی ئەلەکترۆنی و ئیمپریالیزمی میدیایی)داهێنا، تاکو بتوانێت زیهن و مێشکی تاکەکانی جیهان ئاراستە بکات لە ڕێگەی بەرهەمە میدیاییەکانەوە، کەلتووری بەکارهێنانی بەرهەمە پیشەسازی و تەکنەلۆژیاکانیان تێدا بچێنێت، ئەوکات پشتبەستنی ئابوورییان لا دروست بکات. ئەگەرچی ئەم پشتبەستنە چۆن دروست دەبێت، قسەی زۆر و لێکدانەوەی زۆری دەوێت، بەڵام ئەوەی مەبەستی منە لەم نووسینەدا ئەوەیە کە شتێك لەسەر ئاستی پشتبەستنی هەرێمی کوردستان بە بەرهەمە میدیاییە بیانییەکان و ڕێگەچارە بخەمەڕوو.

وڵاتانی پێشکەوتوو پشتبەستنی میدیایی لە پشتبەستنی ئابووری بە کەمتر نابینن، چونکە سەرەڕای ئەوەی دواجار پشتبەستنی ئابوورییان هەر بۆ دروست دەکات، مەسەلەی سڕینەوەو نەمانی ناسنامەی تاك و کەلتوور و فەرهەنگی نەتەوە دروست دەبێت. بەرهەمی میدیایی تەنیا بریتی نییە لە هەواڵ، یان بەرنامە گفتوگۆییەکان، ئەگەرچی لەوانەشدا ئێمە تەقلیدیین، یان وەرگری زانیاری و دیزاینی بیانین، بەڵکو ئەو بابەتانەیە کە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە پەروەردەی تاك و دروستکردنی ناسنامە بۆی و ئەمڕۆ وەك ئامرازێکی سەرەکی بۆ گەشە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە بەکار دێت، کە بریتین لە فیلم و درامای درێژخایەن و دۆبلاژکراوەکان کە وڵاتانی بەرهەمهێن بەرهەمی دێنن و ئاراستەیان دەکەن بۆ ئەو ناوچانەی مەبەستیانە گۆڕانکاریی کەلتووری و فەرهەنگی تێدا دروست بکەن. لەهەمان کاتدا کارتۆن و بەرهەمەکانی منداڵان کە سەرەتای قۆناغی پەروەردەی منداڵە، چاوی بەو بەرهەمانە هەڵدێت و ڕۆڵی دەبێت لە دروستکردنی کەسایەتی. بەرهەمە هونەری و میوزیکی و بەزمەساتەکانیش بە هەمان شێوە کە کەمترین ئاستی بەرهەمهێنانی ناوخۆییمان هەیە. مەترسیی ئەم



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

پشتبەستنە لای هەندیك وڵات ئەوەندە بە هەند وەرگیراوە، نەك هاوردەکردنی بەرهەمی بیانی میدیای لای مەترسییە، بەڵکو ئەو بەرهەمە میدیاییە ناوخۆییانەش کە لە ناوخۆدا بەرهەم دێن و دیزاین و شێوازی لەسەر شێوازی بیانی بێت و تیمی بیانی، یان کۆمپانییەکی بیانی بەرهەمی بهێنێت، هەر ئەژماری بەرهەمی بیانی بۆ دەکەن. ئەمە بابەتی سەرەکیی زۆرێك لە توێژینەوە و کۆنفرانس و دیبەیتە جیهانی و میدیاییەکانە لە جیهاندا.

وڵاتانی پێشکەوتووی خەمخۆر بۆ پاراستنی ناسنامە و کەلتوور بەردەوام چاودێری ئەو رێژە بەرهەمە بیانییانە دەکەن کە دێتە وڵاتەکەیان و هەوڵی کەمکردنەوەی دەدەن. هەندیك لەو وڵاتانەی کە توانای بەرهەمهێنانی بەرهەمی میدیاییان نییە، هەوڵدەدەن بەرهەمێك هاوردە بکەن نزیك بێت لە کەلتوور و فەرهەنگی خۆیان. بەداخەوە قسەکردن و خەمخواردن لەم مەسەلەیە هێشتا نەبووەتە باسێکی میدیا و کۆڕ و کۆبوونەوە و دیبەیتەکانی ئێمە. لە کاتێکدا رێژەی پشتبەستنمان لەئاستێکدایە کە کەلتوور و فەرهەنگ و هونەر و ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی و...هتد تاکەکانی ئەم کۆمەڵگە نەك بەرەو سڕینەوە دەچێت، بەڵکو هەر تاقمێکمان هەڵگری ناسنامە و فەرهەنگی ئەو میدیایەن کە بەکاری دەهێنین، ئەویش بە هۆی فرەیی کەناڵ و خاڵی لە ناوەڕۆکی خۆماڵییە.

**مەترسییەکانی ئەم پشتبەستنە**

**١**-سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی، فەرهەنگی، کەلتووری و ئایینیمان.

**٢**-دابەشبوونی وەرگر، هەریەکەو بەپێی کەناڵیك کە سەیری دەکات و دواجار بەرەو دابڕان و نەمانی لێکتێگەیشتن و نەمانی پێکەوەژیان و گەشەدان بە توندوتیژیی کۆمەڵایەتی.

**٣**-بەکاربەری میدیای بیانی ئاستی بەکاربەری کاڵای بیانیمان زیاد دەکات.

**چارەسەر**

**١** -رێکخستنی میدیایی بە یاسای گشتیی راگەیاندن و دانانی رێچکە و یاسا بۆ کارکردنی هەر کەناڵێکی میدیایی و بەرپرسیاریەتی بەرامبەر خاك و کەلتوور و نیشتمان و ئەو بەرهەمانەی کە هاوردەی دەکات، دەبێت وڵات رێوشوێنێکی یاسایی بۆ دابنێت.

**٢**-تەرخانکردنی بودجەیەك بۆ بەرهەمهینانی بەرهەمی ناوخۆیی میدیایی.

**٣** -بوونی میدیایەکی نیشتمانیی ناوخۆیی بە بەرهەمی ناوخۆیی کوردی تاکو رێژەیەکی باش وەرگری بەرهەمە بیانییەکان کەم بکاتەوە.

# سەرنجێک لە ڕۆنی بەکارهاتوو، ئاوی ژێر زەوی، پاڵاوگەکان

زۆرن ئەو کێشەو ئاریشە ژینگەییانەی کە زیانی گەورە لە دەرامەتە سرووشتییەکان دەدەن، باسی هەندێکیمان لە پێشتردا کردووە، ئێستاش تیشك دەخەینە سەر ئەم سێ کێشەیە بە کورتی، بە ئومێدی چارەسەرکردنیان:

یەکەم: ڕۆنی بەکارهاتووی ئۆتۆمبێل

ڕۆنی فڕێدراو و بەکارهاتووی ئۆتۆمبێل بەشێوەی سەرەتایی زیانی زۆری هەیە، چونکە ڕۆنی بەکارهاتوو لە (ماڵتی ڤیسکۆسیتی) یەوە دەگۆڕێت بۆ (مۆنۆ ڤیسکۆسیتی)، لەو زیانانەش:

١- دروستکردنی گرێ لە ڕێڕەوی ڕۆن گواستنەوەدا و راوەستانی ئۆتۆمبێل.

٢- زیانی دارایی بۆ خاوەنی ئۆتۆمبێل.

٣- پیسکردنی ئاو و زەوی کشتوکاڵی.

٤- پیسکردن و قورسکردنی ئاوی ئاوەڕۆکان.

٥- فرۆشتنی بەخاوەن فرنی سەموون، کە دەبێتە زیانگەیاندن بە تەندروستی مرۆڤ.

٦- لەکاتی گەرمبوونیدا هەڵمەکەی زیان بە کۆئەندامی هەناسە دەگەیەنێت.

٧- تێکەڵ بە ئاوی ژێر زەوی دەبێت و زیان بە سامانی ئاوی یەدەك دەگەیەنێت.

٨- لەکاتی بەکارهێنانی لە باخەکاندا، دەکەوێتە سەر میوەو سەوزە و زیانی بۆ کۆئەندامی هەرس هەیە.

٩- لەکاتی ڕشاندنی بەسەر زەویدا زۆرێك لە مایکرۆ زیندەوەرە سوودبەخشەکان دەکوژێت.

١٠- لەکاتی بەرکەوتنی لەگەڵ گەڵای درەختەکاندا، گەشەی ڕووەك و درەختەکان رادەگرێت.

١١- لەکاتی ڕۆکردنی بۆ نێو ئاوی ڕووبارەکاندا، چینێکی بەربەست لەسەر ڕووی ئاوەکە دروست دەکات و ناهێڵێت ئۆکسجین بگاتە زیندەوەرەکانی نێو ئاوەکە، بەمەش زیندەوەرەکان لەناو دەچن.

١٢- چالاکیی بەکتریای ناهەوایی زیاد دەکات، بەمەش ئاو پیس دەکات.

**چارەسەری پێشنیازکراو:**

١- زیادکردنی هۆشیاریی ژینگەیی لەبارەی ئاسەوارەکانی ڕۆنی بەکارهاتوو، چونکە یەك مەتر سێجا لە ڕۆنی بەکارهاتوو توانای پیسکردنی (٢١) مەتر سێجای لە ئاو هەیە. هەروەها یەك تۆن لە ئارد بۆ ئەوەی بکرێتە نان پێویستیی بە (١٠٧) لیتر لە گاز و (٨٠٠) لیتر لە ئاو و (٣٠) کیلۆوات لەکارەبا و (١٥) کیلۆگرام لە خوێ و (١٠) کیلۆگرام لە خومرە(هەوێن) هەیە.

٢- کارکردن بەبڕگەی تایبەت بەم باسە لە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگەی کوردستان ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠٠٨).

٣- هاریکاری لەگەڵ دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگەی کوردستان .

٤- هاوردەکردنی ئەزموونی زانستیی وڵاتانی پێشکەوتوو لەم بوارەدا.

٥- دامەزراندنی کارگەی ریسایکلینگ بۆ دووبارە بەکارهێنانی ڕۆنی بەکارهاتوو بە شێوەیەکی زانستی، ئەم کارەش وێڕای پاراستنی ژینگە لە ڕووی دارایی و ئابووریشەوە سوودی هەیە، هەروەها دەبێتە هۆی زیادکردنی هەلی کاریش.

دووەم: ئاوی ژێر زەوی

گرنگە ئەو ڕاستییە بزانین کە : بەهای ئەو ئاوەی کە لە شارێکی وەك هەولێر ساڵانە بە هەدەر دەچێت، دەگاتە ملیۆنەها دۆلار، ئەوەش



**عەبدولڕەحمان سدیق**
بۆ گوڵان دەینووسێت

بزانین کە لەوانەیە ئاوی ژێر زەوی لەدوای (٥٠) ساڵی دیکە بگاتە (سفر).

بۆیە دەڵێین لەداهاتوودا نرخی (ئاو) دەچێتە سەرووتر لە نرخی (نەوت)، چونکە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کۆتایی سەدەی (٢٠)دا پێویستییان بە (دوو) ئەوەندەی ئەو ئاوە بووە کە هەیبووە. لەساڵی (٢٠٢٥)یشدا پێویستی بە(چوار) ئەوەندەی ئەو ئاوە دەبێت کە هەیەتی.

چارەسەر:

١- سوودوەرگرتن لە ئاوی سەر زەوی و رووبارەکان، نەك ئاوی ژێر زەوی.

٢- بونیادنانی بەنداوی مامناوەندی و بچووکی زۆر بۆ کۆکردنەوە گلدانەوەی هەموو ئاوی باران.

٣- گۆڕینی رێڕەوی زۆرێك لە رووبارەکان بۆ زیاتر سوودوەرگرتن.

٤- سەرخستنی ئاوی نێو رووبارە قووڵەکان بۆ ئاستی زەوییە کشتوکاڵییەکان لە رێگەی ترومپا و پەمپی تایبەتەوە.

٥- ناوپۆشکردنی رووبارە لاوەکییەکان بە مادەی تایبەت بۆ ئەوەی ئاو بەفیڕۆ نەچێت.

٦- گۆڕینی شێوازیی کشتوکاڵکردنی دەیمی بۆ کشتوکاڵکردن بە ئاودانی وەك رشاندن و دڵۆپاندن.

٧- پاراستنی ئاوی ژێر زەوی وەك نەوتی یەدەك بۆ ئایندە و کاتی تەنگانە.

٨- قەدەغەکردنی لێدانی بیری سووری و ئیرتیوازی لەلایەن هاووڵاتیانەوە.

٩- دامەزراندن و کاراکردنی ئەنجومەنی باڵای ئاو لە هەرێمی کوردستان.

سێیەم: پاڵاوگە لاوەکییەکانی نەوت

بەپێی لێدوانەکانی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لە پەرلەماندا:

١- دەیان پاڵاوگەی بێ مۆڵەت لە هەرێمدا هەن.

٢- زۆربەی بەرهەمی ئەو پاڵاوگانە نەوتی رەش بووە، هەندێکیشی نەوتی سپی بووە.

٣- چاودێریی تەواو بەسەر ئەو پاڵاوگانەوە نییە.

٤- ئەو پاڵاوگانە دەبنە هۆی پیسبوونی ژینگە بەهۆی پاشماوە شل و گازییەکانەوە، زەوییە کشتوکاڵییەکان و هەواو ئاویش پیس دەکەن.

٥- هەندێك لەو پاڵاوگانە مۆڵەت پێدراون، بەڵام لەبەر ئەوەی بە میکانیزمی کلاسیکیی کۆن کار دەکەن، بۆیە زیانی ژینگەییان هەیە.

**چارەسەر:**

١- دامەزراندنی پاڵاوگەی نوێ بە ژمارەیەکی کەم و بە بەرهەمی گەورە لە بری ئەو هەموو پاڵاوگە زۆر و کۆنانە.

٢-کارکردن بە بڕگەی ٣ لە مادەی ٢٦ی یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان کە رێگە دەدات بە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بۆ پابەندکردنی کۆمپانیاکانی نەوت بە یاساکانی ژینگە و تەندروستییەوە لە کاتی کارکردندا.

٣- زیادکردنی رووبەری سەوزایی لە دەوروبەری پاڵاوگەکاندا.

٤- کاراکردنی بەشی ژینگەپارێزی لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکاندا.

٥- بەشدارپێکردنی زانکۆکانی هەرێم لە دۆزینەوەی رێگەچارەی زانستی بۆ کەمکردنەوەی زیانی پاڵاوگەکان.